کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# کالیگۆلا لە ئاوێنەی ئەمڕۆدا

# کالیگۆلا لە ئاوێنەی ئەمڕۆدا

# Caligula -befor todays mirror-

**نووسینی: زاباو کینا**

**وەرگێڕانی: ڕەوف حەسەن**

(**زاباو کینا**) نووسەرێکی پێشکەوتنخوازی ژاپۆنییە..لە ساڵی **1945** لە شاری (**ئۆساکا**) لە دایکبووە..جگە لە شانۆیی، کورتە چیرۆکو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو زانستیشی هەیە..

بەهۆی نووسینو هەڵوێستەکانییەوە دووچاری دەردەسەری بووە..

ئەم شانۆییە لەلایەن دوو نووسەرەوە (**کیجیما هاجیمیو لاری لڤیس**) لە ژاپۆنییەوە کراوەتە ئینگلیزیو لە زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی پاشکۆی گۆڤاری (**لۆتەس LOTUS**) دا بڵاوکراوەتەوە...کە گۆڤارێکی تایبەت بە نووسەرانی ئاسیاو ئەفریقیایە..ئێمەش لە ئینگلیزییەوە کردوومانەتە کوردی!

# دیمەنی یێکەم

**(چوار ئەکتەر..سێ کوڕو کچێك بە نێو هۆڵو شانۆدا دێنو دەچن لەپڕ)**

1: ئێمە تەنیا چوار ئەکتەرین

2:جاران ئەکتەری ئاسایی بووین

3: هەر دەورێکیان بداینایێ..بەبێ سێودوو دەمانبینی

کچ: تەنیا ئاواتمان ئەوە بوو..دەورەکەمان سەرەکی بێت..کۆمبارس نەبین..ئەوە خەون و خولیامان بوو.

1: ئێستە بەخۆمان زانیوە..چەند گەلۆر بووین!

2: چەند تاوانبار..چەند بێ هەڵوێستو فکر بووین!

3: بەڵێ وابوو..ئەو جارەیان..شانۆگەرییێکمان پێشکەشکرد.. مەبەستەکەی هەر ئەوە بوو بیسەلمێنێت کالیگۆلا بێتاوانە.

هەموو: کالیگۆلا !!؟

3: بەلی..بەڵێ..کالیگۆلا!

2: کەی لای ئێمە کالیگۆلا پێشکەشکراوە؟

کچ: کالیگۆلا هەموو جارێ پێشکەشدەکرێت... شانۆو شیعرو داستان و رۆمانەکان پڕاوپڕی کالیگۆلان.. پاشاو میرو دەسەڵاتداران هەر هەموویان کالیگۆلان..هەر هەموویان لە داوێنی ئەژدەهاکو ئەهریمەنەوە(1) داکەوتوون.

2: من کاتی خۆی ئەو شانۆگەرییەم رەفزکرد..لەبیرتانە..تەنیا منو تۆ (بۆ کچ) رەفزمانکرد.

کچ: چونکە ویستیان بیسەڵمێنن کۆشکو تەلارو دەسەلات لە خزمەتی بێنەواو دڵداراندایە.

1: بەلام هەر من.. لە شانۆگەرییێکی دیکەدا پالەوانی سەرەکی بووم. دوایی زانیم چیم بەخۆمکرد!

3: دوایی زانیت؟! چیت بەخۆتکرد؟

1: شەرمەزارم ! هەر هەموو جەماوەرمان هەڵخەڵەتاند.

کچ: هەموویان نا..چەند کەسێکتان هەڵخەڵەتاند..

1: جەماوەرمان کردە گریان..پێمان وتن: کرێکارو چەوساوەکان بە ناچاری دەکرێنە سەگ..

کچ: راستە زۆر جار بەتۆپزی دەکرێنە سەگ..بە وێنەی سەگیش دەوەڕن.

2: وەو وەو ..وەو وەو

1: پێمان وتن سیستمی کالیگۆلاکان ..هەتا هەتایە نەمرن..ئەمە بیرو مەبەستی شانۆییێکە بوو..من نەمزانی...

2: ئەوەی لە نەزانینەوە خراپە دەکات گەلۆرە*

1: ئاخر ئەوان دەیانزانی, نووسەرو دەرهێنەرو بەرێوەبەر دەیانزانی

کچ: ئەوەی دەزانێتو دەیکات تاوانکارە .*

3: بەلام ئێستاکە دەزانین..ئەو هونەرەی بڕوای تەواومان پێی نەبێت

هەموو: رەفزیدەکەین

2: چونکە ئێمە..ئێستە بیرو رێبازو پەیامی خۆمان هەیە.

1: چونکە خۆمان بەخاوەنی هونەرەکەمان دەزانین

کچ: چونکە لەوە دڵنیابووین..جیاوازی کالیگۆلاکان بەپلەیە..دەنا گشتیان هەر یێك جۆرن.

هەموو: کالیگۆلاکان هەموویان هەر یێك جۆرن.

کچ: هەر یێك جۆرن.

**دیمەنی دووەم**

**هەر چواریان لەسەر شانۆن..هەندێك كەلوپەلیان پێیە..**

**كتێب, پەرداخ و, چاویلكە بەدەستیانەوەیە**

كچ: ئامادەن! هەر چەپڵەیێكم لێدا.. هەریێكە دەچیتە جێی خۆیو دەستپێدەكەین! **(چەپڵەیێك لێدەدات)** دەی!

هەرسێكیان: **(گوێی نادەنێ).**

كچ: ئەوە چیتانە؟! مانتانگرتووە؟! (بۆ: 1) ها؟ مانتگرتووە؟

1: **(بە ساردییێوە)** نا.

كچ: (بۆ:2) ئەی تۆ؟

2: منیش نە

كچ: (بۆ:3) دیارە تۆیش نە ..ئەی بۆ وادەكەن؟ چیبووە؟!

3: ئەی نابینیت كێ لە هۆڵەكە دانیشتووە !

**(بە گوێی كچەدا دەچرپێنێتو ئیشارەت بۆ كەسێكی نێو هۆڵ دەكات)**

2: **بە هەمان دەستووری (3) بەگوێیدا دەچرپێنێو ئیشارەتدەكات)**

1: **(ئەویش هەروەها)**

3: **(بە گۆرانییێوە)**

ئازیز دیارەن وادەی لوامەن ئەلوەدای ئاخر ئەوە نامامەن

دەوڵەتەكەی وەسڵ پانە زەواڵەن جارێوتر دەیدەن باڵات مەحاڵەن(2)

**2,1: (لەگەڵیدا بەیتەكە دەڵێنەوەو پاڵی لێدەدەنەوە.)**

كچ: **(بە ماتەمینییێوە بەهەر سێكیاندا هەڵدەڕوانێت..ڕوودەكاتە بینەران)**

تەنیا كەسێك.. یان چەند كەسێك ئەئاوا ورەمان پێ بەربدات؟! ئەی كوا بیرو كوا هونەرەكەمان؟! كوانێ جورئەت؟! نا نا! مەحاڵە!

**(دەچێتەوە لایان..بە تووڕەییێوە)**

دەی هەستن..ڕاستبنەوە! (بۆ:3) هەستە مالۆس! لەگەڵ تۆمە.

2: **(بە ساردییێوە) ها!** لەگەڵ منتە؟! كچی چاكبە! لێمگەڕێ.

كچ: **(شانی دەگرێت و هەڵیدەسێنێت )** دەڵێم ڕاستبەرەوە....با....

3: **(هێدی هێدی هەڵدەستێت)** من دەمەوێت , لەگەڵ كارەكتەرەكەمدا تەقەمموصبكەم, بچمە نێو دەورەكەمەوە, دەوری **(بە دەنگی بەرز)** كالیگۆلای مەزن! كالیگۆلای پێش ئەژدەهاكو كالیگۆلای دوای سەردەمی..سەردەمی سەندەویچ..ها..ها..ها..

2: **(هەڵدەستێت)** منیش دەمەوێت وەك ئەو لەگەڵ دەورەكەمدا بگونجێم..دەوری دڵدارێكی بەرلە بەكر مەرگەوەڕو دوای..دوای سەردەمی حەبی نەزۆكی..

1: (**وەك ئەوان هەڵدەستێت**) دەی خانم! من نامەوێت بچمە نێو دەورەكەمەوە.. من تاكە دەورێكی راستەقینەم لەگەڵ تۆدا هەیە...من شەیدای چاوانی...

كچ: بەسە..بەس! كاتی ئەوە نییە..ئامادە بن! (**چەپڵەیێك لێدەدات**)

3 :( **بەخۆیو بەكتێبێكەوە بازدەداتە بەردەمی بینەران**)

من جارێ ئامادەنیم, بزانم كەستان دەزانن ئەم كتێبە دەربارەی چییە؟! تۆ..تۆ..تۆ..هەر هەمووتان..كەستان نازانن (**بۆ:1**) تۆیش نازانیت.

1: ئەوە دەربارەی پاراسایكۆلۆژییە

3: ئەی ئافەرین ..نەتزانی

كچ: ئاشكرایە دەربارەی شانۆیە..ئەرستۆ، ستانسلافسكی، برێخت، شێكسپیر، چێخەڤ، ئیپسن، گۆرگی، ئادامۆڤ، پێكێت، گۆگۆڵ، ئارتۆ, كرۆتۆفسكی, سار...

3: (**پێیدەبڕێت**)..نا..نا..نا..نا..**نە ...نە!**

2: (**قومێك لە پەرداخەكەی دەدات**)..دیارە دیوانە شیعرێكی (كوردی)یە(3)

سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من دەپرسن لێت

بڵێ كێشایە مەیخانە، دوو چاوی بێچووە عەییارێ(3)

3: خۆیێتی (**ئیماژە بۆ كچ دەكات**)...ئافەرین.بێچوە عەییار! تۆیش نەتزانی..با پێتان بڵێم..(**بەچرپە**) ئەمە كتێبی بەختو چارەنووسە.. (**دەست بۆ ئەملاوئەولا دێنێت**) بێنە.. دەستت بێنە! دەی پەنجەی شایەتمانت بێنە دەی! ئەوەتا.. ئا بیخەرە سەری.. ئاووەتا.. دە باش گوێبگرە! (**دەخوێنێتەوە**)

ئەی خاوەنی! نیاز خاوەنی ئەم كیتابە دەفەرموێت..بەم زووانە هەواڵێكی خۆ..ناخۆ..خۆش..ناخۆش.. گوێ مەدەرێ خۆشو ناخۆش جیاوازییان نەماوە..بەڵێ.. لە مێژەوە ئازیزێكت بێسەروشوێنە.. تۆیش بەدوایدا عەودالێت.. لەم رۆژانەدا وەك ئەم كیتابەی دەستم.. ئازیزەكەت دەدەنەوە دەستت.. تۆیش لە خۆشیاندا هەقدەستانەو، دەستخۆشانەو بەخشیشیان دەدەیتێ، دوای گەڕانەوەشت بەدزییەوە، لە نزیك گردی سەیوان(4) شاییو زەماوەندی بۆ دەگێڕێت..ئەی خاوەنی نیاز! ئامان سەد ئامان ! ئەم نهێنییە لای كەس نەدركێنیت...ئامان !

(**بە بازێك دەگەڕێتەوە جێی خۆی**)

2: (**بەپەرداخەكەیێوە بازدەداتە بەردەمی شانۆ**) باشە دەزانن ئەم فنجانەی دەستم چی تێدایە؟

كچ: جارێ ئەوە فنجان نییە.. پەرداخەو قوزەڵقورتەكەشی تێدایە.

2: كچم! ئاغربە! وایدانێ فنجانەو.. ئێستە قاوەیێكتان بۆ دەگرمەوە (**دەستی كچە دەگرێو نزیكیدەخاتەوە**) تۆ وەرە ئەها سەیركە ! چ ئاژاوەو رۆژی حەشرێكە! ئەم فنجانە دەڵێت: ئەی خاتوونەكەم بەم زووانە كلیلی بەختت دەكرێتەوەو قفڵی چارەنووست دادەخرێت.. هیچ جیاوازییێك لەنێوان ئەم كلیلو قفڵو چارونووسو بەختو كردنەوەو داخستنانەدا نییە.. خاتوونەكەم! بەم زووانەو لەپڕو, بەبێ مێردو بێ زەماوەند,ماڵئاوایی لەدنیای كچێنیو پاكیزەیی خۆت دەكەیت.

(**دەست بۆ چەند كیژێكی نێو هۆڵەكەش رادەكێشێت**) تۆیش..تۆیش..تۆیش بەلاَم نەكەن ئەم رازە لای كەس بدركێنن (**بە گاڵتەوە**) ئامممممان!

کچ: **(لەولاوەیە لەگەڵ -1-)** دا...تەواو!؟

**(بە گورجی لەگەڵ (1)دا دێنە بەردەم شانۆ..(1) بازدەداتە خوارەوە، کچ لەسەر شانۆیە, هەردووکیان پێکەوە چاویلکەی ڕەش لەچاودەکەن)** من ئەو چاویلکەیە بۆئەوە بەکاردێنم تا نەمناسنەوە.

1: منیش!

کچ: خۆشەویستەکانم! دەستە خوشکەکانم! ئەم ئامۆژگاریەم بکەنە گوارەو بیکەنە گوێتان.. کوڕی ئەم زەمانەیە بێئامانن توخنیان مەکەون!

1: برایان! برادەران! کچی ئەم زەمانەیە بێئامانن توخنیان مەکەون!

کچ: خۆشەویستیو هاوڕێیەتی ڕاست مەحاڵە هەڵنەفریوێن!

1: دڵداریو دۆستایەتی ڕاست مەحاڵە هەڵنەخڵەتێن!

کچ: حەز ناکەم ساویلکەو دڵپاکبن.

1: حەزناکەم لە یێکدی نزیکبنەوە

کچ: بڕواتان بە کەس نەبێت!

1: ڕازی دڵتان لای هیچ کەسێ نەدرکێنن!

کچ: بڕوا بەبرای خۆشتان نەکەن!

1: بڕوا بەخوشکی خۆشتان نەکەن!

کچ: بڕواتان بەباوکتان نەبێت! چونکە دوایی تووشی نەخۆشی دەروونی (ئەلێکترا)یی دەبن

1: بڕواتان بەدایکتان نەبێت، چونکە دوایی تووشی نەخۆشی دەروونی (ئۆدیپۆس) دەبن.

کچ: **(بە چرپە)** بڕواتان بەمێردەکانتان نەبێت.

1: **(بە چرپە)** بڕواتان بە ژنەکانتان نەبێت.

کچ: **(پەنجە بۆ پیاوێکی نێو هۆڵەکە ڕادەکێشێت)** تۆ گەورەم! ئا تۆ.. ئاگاداربە! ئەوەی لای ڕاستەوە دانیشتووە هەوە..هەو!

1: **(پەنجە بۆ ژنێکی نێو هۆڵەکە ڕادەکێشێت)** تۆ خانمەکەم بەڵێ تۆ! ئاگاداربە! ئەوەی لای چەپتەوەیە خۆیێتی.. هەوە.. هەو!

کچ: ئەوەی دوا شتەوە هەر خۆیێتی.. هەوە!

1: ئەوەی پێشیشتەوە هەوە!

کچ: برایان! تەنانەت گومانتان لەمنیش هەبێت

1: خوشکان! تەنانەت لە منیش گومانبکەن

کچ: خۆتان تووشی گێچەڵ مەکەن.

1: خەوش نییە گەر لە کەروێشکیش سڵبکەن.

کچ: خەوش نییە گەر لە کەروێشکیش سڵبکەن.

(لە کاتێکدا کچو -1- ئەم دایەلۆگانە دەڵێن..2و3 لەسەر شانۆو لە پشتیانەوە هەندێ بزووتنەوەی ئەوتۆ دەکەن کە لەچاوبەستو سیحربازی بچێت، لەگەڵ جۆرێك پانتۆمایمی هەڕەشەکردنو گوریس پچڕێنەو بازدان و.. کەوتنو هەڵسانەوەو.. هتد)

**دیمەنی سێیەم**

**هـاوڕێ: (بـە شـادیو بـەدەم سـەماو گۆرانییـوە دێتـەوە نێـو ژوورەکـەی.. هەورەتریـشقە جارجارێـك ژوورەکـە – شانۆ– ڕووناکدەکاتەوە)**

نامەیێکی بۆ ئەنووسم..بۆ دڵ بێ
ئەفسووناوی.. نازدار وەك پەڕەی گوڵ بێ
تك تك عەتری لێ ببارێت..بێگەرد بێ
وەکو شەوبۆ یا مێخەكو سمڵ بێ
چەشنی دالیا, یا مەدالیای سەر یێخەی
نیشانە بێت بۆ ڕازی دڵو ئۆخەی
سترانبێژان بە ستران‌و دڵداران
هەموو بڵێن خوایە ئەو دوانە یێکخەی
نامەیێکی ناسك تەنك وەك شیفۆن
پڕ لە سۆزو پڕ لە ئاوازو پڕ تۆن
دڵی پابەندی دڵو نیازم کات
بسڕێتەوە لە چاوا ئەشکی هۆن هۆن

**(لەگەڵ گۆرانیو سەماکەیدا.. پەڕە کاغەزێك بەدەستەوە دەگرێتو وەك نامە بنووسێت وایە)**

چی بنووسم گوڵە هێرۆ!؟
چی بنووسم خاوەنشکۆ!؟
خاتوونەکەم!
دەستت بێنە! با بیگوشم ترست نەبێت
چونکە ئەمرۆ یێکەم چرۆ
لە باخچەی نووتەکی ژینما گەشاییوە
ترسو خەمێکی بێپایان ڕەواییوە
دەسا وەرەو هیچ سڵمەکە!
با چرۆی ژین بەرلە وادە هەڵنەوەرێ
با ئاسۆی روون هەروا رەش و لێڵو تاریك
هەڵنەگەڕێ..

**(لـەپڕ کارەبـاو رووناکی نامینێـت..هـاوڕی مۆمیـك دادەگیرسـێنێت، هەورەبروسـکە بەردەوامـە، دەرگەکـە دادەخات، دەیەوێت نامەکە بنووسێت)**

نامەنووسین بۆ کیژێك کە تازە دەیناسم.. بۆ نازدارێك.. بۆ خانمێك هەموو گیانی ئەفسوونو نهێنیو شەیتانیەتە, لە جەووێکی شاعیری وادا نەبێت کارێکی ئاسان نییە، باشە چەتیو! بۆ نامەت بۆ بنووسم !؟ بۆ حەزت لەوەیە نامەیێکی منت لا بێ!؟ دەتەوێت تاقیمبکەیتەوە؟! دەتەوێت بزانی ئاخۆ نێچیرێکی نابەڵەدی داوی تۆم.. یاخود قوتابیێکی زرنگوهوشیاری نێو میحرابی ئەڤینتم! ئێ.. بەهەر حاڵ چی تێدایە؟

؟ فەرموون! **(خەریکی نووسینە)**

**ئێی ئازیز!**

کە ئەم نامەیەت پێدەگات زۆر هێمنبە! چون دڵدارانی دی دەستت بەنامەکەوە نەلەرزێتو دڵت نەکەوێتە خورپە، وەك ئێستاکەی من هێمنبە! تەنیامو ئاسمان چەخماخەدەداتو من هێمن.. نە لەنێو جێگەدا گینگڵدەدەم و نەخەوم لێ زڕاوە، دەمەوێ زۆر بەوردی ئەم شتانەت پێبڵێم: بیرت لێدەکەمەوە, تەنیاییکەمت پڕکردۆتەوە, هەست بەتروسکاییێك دەکەم لەتۆوە پێمدەگات و, لەو هەورەبرووسکەیە دەچێت کە ئێستاکە جارجارە ژوورەکەم رووناکدەکاتەوە، ئەئاوایش ژیانم رووناکدەکاتەوە، ئەمە کەم نییە.. بەتایبەتی بۆ ئەم ژیانەی کە سەراپا پەرەوازەییو کۆچو لێکدابڕانو گومانە، بەڵام هێشتا لای من هەر کەمە.. شادومانم کە ئەمە یێکەمین هەنگاوی بەجەرگو بوێرانەمان بوو، ئەمڕۆ.. ئەم ئێوارەیە پێکەوە نامان, کەواتە بۆم هەیە بەشانازییەوە بڵێم: هیرۆخان دەناسم، هێرۆی سەرنجراکێشو وریا، شەیتانێکی نازدارو قەشەنگ, فریشتەیێکی پڕ لە نهێنیو جورئەت.. تا ئێستە بەهەندێك سۆزەوە.. لێکدی نزیکبووینەتەوە.. جارێ نە خۆشەویستیەو نە هاوڕێیێتی تەواو، بەڵام بنچینەیێکی پتەوە بۆ پاشەڕۆژێکی گەش، دیارە ئەم هەنگاوە لای هەردووکمان بەهادارو پیرۆزە.. دەنا داوای نامەت لێ نەدەکردم!

**ئازیز!**

دەمەوێت ئاگاداری ئەو تاڵە ئاوریشمیە باریکانەبین کە پێکمانەوە دەبەستنەوە، بۆئەوە نا نەپچڕێن، بەڵکو بۆئەوەی رۆژ لەدوای رۆژ پەیوەندییەکەمان پتەوتربێت، توندوتۆڵتربێت..

**(چرکەیێك دەبیسترێت وەك هی دەرگە وایە، ئەم گوێ هەڵدەخاتو پاش کەمێك دەستپێدەکاتەوە)**

گەیشتمە کوێ؟ ئا.. پتەوتربێتو، توندوتۆڵتربێت.. ئۆه... زنجیرەی بیرم پچڕا، باشە... توندوتۆڵتربێت..

**(چرکەیێکی دی و, ئەم تێکدەچێ, ئاوڕ دەداتەوە تارماییێك بەلای بینەرانەوە دیارەوە ئەم نایبینێت)**

هیچ نییە... لە دەرەوە لێزمەیە.. بەڵام...بەڵام ئەم دەنگە لە چرکەی دەرگە دەچوو، خۆ دەرگەش داخراوە.. دایکمو ئەوانیش لە خوارەوەن دەدەدەی... هیچ نییە!

**(دەنووسێت)**

....بێتو تۆکمەتربێت..

کالیگۆلا: **(لە پشتەوە بۆی دێت.. بەدەستە تووکنو نینۆکە درێژو درندەییو خوێناوییکەی توند دەستو قەڵەمی هاوڕێ دەگرێتو, بەدەستەکەی دی چاوی دەگرێت, فوو لە مۆمەکە دەکات.. هەورەبروسکە جارجارێك دەمو چاوی کالیگۆلا ئاشکرادەکات، زنجیرە چاوێك دەتروکێن.. ریزە زمانێك بەدوای یێکدا لە دەمێکی پانەوە دێنەدەرێو دەچنەژوورەوە..ریزێك گوێو, جارجارەش نەڕەی دەبیسترێ **)**

هاوڕێ: (**هێز دەداتە بەرخۆیو لەنێوانیاندا زۆرانبازییێك بەردەوامدەبێت، لەپڕ کارەبا دێتەوە.. کالیگۆلا دیارنەماوە، بەتەنیا خۆیێتی لەسەر زۆرانبازی دەستو پەلهاویشتن بەردەوامە, وریادەبێتەوە.. بەملاوبەولادا شپرزە دەنواڕێت،**

چی لێهات، بۆکوێ رۆیی؟ تێناگەم ئەوە چیبوو؟!

(**بەسەر مێزو کاغەزەکەیدا دەکەوێت.. دەناڵێنێت.. پاش کەمێك پەڕە کاغەزەکە هەڵدەگرێت.. دەست بەدەمو چاوی خۆیدا دێنێت**)

ئەوە چییە؟ خۆ خوێنی پێوەیە.. خوێنی نینۆکەکانی.. نا..نا! ئەمە خەو نەبوو خەیاڵ نەبوو، راستی بوو، ئەها دەستیشم هەمووی رووشاوە! دەمو چاوم دەکزێتەوە، ئەی باشە کوا؟ چی لێهات؟ (**بە ژوورەکەدا دەگەڕێو دەخولێتەوە**) کوا؟ چی لێهات، ئەم ژوورە خێوی تێدایە، جنۆکەی تێدایە، دەعبای تێدایە.. چیبکەم؟ چی؟ رابکەم! هاوار بکەم؟ بە دایکم بڵێم؟ ئا..ئا! بەدایکم دەڵێم.. بەخوشکو براکانم دەڵێم.. بەهەموو دنیا دەڵێم...نا.. نا! بەکەس ناڵێم.. منداڵەکان دەتۆقن، یان گاڵتەم پێدەکەن.. ئەمە هەر نابێ بۆمن شوورەییە، من چیم فێرکردوون! من فێرمکردوون هەرچی بەندوباوی ئەفسانەییو نادیار هەیە، تووڕییدەن، ئێستە بچم پێیان بڵێم: خەڵکینە درۆمکرد، هەڵە بووم، بە چاوی خۆم دەعبایێکم دیوە، ئا، ئا.. خێوێك لە ژوورەکەمدا بوو.. وەرن بڕواننە ئاسەوارەکانی!! کەچی خۆی غەیببوو.. ئەی باشە دایکم، ئا دایکم چیم پێدەڵێت؟ دەڵێت: قەینا کوڕم! هیچ نییە.. ئەوە هی ئەوەیە باوەڕت پێیان نەبوو، هاتوون خۆیانت نیشانبدەن، تا بڕوا بەبوونیان بینیت، ئەیەڕۆ ناشێت دەستیان لێوەشاندبیت!؟ بەرێ وەڵڵا! قەیناکە کوڕی خۆم! دەتبەمە سەر مەزاری پیرو پیاوچاکێك.. دەتبەمە لای شێخو مشایێخێك.. لای مەلایێك.. نوشتەییێکت بۆ دەکەم.

ئەمجا نۆرەی ئەم بەزمەیە.. نا! بەکەس ناڵێم, بەڵام راستەو ئەوەش جێ نینۆکەکانییێتی، ئەوە تکە خوێنە بەنامەکەوە، من خەریکم شێتدەبم، من لەم ژوورەدا نانووم، نا..نا..نا! لەم ژوورەدا نانوووووم!!

دیمەنی چوارەم

(**هاوڕێو هێرۆ لە باخچەییێکدانو.. ئێوارە وەختەیە**)

هێرۆ: کوا؟ بۆت نووسیم؟

هاوڕێ: بمبەخشە! نەمتوانی بینووسم

هێرۆ: وادیارە لە دەربڕینو داڕشتندا کۆڵەواریت.. قەیناکە هەر بتنووسیایە هەرچییێکت بەبیردا دەهات بتنوسیبایە.

هاوڕێ: نا هێرۆ! هێندە کۆڵەوار نیم، تەنانەت هەندێك جار وا هەستدەکەم شاعیریشم.

هێرۆ: ئەی بۆ؟

هاوڕێ: دەڵێم نەمتوانی

هێرۆ: نەمتوانی یانی چی؟

هاوڕێ: نەمتوانی یانی نەمتوانی.

هێرۆ: هەی زۆۆۆڵ! شتێك هەیەو پێمی ناڵیت.

هاوڕێ: هیچی وا نییە؟

هێرۆ: دەترسیت؟

هاوڕێ: هیرۆ گیان! ئەی تۆ ناترسیت؟

هێرۆ: لە نامە نووسین!!؟ نەوەڵڵا!

هاوڕێ: ئەی لەچی دەترسیت؟

هێرۆ: تازە بەلای منەوە هیچ شتێك نەماوە لێی بترسم! بەڵام.. هەر کە بینیمیت هەستم بە شتێك کرد! هەستدەکەم تۆ هەموو گیانت ترسە, ترس بەروخسارتەوە به ئاشکرا دیارە.

هاوڕێ: بە راستتە پێمەوە دیارە؟

هێرۆ: هەر ئەوەیە ناقیژێنیت!

هاوڕێ: تۆش پێتەوە دیارە.. تۆیش تۆقیویت!

هێرۆ: من بە قەدەر تۆ پێمەوە دیار نییە.. من تازە لێبوومەتەوە.. کار لە کارترازاوە

هاوڕێ: هیرۆ! من وا هەستدەکەم لە بەلەمێکی شەقوشڕداین.

هێرۆ: بەلەم لەمە شەقوشڕتر لە جیهاندا هەیە؟!

هاوڕێ: مەلەش نازانین.

هێرۆ: باشتر!

هاوڕێ: گاڵتەت بە قسەکانم دێت؟ باشتری چی؟

هێرۆ: باشتر کە مەلە نازانین.. چونکە سوودی نییە.

هاوڕێ: چۆن؟ تێناگەم بە مەتەڵ قسەم لەگەڵ دەکەی؟

هێرۆ: گەلۆر! مەتەڵی چی؟ باش بنوارە! ئێمە لە نێو ئاودا نین تا مەلەکردن سوودی هەبێت، ئێمە بە بەلەمێکی شەقو شڕەوە بەسەر دەریاییێکی خوێنەوەین.. ئەها! نایبینیت!؟ هاوار نەکەیت! با کەس پێمان نەزانێت.

هاوڕێ: بۆ نەزانن!؟ با هەموو خەڵکی بزانن.

هێرۆ: بە دەریای خوێنەکە نا.. خەڵکی باشدەزانن لە نێو دەریای خوێندا دەژین.. هەشیانە تەنیا لەو خوێنەدا دەزانن مەلەبکەن.

هاوڕێ: ئەی بەچی نەزانن؟!

هێرۆ: بە پەیوەندییێکەمان.. چونکە منو تۆ تەنیا پەیوەندییێکی ناسك پێکمانەوە دەبەستێتەوە.. لەوانەیە ببینە هاوڕێ.. ئەمە لەم هەرێمەدا خەتەرترین شتە!

هاوڕێ: وایە! بەڵام دەبێت زێتر بچینە پێشەوە.. زێتر لە یێکدی بگەین.. من هێشتا بە باشی لە تۆ تێنەگەیشتووم!

هێرۆ: جوانە! بۆچی تۆ توانیوتە بە باشی لەخۆت بگەیت؟ بۆ کەس هەیە توانیبێتی به تەواوی لەخۆی بگات!؟ هاوڕێ! من بۆ ئەم قسە قۆڕانە نەهاتووم..

هاوڕێ: ئەم قسانە قۆڕن؟ ئەی جەنابت بۆچی هاتوویت؟

هێرۆ: دیارە هاوڕێی ئازیز حەزت لە چەنەبازیە؟

هاوڕێ: ئم م م م.. تێگەیشتم..بەڵام ئێرە شوێنی ئەو شتانە نییە.

هێرۆ: دەڵێم با کاتەکەمان بە قسەی بۆش بەسەر نەبەین.. هەی دەبەنگ! هاتووم نهێنییەکت لا بدرکێنمو بڕاییەوە.

هاوڕێ: بمبەخشە خاتوون! فەرموون بڵێ!

هێرۆ: **(بە سۆزو... بە پێوە دێتو دەچێت)** هاوڕێ گیان! لە بیرتە یێکەمین جار.. ئالێرەدا پێکەوە بووین.. دەستت گوشیم.. پەنجەکانت یێکە یێکە ماچکردم.. بە دڵتەوەت نان! لەبیرتە بە پەرۆشەوە داوای نامەم لێکردیت؟! بۆ ئەوەبوو تا پەیوەندییێکەمان بەهێزترو بەردەوامبێت.. لەبیرتە...ها؟

هاوڕێ: هەمووی هەفتەییێکە هیرۆ گیان! ئەی چۆن لەبیرم نین! یێکشەممەی رابردوو بوو، هەموو شتێکم لە یادبچێتەوە ئەوەم لە یادناچێتەوە.

هێرۆ: **(بەشادمانییێوە)** ئیدی بۆ شەوێ..بەجارێ حیسابم تەواو بوو!

هاوڕێ: **(بە شادییێوە)** ئەی بۆ نایڵێیت؟ بۆ دانی پیانانێیت؟ دەبڵێ بەجارێ نوقمی دەریای خۆشەویستی بووم، شەرم مەکە دڵەکەم! پیرۆزە ئازیزەکەم! پیرۆزبایی لە هەردووکمانو خۆشەویستییێکەمان.

هێرۆ: **(بە رەقی)** من دەزانم چەند دەبەنگیت! خۆشەویستی چیو پیرۆزبایی چی؟ گەمژە لێم تێبگە؟

هاوڕێ: ئەی خۆت نەتوت، لەو شەوەوە بەجارێك حیسابم تەواوبوو، هەی..

هێرۆ: بەس..بەس! **(بە ماتەمینییێوە)** هاوڕێ! لەو شەوەدا کچێنیم نەما.. **(بە توندی)** تێگەیشتی!؟

هاوڕێ: **(شپرزەیە)** نەوەڵڵا تێنەگەیشتم، لەو شەوەوە !! لەو شەوەوە!! **(دێتو دەچێت ئینجا یێخەی دەگرێت)** بۆ.. بۆ لەو شەوەوە؟! ئەو شەوە چیبوو؟ ئەو شەوە چیبوو؟!

هێرۆ: هاوڕێ ئەوە چیتە؟ ئەو هەموو ترسە چییە بە روخسارەتەوە!؟ ها! **(ئاوێنەییێك لە جانتاکەی دەردێنێ)** ها!سەیری خۆت بکە..**(ئاوێنەکەی بۆ رادەگرێت)**

هاوڕێ: تاریکە، بەباشی خۆم نابینم, کچێ ئەم قسانەت بە راستە؟! پێمەوە دیارە؟

هێرۆ: ئەگەر بە باشی روخساری خۆت ببینیت لە ترسا هاواردەکەیت.. نازانم لەچی دەترسیت؟

هاوڕێ: لەوە دەچێ لەتۆ بترسم..دەنا هاوار ناکەم، من لە ئافرەتێك دەترسم لێی تێنەگەم، من لە تۆ تێناگەم **(بەدەنگی بەرز)** تێناگەم!

هێرۆ: هاوار مەکە! لێم تێناگەیت چاوت دەرێت، بۆ لێم تێبگەی؟

هاوڕێ: نەخێر من چاك لێت تێگەیشتووم، تەنها ئەوەیە دەتەوێت درۆم لەگەڵدا بکەیت، خۆت بکەیتە کلاڤەییێك نهێنی، تا زێتر سەوداسەرتبم، ئەگینا بۆ لەو شەوەدا؟ بۆ دوای ناسینی من کرایتە ژن!؟ دیارە لەوەو پێش هەر..

هێرۆ: لەوەو پێش هەر چی؟ بیڵێ ..بڵێ: هەر بەرەڵڵا بوویت.. سۆزانی بوویت، وانا؟!

هاوڕێ: ئاخر من لەوە زێتر کە پەنجەکانتم ماچکردووە هیچی دیکەم لەگەڵتدا نەکردووە، دیارە ئەمەیش جۆرێکە لە هەڵفریواندن..

هێرۆ: **(بە گاڵتە پێکردنەوە)**

بیگومان! دەمەوێت هەڵتفریوێنمو, خۆمت بەسەرا ساغبکەمەوەو, ببمە ژنی گەڵحۆیێکی وەك تۆ..وانییە؟!

هاوڕێ: بەڵێ! من بە گەلحۆ دەزانیت، دەزانی کابراییێکی خێڵەکی نیمو, چی دابو نەریتی پوچەڵە رەتمکردوونەتەوە, ئیدی وا دەزانیت هەنگوینت لە کلۆرەداردا دۆزیوەتەوە.

هێرۆ: ئاخر هەی سەخیف! من پێتدەڵێم ئیستاکە کچ نیمو بڕاییۆوە.

هاوڕێ: باشە بۆ دوای یێکدی ناسینمان.. بۆچی ڕێك لەو شەوەدا؟

هێرۆ: هاوڕی خۆت گێل مەکە! ئەگەر دوای ئەوە بێت، یان پێش ئەوە بێت چی لە باسەکە دەگۆڕێت؟

هاوڕێ: هەموو شتێك..چونکە ئەو شەوە لە هەموو شەوەکانی دی جیاوازە.

هێرۆ: تۆ خراپ زەنەقت لەو شەوە چووە.. دیارە ئەو شەوە بە نیسبەت تۆیشەوە نهێنییێکی تێدایە؟

هاوڕێ: ئەو شەوە زۆر خەتەرە.. پێمبڵی ئەو شەوە چیبوو..دەی.. هیرۆگیان! دڵتم بۆ بکەرەوەو باسی ئەو شەوەم بۆ بکە..دەی! شەقمبرد!

هێرۆ: (بە پێوە وەك خەیاڵ بیباتەوە)

ئەو ئێوارەیەی لەتۆ جیابومەوە.. بەرەو ماڵ دەچووم، تا دەهات زێتر دەگەشامەوە، هەموو گیانم دەشنایێوە، بەدەم هەموو شتێکەوە دەتریقامەوە، باوەشم بۆ مانگو ئەستێرە تازە هەڵهاتوۆکان دەکردەوە، چی باخچەو گوڵزاری سەر ڕێم هەنو هەموو ڕۆژێك دەمبینن، هیچ کاتێك هێندە جوانو قەشەنگ نەبوون، دەتوت تازە لە دایکبووم..بەڵام ..

(دادەنیشێتو سەر دادەخاتو دەگری)

هاوڕێ: هیرۆ گیان! مەگری..مەگری باوانەکەم هەستە دەی!

هێرۆ: لە شەوێدا هەرکە گلۆپەکانم کوژاندەوەو چوومە نێو جێگەکەم.. لەپڕ دوو تارماییم بینی، بەپەلە ڕاپەڕیمو بەر لەوەی بقیژێنم تارماییێکیان دەمی گرتم.. تا توانیم پەلەقاژێمکرد..لە تارماییدا نەمان, بوون بە ڕاستی.. هەرچییێکم کرد نەمتوانی ..

(لەگەڵ وتەکانیدا پەلەقاژێو بەرەنگاریدەکات، هێمندەبێتەوە)

ئیدی کار لە کار ترازا..

(دەگریو دادەنیشێتەوەو.. سەری دەخاتە نێو هەردوو لەپییۆوە)

بەڵێ ئابڕووم چوو ..ئابڕووم تکا..

هاوڕێ: مەگری! باوانەکەم مەگری!

هێرۆ: حەز ناکەم ببمە مایەی خەمو بێزاری بۆت, خەفەت مەخۆ! تازە لە پاش چووە هیچ ناکرێت.

هاوڕێ: نا، هیرۆ گیان! هەستە.. هەستە" با بچینە لای پزیشك!

هێرۆ: (سەر هەڵدەبڕێتو سەرسامە)

بۆ بچینە لای پزیشك؟

هاوڕێ: دەڵێم بەڵکو وانەبێت

هێرۆ: تۆ دەڵێیت چی؟ ئێمەی ئافرەت شتی خۆمان باشدەزانین، بێگومانم.. لەوەش زێتر هەموو چەرچەفو بەتانییێکەم خڵتانی خوێننو, تەنانەت بە شۆردنیش لێیان نابێتەوە، بۆیێ تا ئێستەیش شاردومنەتەوە..(دەگری)

هاوڕێ: (دەستی دەگرێ)

باشە هیرۆگیان! پێمبڵێ کێ بوون..دەیانناسیت؟

هێرۆ: ناوێرم.

هاوڕێ: تازە لەچی سڵدەکەیت؟ لەوانەی وایان لێکردیت دەترسیت؟

هێرۆ: نا..لە ئابڕووی خۆم..لە کۆمەڵ, لە نەخشەو پیلانی دەستەلاّتداران.. تەنیا بڕوام بە تۆ هەبوو..

هاوڕێ: ئەی چار؟

هێرۆ: **(دەگری)** چار؟ هیچ چارێ نییە..

هاوڕێ: ئەی باشە دەڵێم..لەوە ناترسیت سکت پڕ بێت؟ هەستە با بە زوویی بچینە لای پزیشك...نەوەك..

هێرۆ: نا..لەمەیان دڵنیابە !

هاوڕێ: **(تووڕەیە)** چۆن دڵنیابم.. چۆن؟ ئەی بەڵکو..

هێرۆ: دەڵێم لەمەیان دڵنیابە !

هاوڕێ: **(تووڕەیە)** ناتوانم... ئا..ئا.. دیارە هەر ویستوتانە رابوێرن ئیدی لە دەستتان دەرچووە، ئەگینا..

هێرۆ: بەسە، بەس! ئا..رامبواردووەو بڕاییوە (هەنسکدەدات) با وابێت هاوڕێ.. تۆ وام پێ بڵێیت ئاخۆ خەڵکی چیم پێبڵێن!

هاوڕێ: ناهەقمە!! ئەی چی بڵێم؟! تۆ دەڵێیت دڵنیابە سکم پڕنابێت..تێناگەم! **(هاوار دەکات)** تێناگەم..نا..

هێرۆ: ئارام و لەسەرخۆبە ! با بە وردی تێتبگەیەنم: ئەو شەوە بەبێئەوەی بە خۆمان بزانین چاودێریان کردووینو.. دوایی گرەویان لەسەرمان کردووە.

هاوڕێ: گرەو! گرەوی چی؟ لەسەر تۆ یان هەردووکمان؟! من بۆ؟

هێرۆ: گرەویان لەسەر هەردوکمان کردبوو، تۆیش ئا.. کارەکە پەیوەندی بە تۆیشەوە هەیە..

هاوڕێ: کێن گرەویان لەسەر کردووین؟؟ کێ؟

هێرۆ: **(بە دەنگی بەرز)** کالیگۆلا!

(ناوی کالیگۆلا چەند جارێك دەنگدەداتەوە..)

هاوڕێ: کالیگۆلا!

هێرۆ: بەڵێ کالیگۆلاو درۆزیللای(5) دۆستی گرەویان کردبوو، کالیگۆلا وتبووی هێرۆ ژنە، هاوڕی کردوییّتی بە ژن، درۆزیللای خوشکیشی وتبوی نا..جارێ هیچی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییەو هەر کچە.. ئیدی ئەو شەوە کە پێکەوە هاتنە ژوورەکەمو دەست و دەمميان گرتم.. لە نێوان هەورە برووسکەو گرمەکەیدا درۆزیللا دەیوت: کالیگۆلا! لێیگەڕێ کچە.. ئەویش دەیوت: نا..درۆزیللا! ئەمە ژنە ژن.. دیارە ژنە... ئەمە کچە...ئەمە ژنە، کچە، ژنە....لەپڕ کالیگۆلا نەڕاندی: درۆزیللا قاچی بگرە! لنگی بکەرەوە! بە هەردووکیان لە پەلوپۆیان خستم... **(دەگری)**

هاوڕێ: ئێ..دوایی...

هێرۆ: کالیگۆلا بە پەنجەو نینۆکەکانی... **(دەگری)** پەنجەی خوێناوی دەرهێنایە دەرەوە.. نیشانیدام.. کالیگۆلا گرەوەکەی دۆڕاند.. کالیگۆلا دۆڕاندی..

**(بە گریانەوە هاوار دەکات)** کالیگۆلا دۆڕاندی.

دیمەنی پێنجەم

**(ژووری نووستنی هاوڕێ..شتەکانی پەرش‌و بڵاوو نارێکن)**

هاوڕێ: **(دێتە ژوورەوە.. ماتە.. گڵۆپ دادەگیرسێنێت، بە ژوورەکەدا دەڕوانێت)** ئەم مێزە کێ دەسکاریکردووە؟ ئەی کتێبەکانم بۆ وا پەرش‌و بڵاون؟ ئەم ژوورە بۆ وای لێهاتووە؟ **(هاواردەکات)** دایە دایە! کێ هاتۆتە ژوورەکەم؟ کێ دەستکاری ئەم شتانەی کردووە؟

دەنگی دایکی: ڕۆڵە بەخوا کەس نەچۆتە ژوورەکەت، ئەی خۆت دەرگەکەت دانەخستبوو؟ ئەیەڕۆ!

هاوڕێ: **(لەبەرخۆیێوە)** ڕاستدەکات.. دەرگەکەم داخستبوو..**(دەستدەداتە چەرچەفەکەو لێی ورددەبێتەوە)** ئەمە چییە؟ خۆ خوێنی پێوەیە! **(دێتە پێشەوە)** هێرۆ! بەراستی نەترسیت، بە ڕاستی وریایت، من.. من ئێستە زانیم ئەوەی ئەو شەوە بۆم هات کالیگۆلا بوو، ئەمەی ئێستەش هەر ئەوە، لە هەموو شوێنێکدایە، تەنیا ئیشی ئەوەیە هەموو شتێك بپشکنێت، هەموو کەسێك بتۆقێنێت، ئابڕووی هەموو کەسێك ببات..

دەنگی دایکی: هاوڕێ گیان! تۆ وەرە خوارێ و سەیرکە! سەیری تەلەفزیۆن.. ئەو عالەمە هەموو خوا لەونی لێگۆڕیون.. هەر ئەمەمان مابوو.

(هاوڕێ دەڕواتەدەرەوە، دەستێکی تووکن چراکان دەکوژێنێتەوە، دێتە ژووری‌و دەست بە پشکنینی ژوورەکە دەکاتەوە)

دەنگی هاوڕێ: ها دایە تەلەفزیۆن چی تێدایە؟

دەنگی دایکی: جا چی تیا نییە؟! ڕۆژی حەشرە! سەیرکە! ولاخ لەنێو گەورە پیاواندا هەڵدەتیزێنێت، تەلەفزیۆن بۆتە تەویلە.

دەنگی هاوڕێ: ئادەی ئەوە چییە؟!

دەنگی کچی تەلەفزیۆن: بینەرانی خۆشەویست! هەواڵێکی گرینگ.. کالیگۆلای مەزن بڕیاریدا..

کالیگۆلا: **(واز لە پشکنین دێنێت‌و لە تاریکاییدا پۆزلێدەدات)**

کچی تەلەفزیۆن: **(چوارچێوەیێکی وەك هی تەلەفزیۆنی بەدەستەوەیە، لەبەردەمی کالیگۆلادا رایدەگرێت)** بڕیاریدا....

کالیگۆلا: بڕیارمدا.. ئەسپە خۆشەویستەکەم (تاتیۆس)ی ڕەسەن بکەمە ئەندامی پەرلەمان. **( لەگەڵ دەنگی چەپڵەڕێزاندا دەست بەپشکنیندەکاتەوە)**

کچی تەلەفزیۆن: **(خۆی لەنێو چوارچێوەکەدایە)**.

بینەرانی خۆشەویست! ئەم ڕووداوە مەزن‌و بێوێنەیە.. لە وڵاتە مەزن‌و بێوێنەکەماندا.. دەستکەوتێکی مەزن‌و بێوێنەیەو.. هەتا هەتایە لە مێژوودا دەدرەوشێتەوە، کالیگۆلای مەزن‌و بێوێنە بەم فەرمانە بێهاوتاو بێوێنەیە دەستی ڕێزو خۆشەویستی نایە سەر نوێنەرانی گەل.. ئەوا بەم بۆنە پیرۆزەوە ئاهەنگێکی بێهاوتا سازدراوە.

خۆشەویستان ! بنواڕن!بنواڕن! ئەها ئەندامانی پەرلەمان چۆن‌و بەوپەڕی شادمانییەوە لەسەر مێزو سفرەو خوانێکی بێهاوتا پێکەوە دانیشتوون! (تاتیۆس) یش **(دەنگی چەپڵەو دووبارەکردنەوەی ناوی تاتیۆس بەرزدەبێتەوە)** تاتیۆسی خۆشەویستی کالیگۆلاو خۆشەویستی گەل لە نێوەڕاستیاندایە، هەموو پێکەوە لەنێو قاپ‌و لەگەن‌وبەلەمی زێڕو زیودا

خۆراکی  بێهاوتاو بەتام دەخۆن.. ئەمجا بەختەوەر ئەو کەسەیە لەتەنیشت تاتیۆسەوە دانیشتبێت، کێ ئەو شەرەفە مەزنەی بەرکەوتووە؟! ئەها بەڕێزان! ئەم ئەندامە بەڕێزەی پەرلەمان شەرەفی ئەوەی بەرکەوتووە.. بابزانین هەستی شادمانی خۆی بۆ بینەرانی  خۆشەویست چۆن دەردەبڕێت! **(بۆ ئەندامی 1ی پەرلەمان)**

بەڕێز ببوورە! حەزمانکرد بەم بۆنە پیرۆزەوە رای خۆتمان بەرامبەر (تاتیۆس)ی خۆشەویستی کالیگۆلاو.. ئەم بۆنە پیرۆزەو ئەم ئاهەنگە قەشەنگە بۆ دەربڕیت..

ئەندامی(1): **(چوارچێوەکە بەدەستی چەپییەوەو مایکرۆفۆنەکە بەدەستی راستی دەگرێت)** من هەڵبژێردراوم, هەموو دەزانن من لە بەرەی نەیارانی دەستەلآتەوە چوومەتە نێو پەرلەمان، هەموو میللەت دەمناسن، من، من بڕوام بەموجامەلەو مامەحەمەیەتی نییە، من بڕوام بەدیموکراسی هەیە، من بڕوام بەسەربەستی هەیە، من بڕوام بەقسەی ئاشکراو لەڕوو هەیە، بەبێ پێچوپەنا، ترسیشم لەکەس نییە، خوا راستەو راستی خۆشدەوێ.. بێباکمو لە راستی بەولاوە چیدی ناڵێم، چونکە من نوێنەری میللەتم.

بەراستی قاپو لەگەنو بەلەمە زێڕو زیوەکان خواردنێکی بێهاوتایان تێدابوو، شتی وا لە جیهاندا نەبووەو نابێتەوە.

**(لەم کاتەدا کالیگۆلا لەسەر شانۆ خۆی بادەداتو پۆزلێدەدات)**

کاوجۆ! بەراستی بەلەزەتن.. سەرەڕای ئەوەی کالیگۆلای مەزن لەسەر بناغەیێکی زانستیانەی بێهاوتا بیری لەم ژەمە کاوجۆ خواردنەو.. هەروەها دانانی تاتیۆسی خۆشەویست کردۆتەوە.. ئەمەی دەیڵێم هەقیقەتی رووتە..

بەپێی بیردۆزە نوییێکان.. ئێمەو ئاژەلآن گشت براین، یان هەر هیچ نەبێت ئامۆزاین، کەس دەتوانێت نکوولی لەمە بکات؟ جا خۆ ئەگەر هاتوو ئەو ئاژەڵەش ببوورن! ئەو زاتەش (تاتیۆس)ی خۆشەویستی کالیگۆلای مەزن بێت، ئەوا بە برای گەورەی خۆمانی دادەنێین، ئەمجا خۆ ناشێت تاتیۆس لەبەر خاتری ئێمە ستێكو بریانیو کفتە بخوات، ئەمە دژی زانستە، کەواتە راسترین چارەسەری زانستیانە ئەوەیە, ئێمە لەبەر خاتری ئەو کاوجۆ بخۆین.

**(کالیگۆلا بەم قسانە گەشکە دەیگرێتو جارجار قاقاییێك لێدەدات)**

بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە رەخنەو باری سەرنجی خۆم بەرامبەر کەموکوڕییێکان نەبێت, خۆتان دەزانن هەندێك لە ددانەکانم کەوتوون، هەندێکیشیان کلۆرن، ئەگەرچی جۆکە زۆریش رەق نەبوو، بەلآم بەلآم من، ئا.. من بەبێ ترس دەیڵێمو.. ئەو راستیە بەوپەڕی جورئەتەوە دەخەمەڕوو، کە ئەم ژەمە شتێکی کەمبوو، جا ئەگەر کالیگۆلای مەزن ئەمر بفەرموێت بۆئەوەی بەئاسانی بۆمان قوتبچێت.. ئەوا لەگەڵ جۆدا پێویستیمان بە (ئابجۆ) بە بیرە هەیە..

**(چەپڵەڕێزان)**

کالیگۆلا: بە بەرمیل.. بە تانکی ئابجۆ بێنن!

**(دەنگو هاواری شادومانیو چەپڵەڕێزان)**

کچی تەلەفزیۆن: **(لە چوارچێوەکەدا.. بۆ ئەندامی پەرلەمان)**

گەورەم! سوپاستدەکەین بمانبەخشە! تاوێك لە خورادنمان کردیت..

بینەرانی خۆشەویست! ئەمجا بابچینە خزمەت ئەو بەڕێزەی لە دەستە چەپی تاتیۆسی خۆشەویستەوەیە.. گەرچی کەمێکیش مڕومۆچ دیارە....          گەورەم! ببورن حەزمانکرد رای خۆتمان بەرامبەر ئەم ئاهەنگە بۆ دەربڕیت..

فەرموون!

کالیگۆلا: **(وریادەبێتەوەو مرەمرێك دەکاتو.. بە مەبەستەوە گوێدەگرێت)**

ئەندامی (2): ئەمە هەمووی ئیهانەیە.. شوورەییە.. فیزەبەرخانەییە!

**(چوارچێوەو میکرۆفۆن فرێدەدات..خشە خشو زیکەزیك دەبیسترێت)**

کالیگۆلا: **( لەسەر شانۆ بێ چوارچێوە پەلدەهاوێتو بەجارێك پەرێشانە)**

دەنگی دایکی هاوڕێ: ئەوە چییە تەلەفزیۆنەکە خراپ بووە؟

کالیگۆلا: **(ئەمسەرو ئەوسەرێتی، وردە وردە هێمندەبێتەوە..زۆر هێمن)** ئا بیهێنن!

ئەندامی2: بەسەرچاو..گەورەم!هەر ئێستە. **(دەڕوات و گورج دەیهێنێت)**

ئەندامی1: **(دێتەبەردەمی.. شپرزەیە )** بەڵێ.. گەورەم!

کالیگۆلا: ئۆۆۆۆۆو.. بەڕێز! ئەمە تۆیت!؟ تۆی مەردو ئازا! بەڵێ.. من ڕێزی مرۆڤی نەترس و ڕاستگۆ دەگرم.. خۆیشت ئەمە باشدەزانیت.. تۆیش یێکێکیت لەوانەی سڵ لە هیچ ناکەنەوە..وانا!؟

ئەندامی (2): بەڵێ گەورەم! دەبێ نوێنەری میللەت سڵ لە ڕاستی وتن نەکاتەوە.

کالیگۆلا: زۆر ڕاستە ئافەرم! خۆشت دەزانیت ترس، هەر ترسە، ئەوەی لە مەرگ دەترسێتو ئەوەی لە کەروێشك دەترسێت جیاوازیان نییە..وا نا؟

ئەندامی (2): ببوورە گەورەم! بە باشی تێنەگەیشتم.

کالیگۆلا: **(بە توندی)** دەڵێم.. وادیارە ملت تاقەتی ئەوەی نەماوە چیدی ئەو کەللە زلەت هەڵگرێت.

ئەندامی (2): **(تێکدەچێت)** ئێ..ئاخر..باشە گەورەم! باشە..بۆ.. یێکسەر دەیگەینیتە ئەوە!!

کالیگۆلا: نا...نا..بەڕێز تێکمەچۆ! من بزانم تۆ لە مەرگیش باکت نییە، وانا؟

ئەندامی ( 2): **(زێتر شپرزەیە)** گەورەم.. بەڵێ! مەبەستم ئەوەیە.. نا.. واتا.. باشە بۆ یێکسەر مەرگو کوشتن؟! واتا خۆی کەروێشك جیایەو کوشتنیش جیایە..

کالیگۆلا: (بە تووڕەییێوە) دەڵێم لە مەرگ دەترسی؟

ئەندامی (2): **(بە کەساسییێوە)** بەڵێ گەورەم! ئەی چۆن؟ بۆ کەس هەیە لە مەرگ نەترسیت؟ هەر ئەمەیان نەبێت، ئیدی لە هیچ شتێکی دی ناترسم!

کالیگۆلا: ئەوەی لە مردن بترسێت لە کەروێشکیش دەترسێت..

ئەی ئەندامی بەجەرگی پەرلەمان! با نهێنییێکی خۆمت لا بدرکێنم.

ئەندامی (2): **(بە شادمانییێوە) ها** گەورەم! نهێنی خۆت؟ واتا بڕوات پێمە، فەرموو گەورەم فەرموون! زۆر شادمانم نهێنییێکەت بپارێزم.

کالیگۆلا: من خۆم لە کەروێشکیش دەترسم!

ئەندامی (2): وانییە..گەورەم! ببوورە! تۆ لە هیچ شتێك ناترسیت! هەموو کەسێك لە تۆ دەترسێت.

کالیگۆلا: نا بەڕێز! من خۆم خۆمدەناسم، دەبا نهێنییێکی دیکەشت پێبڵێم، ئەوانەی سڵ لە مەرگ ناکەن لە منیش ناترسن، بەڵکو من لەوان دەترسم، ئەمە دوو نهێنی زۆر خەتەرن.

ئەندامی (2): گەورەم! هەتا هەتایە ئەم نهێنیانەت دەپارێزم.. گڵیش لە دەمم نایانبیسێت.

کالیگۆلا: **(بە ساردییەوە)** نا.. پێویست ناکات بیانپارێزیت.

ئەندامی (2): چۆن گەورەم؟ یازوخ نییە! تا مردن لەلای خۆم دەبن، تا مردن.

کالیگۆلا: واتا تا چەند دەقیقەیێکی دی

ئەندامی (2): ها!! چیت وت؟ دیارە نیازت وایە بمکوژیت، ها؟

کالیگۆلا: ئەی تۆ نەتوت لە مردن دەترسم! شوورەییە نوێنەری میللەت لە مەرگ سڵبکاتەوە، ئەوانەی پێموتیت نهێنی نەبوون.. زۆر کەس لە میللەت دەیانزانن، تاکە نهێنی من ئەوەیە.. تەنیا ئەوانە لەم وڵاتەدا دەژین کە سڵ لە مەرگ ناکەنەوە.

ئەندامی (2): گەورەم! چی دەڵێی بۆتی دەکەم.. بەس مەمکوژە! تەنیا ئەم جارە بمبەخشە! ئاگام لەخۆم نەبوو، هەڵەیێکمکردو تۆبە, ناهەقم نەبوو, هەرچەند سەرم هێناو برد نەمتوانی.. زۆر جار پیاو چاو لە هەندێ شت دەنووقێنێت و دەڵێ قەیناکە با وابێ! بەڵام تاتیۆس؟! نا.. چیبکەم ئەقڵو هۆشم تەحەمولی ئەمەیانی نەکرد.

کالیگۆلا: ئەی نەتدەزانی پەیوەندی منو تاتیۆس چۆنە؟

ئەندام 2: با.. چۆن نەمدەزانی.. پەیوەندی جەنابت و تاتیۆس لە پەیوەندی تۆو درۆزیللا زێتر نەبێت کەمتر نەبوە.. بەڵام....

کالیگۆلا: **(بەهێمنی)** بیبەن!

**(یێکێك رایدەکێشێتە پشت شانۆ)**

ئەوەی لە مەرگ بترسی لە کەروێشکیش رادەچڵەکێت..**(دەنگی گوللەباران)**

تەنیا ئەوانە دەژین ..سڵ لە مەرگ ناکەنەوە..**(دەنگی دەسترێژ)**

هاورێ: **(دەنگی پێی دێت.. بۆ ژوورەکەی سەر دەکەوێت، کالیگۆلا دەچێتە پەنایێکی ژوورەکە)** توخوا ئەمە ژیانە؟! بەجارێك قەشمەریو گاڵتەجاڕییە.

کالیگۆلا: **(لەپڕ بۆی دێت، دەمی دەگرێت، هاورێ دەست بەپەلەقاژێ دەکات)**

نەکەیت توخنی کەس بکەویت! پەرستنو خۆشەویستی بەتەنها دەبێ بۆ من بێت، نەکەیت رازی دڵت لای کەس بدرکێنیت! دەبێت رازی دڵی گشتتان هەر لای من بێت.

**(ئەم وتانە وەك لە فافۆنەوە بێنە دەرێ وایە، دەنگدانەوەی مەعدەنیان هەیە)**

هاورێ: **(هەر لە زۆرانبازیدایە)** خۆیێتی.. کالیگۆلا خۆیێتی.

**(ماندوو شەکەتی تەواوە بەبێهۆشی دەکەوێتە سەر زەوی)**

کالیگۆلا: **(دەنگی وەك پێشوو سەدایێکی مەعدەنی هەیە، بەردەوام دەیڵێتو دەیڵێتەوە، وردە وردەش دەنگی نزمتر دەبێتەوە)**

نەکەیت توخنی کەس بکەویت!

خۆشەویستی گشت بۆ منە

پەرستن، نوێژ هەر بۆ منە

رازی دڵت نەکەیت لای کەس بدرکێنیت!

هەموو رازێکی دڵیشتان با لای من بێت

خۆشەویستی گشت بۆ منە

پەرستن، نوێژ هەر بۆ منە

**دیمەنی شەشەم**

**شانۆ کەمێك تاریکە هەمان جێگەی پێشوویانە، هاوڕێو هێرۆ پێکەوە بێدەنگ دانیشتوون، دەنۆڕنە دەمو چاوی یێکدی، هەردووکیان روشاویو جی نینۆك بە دەستو دەمو چاویانەوەیە، سەر دادەخەن و هەمدیسان دەنواڕنەوە یێکدی، ئەم سەر دادەخات، ئەو بۆی دەنوارێت، بەپێچەوانەیشەوە وەك شتێکی ئاشکرا لەیێکدی بشارنەوە، هیرۆ دەستی هاوڕێ دەگرێت، هەڵدەستن، دێنە پێشترەوە، هێرۆ دەست بەسەر رووشاوییێکانی پشتی دەستو سەر رووومەتی هاوڕێدا دێنێت، ئەمجا هاوڕێ هەمان شت دەکاتەوە، لەپڕ هەردووکیان پشت دەکەنە یێکدی، وەك یێك لەسەر ئەژنۆ دادەنیشن، دەست بەسەریانەوە دەگرن، وەك بیر بکەنەوە یاخود بگرین، ئەمجا وەك یێك (ئاوێنە ئاسایی) دەستو پەنجەیان دەبزوێنن. هێدی هێدیو بە بزوتنەوەیێکی نەرم.. بەرەو یێك وەردەچەرخێن، جارێکی دیش هەمان شت دەکەنەوە، ئەمجا هەڵدەستن هەرییێکە دووسێ هەنگاو بەپێچەوانەی ئەویدی دەنێت، لە یێك کاتدا ئاوڕ لەیێك دەدەنەوە، زەردەخەنە دەزێتە سەر لێویان لە دوورەوە باوەش بۆ یێکدی دەگرنەوە، بە راکردن بەرەو یێکدی دێن، بە گەرمی دەست دەخەنە دەستی یێکدییێوە، بەبێ خەم پیاسەیێك لە چەشنی دانس بەنێو شانۆدا دەکەن، ئەمجا وەك چەپکە گوڵ پێشکەشی یێکدی بکەن، بۆنی دەکەن، لەنکاو کالیگۆلا لەولاوە دەردەکەوێت، هەردووکیان دەم دەکەنەوە، وەك هاوا ربکەن وایە, پەنجەیان بەرەو رووی درێژ دەکەن، وەك دەستنیشانی شتێکی دیاریکراو بکەن، بەلآم پتەوو بێ جوولە، زێتر لە هەڕەشە کردن دەچێت، یان بەرەنگاربوونەوە، کالیگۆلا وەك بسڵەمێتەوە وایە، بەرەو دوا دەکشێتەوە، ئەمان وەك دوو پەیکەری چونییێك، بەو جۆرە دەمینێننەوە، کالیگۆلا دەیەوێت بێتە پێشترەوە ئەمان دوو هەنگاوی پتەوی چۆنییێك بەرەوڕووی دەنێن، ئەو بەپەلە دەکشێتەوە، تا دیارنامینێت، ئەمان تا شانۆ تاریکدەبێت هەروا وەك دوو پەیکەری نازدارو نەترس دەمێننەوە..**

**دیمەنی حەوتەم**

**(هێرۆو هاوڕێ لەمبەرو ئەوبەری شانۆدان، بەدەم دیالۆگەکانەوە لە**

**یێکدی نزیکدەبنەوە)**

**هێرۆ:** کار لەوەدا نەماوە قسە نەکەین

هاوڕێ: هەموو شتەکان ئاشکران قسەی چیبکەین؟!

هێرۆ: دەیانەوێت توخنی یێك نەکەوین، کەس بڕوا بە کەس نەکات، کەس کەسی خۆش نەوێت، هاوڕێ گیان! دەیانەوێت ڕقو کینە بە ولاتدا پەخشبکەنەوە، دەیانەوێت ترس بڕوێنن، ترس بچێنن، تۆی ترس بە هەموو وەرزەکانمانەوە بکەن

هاوڕێ: ترسیان رواند ، تۆوی ترسیان بە گشت وەرزەکانەوە کرد..بەلام داری ترس زڕە، درەختی ترس نە بەردەگرێتو نە گەلا، ترس زڕە.

هێرۆ: ترس دارێکی بێبەرەو.. من تێناگەم ئەو خەلکە لەچی دەترسن!؟

(بۆبینەران) باشە ئێوە، ئێوە بۆ قسە ناکەن؟

هاوڕێ: (بۆ بینەران) باشە ئێوە بۆ راستی ئاشکرا ناکەن؟ (بە ئیشارەت) خاتوونەکەم لەگەل تۆمە! دوێ شەو کالیگۆلا تۆیشی بە دەردەکەی هێرۆ نەبرد!؟ سەردامەخە مەگری، بەسە ئەسرین رشتن!

هێرۆ: (بە ئیشارەت) ئەی تۆ قوربان! تۆی پیاوی گەنجو نەوجەوان! پیرێ کالیگۆلای مەزن تۆی نەخەسان!؟ سەر دامەخە!

هێرۆو هاوڕێ: (بۆ بینەران) تۆ..تۆ..تۆ..ئەی تۆ..تۆش..هەر هەموتان هەر هەموتان...

هێرۆ: باشە ئیدی بۆ لە مەرگ دەترسن!؟

هاوڕێ: دیارە ئێمەیش وەك ئەندامەکەی پەرلەمان.. سلێ لە مەرگ دەکەینەوە..

هێرۆ: دیارە گشتمان لە کەرویشکیش دەترسین..

هاوڕێ: گەر بزانن لەچ سەردەمێکدا دەژین، ئەوا گشتمان بەرەو پیری مەرگ دەچووین.

هێرۆ: چۆن نازانن!؟ هەموو شتەکان بە چاوی خۆیان دەبینن، چەکوشی قورس هەموو ساتێ بەسەر سەرماندا دەکێشرێت.

هاوڕێ: هەموو شتەکان دەبیسینو دەبینینو بەسەرمان دێن..کەچی هەر هەستیان پێناکەین.

هێرۆ: هەستیان پێدەکەین.. بەلام بیریان لێ ناکەینەوە..

هاوڕێ: نابینن چەند هەزارێکی کەم بە بەدلەی سمۆکنی ئاهەنگەوە.. بە کراسو کەوای پولەکەوە.. هەر لە شادیو رەشبەلەکدان؟ ملیۆنەهاش دەستەوئەژنۆ.. لەبەر رەهێلەی ئەشکەنجەو خەمو ئازاردا بێئومێد هەلتروشکاون؟!

هێرۆ: ئەم سەردەمە زۆر جیاوازە

بێئومێد هەلناتروشکێن!

ئەم سەردەمە سەردەمێکی نەفرەتییە

بە بەردو تێلاو دارلاستیك

بە خشتو چەقۆو ساچمەزەنگ

بەگژ تانكو سوپەر ئایتندارادا دەچن.

هاوڕێ: سەردەمێکی زۆر نەگریسە..گوێ بۆ ئەم هەواڵانە شلبکەن..لەبەر قاپیمزگەوتێکدا.. ئافرەتێکیان هەتا مردن سەنگبارانکرد چونکە ڕەدووی خۆشەویستەکەی کەوتبوو.

هێرۆ: هەر ئەوانەی ڕەجمیانکرد..هەر لەوێشدا.. بە پارەی نەوتی خۆڕایی.. ئوتێلێکی زۆر گەورەی پێنج ئەستێرەییان دروستکرد، هەمەجۆر ئافرەتیان تێخست.. سپی، ئەسمەر، سورفل، ڕەش، خرپن، باریک، باڵابەرزو باڵاکول، تەنانەت هەندێکیان دەبێت بەردەوام سکیان پڕبێت، بۆ ئەوانەی ئارەزوویان لەژنانی سکپڕە.

هاوڕێ: سەردەم، سەردەمی بەرز بوونەوەی مرۆڤە بۆ ئاسمانو مانەوەی لە ئاسماندا بۆ ماوەی (336) ڕۆژ.

هێرۆ: سەردەمەکەمان سەردەمی نزمبوونەوەی مرۆڤە بۆ نێو قووڵایی زیندانەکانی ژێرزەمینو مانەوەیان چەندەها ساڵ، یاخود تاکو دواهەناسە.

هاوڕێ: سەردەمی گەرماوی شیرو.. گەرماوە هەتاوو ڤیەلای خۆش هەوایە.

هێرۆ: سەردەمی گەرماوی نێو چەمو..سەرماو گەرمای کوشندەو ژیانو گوزەرانی نێو ئەشکەوتو بێشەلانە.

هاوڕێ: سەردەمی لە برسا بەکۆمەڵ مردنە.

هێرۆ: سەردەمی ئەتەکێتی ملیاردێرەکانە

هاوڕێ: سەردەمی کۆمەڵکوژییە، بە چەکی ئەتۆمیو هایدرۆجینیو کیمیاویو میکرۆبی..سەردەمی بزمار بەسەردا داکوتانو چاو دەرهێنانی منداڵە.

هێرۆ: بە پێچەوانەشەوە, تەسەور کەن! سەردەمی نارەزایی دەربڕینو خۆنیشاندانیشە، لە پێناوی مافی ژیانی مەیمونو مشکی نێو ئەزمونگەکاندا، چونکە تاقیکردنەوە لەسەریان کارێکی نامرۆڤایەتیە، قسەی خۆمان بێت دادگاییێک فەرمانی بەبەندکردنی کابراییێک دا، چونکە جێگە.. یان کولانەیێکی وای بۆ سەگەکەی نەکردبوولایەقی بێت!

هاوڕێ: دەبەنگێکی گۆریللا ئاسایی بە سەفتە دۆلاری پیترۆڵ بەسەر شەقامەکانی نیویۆرکو لەندەنا دەکاتە شاباش، چونکە حەزی بەوەیە ئەو ژن و پیاوە شێکانە ببینێت.. چۆن بۆ هەڵگرتنەوەی دۆلارەکان دادەنەوێنەوە!

هێرۆ: بەنێوبانگترین جازلێدەری ئەمەریکایش.. لە خانووەکە دەردەکرێتو خۆیو منداڵو شڕو شیتاڵی فڕێ دەدرێتە سەر شۆستەکان لەبەر نەبوونی کرێخانوو!

هاوڕێ: دەوڵەمەندێك دووسەد هەزار دۆلارو دەمانچەیێکو کلیلی شوققەکەیو سویچی ئۆتۆمبێلەکەی پێشکەشی کابراییێك دەکات، تەنها بۆ ئەوەی بیکوژێت!

هێرۆ: ئێمەیش لەم ڕەزاڵەتەدا.. لەم سەرگەردانیەدا.. لەم کەلاوەیەدا.. لە کالیگۆلا دەپاڕێینەوە.. چیمان لێدەکات بیکات، تەنیا نەمان کوژێت.

هاوڕێ: ببوورن خۆشەویستەکانم! ئێستە ئەگەر منو هیرۆخان، ئەو دژواریو جیاوازیە سەیرو سەمەرانەی ئەم سەردەمەتان بۆ باسبکەین، ئەوا کاتێك لێدەبینەوە کە من پشتم کۆمابێتەوە، هیرۆش پرچی سپی هۆنیبێتەوە...بەڵام ئێمە چەند نموونەیێکمان بۆ گێڕانەوە تەنیا مەبەستێکیشمان هەبوو..

هێرۆ: بەڵێ مەبەستمان ئەوەیە بیر بکەنەوە.. تا بزانن مرۆڤی ئەم سەردەمە چەند پەرێشانن!؟ چ ژانێکیان هەیە؟! ئەوپەڕی پێشکەوتن لەتەك ئەوپەڕی دواکەوتندا.

هاوڕێ: ئەوپەڕی بەختیاری, لەپاڵ ئەوپەڕی سەرگەردانیدا..

هێرۆ: لە سەرتاپای مێژوودا مرۆڤ هەرگیز ئەم دژوارییەی بە خۆییەوە نەدیوە..

هاوڕێ: هەتا هەتایشە لەمەودوا ئەمە بە خۆییەوە نابینێت.

هێرۆ: ئەوەی بەرگەی ئەم ئازارانە بگرێت، لە هیچ شتێك سڵ ناکاتەوە.

هاوڕێ: بەڵێ لە مەرگیش سڵ ناکاتەوە.

هێرۆ: گەر مردین.. ئەگەر شەهیدبووین، دەزانن چیمان لەکیسدەچێت؟

هاوڕێ: تەنها ئازارو خەمو سەرگەدانیمان لەکیسدەچێت و هیچیدی!

هێرۆ: کەواتە!

هاوڕێ: کەواتە با جەربەزەبین! ترس گۆڕکەین!

هێرۆ: کەواتە با، پەردە لە ڕووی هەموو نهێنییێك هەڵدەینەوە!

هاوڕێ: کەواتە با..بانگەوازی خۆشەویستیو بڕوا بەیێکدی پەخشبکەین!

هێرۆ: کەواتە با..تەرمی گومانو دوورەپەرێزی زیندە بەچاڵ کەین

هێرۆو هاوڕێ:

که کەس نەما
لێمان بەدناو نەکرابێ
کانیو ئاوی بێگەرد نەما
لێمان لێڵ, گلاو نەکرابێ
نرخ و بەهای مرۆڤ نەما
ژێر پێو پێلاو نەخرابێ
گەلاو گوڵی باخچە نەما نەیوەرێنن,
سیسی نەکەن
کلووی بەفری کوێستان نەما
پێش بارینی پیسی نەکەن
نامەی خۆشەویستی نییە نەدڕێنرابێ
ژوانی دڵداری نییە نەفرێنرابێ
چی ماوە لە بەهاو نرخو پیرۆزی کەس
نەخرابێتە ژێر دەستاڕی قوڕسی هەرەس!
نازانم بۆ؟ نازانین بۆ؟!
کەی مرۆڤو ترسو تۆقین وەها بووە؟

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

کەی جیهان و ژیان وا بێبەها بووە؟

با بەس بێت بەس!

ئێمە نەوەی دوای نەخشەی شووم و, هەرەسین

لە گیانی خۆمان وەڕسین

ئێمە زادەی زەبری چەوساندنەوەی قورسین

ئێمە بێ خواو بێکەس و بێ فریادڕەسین

لانە شێواو,سەرگەردان و رووت و برسین

نابێ لە مەرگ بترسین

هەرگیز لە مەرگ ناترسین.

**دیمەنی هەشتەم**

هاوڕێ: (**دێتەوە ژوورەکەی...کالیگۆلا بە گێژو وڕی دێتو دەچێت**)

ئـۆهـ.. کـالیگۆلا! ئـەوە تۆیـت!؟ یـاخوا بـەخێربێیت.. ئێمـەژێر ئـەرزت بـۆ دەگـەڕاین.. وادیـارە هـەواڵی مـنو هیرۆی خۆشەویستمت پێ نەگەیشتووە!

کالیگۆلا: (**دەمرێنێ و دێتە پێشەوە**)

بـا.. بـا.. هـەواڵێکی درۆم پێگەیـشت.. هـی تـۆو هێـرۆو.. هەنـدێ بێئـەقڵی دیکـەیش.. ئـا.. هـاتم تـاکو بـزانم بەڕاستی خۆتان کەرکردووەو, لە گیانی خۆتان وەڕسن, یان نا!؟

هـاوڕێ: نـا.. خـۆت چـاکدەزانیت ئێمـە لـەژێر سـایەی تـۆدا چـەند بەختـەوەرو شـادمانین!! چـاکیش دەزانیـت چ بڕیـارێکی کۆتاییمـان داوە.. ئـەی نابینیـت وەك جـاران دوودڵو ڕاڕاو ترسـنۆك نـیم!! بڕوانـە چـۆن ڕووبـەڕووت دەبمەوە!؟

(**هەڵمەتی بۆ دەبات**)

ئێـستە دەزانم تـۆ چـەند بوودەڵـەیت! ئێـستەیش دەزانم ئێمـە چـەند ئـازادین! مـن لـە مـەرگ ناترسـم.. کەواتـە من ئازادم!

کالیگۆلا: ئەدی جاران بۆ زارەترەکدەبووی لێم؟

هـاوڕێ: جـاران ڕۆی.. جـاران بێهـۆش بـووین.. ئێـستە.. دوای بڕیارەکـەمان, دەتبیـنم تـۆ زارەترەکبـووی لێمـان..وا نییە؟ (**رایدەوەشێنێت**)

کالیگۆلا: (**رایدەوەشێنێت و, ئەوجا بەرامبەری خۆی رایدەگرێت**)

کەمێ هۆش بێنەرەوە بەرخۆت! چ پلەو پایەیێك دەخوازیت دەتدەمێ..

هاوڕێ: پلەوپایەی تۆ شایانی پیاوە جەبان و ملشۆڕەکانی خۆتن.

کالیگۆلا:**(هەڕەشەی لێدەکات)**

ئەوە باش بزانە ئەمە دوا هەلە بۆت ڕەخساوە..ئەگینا !

هاوڕێ: **(زۆر بەتوندیدەیهێنێ‌و دەبیات)**

هێشتا تۆ هەڕشەمان لێدەکەیت؟!

کالیگۆلا: ئە..ئەگینا خۆ..خۆم دەزانم دوا..دوایی ..

هاوڕێ: **(بەردەوامە)** لە هەموو شوێنێك عەیشت لێ تاڵدەکەین.. ئەمجا نۆرەی ئێمەیە.. من ئامادەی مەرگم..

**(هاوڕێ‌و کالیگۆلا یێکدی دێنن‌و دەبەن)**

کالیگۆلا: **(بە دەست هاوڕێوە شل‌و پەککەوتەیە)**

نا..نا.. پێویست ناکات، من تەنیا لەوانە دەترسم کە لە مەرگ ناترسن، تەنیا ئەوانە من دەکوژن، کە سڵ لە مردن ناکەنەوە، تەنیا ئەوانەش دەژین، کە لە مەرگ بێباکن..**(دەکەوێت)**

هاوڕێ: هەستەو بڕۆ ملت بشکێنە!

کالیگۆلا: من...تەواو...من، ئەوە دوا هەناسەی ژینمە, بە نیسبەت تۆوە ناتوانم و.... هیچم لە دەست نایێت..

ناتوانم نا..تو..وا..نم.. من لێ..رە..دا.. نە..مام.

**(لە جووڵە دەکەوێ)**

## دیمەنی نۆیەم

هێرۆ: **(بەپەلەو شادومانی بەرەوڕووی هاوڕێ دێت)** هاوڕێ! مژدە.. مژدە ویستم بێم بۆ ماڵەوەمژدەت بدەمێ...مژدە.

هاوڕێ: **(بەپەلەو وەك ئەو بەرەوڕووی دێت، هەردوو دەستی دەگرێت)** هێرۆگیان! مژدە.. منیش ویستم بێم بۆ ماڵەوە بۆ لات، مژدەت بدەمێ!.

هێرۆ: مژدەکەی من زۆر گرنگە.. مژدەی وا هەر نەبۆتەوە!

هاوڕێ: مژدەکەی من زۆر گرنگە.. مژدەی وا هەر نەبۆتەوە!

هێرۆ: نەخێر.. تۆ سەیرم بکە! با پێتبڵێم.. ئێستە بوومەتەوە بە کچەکەی جاران.. وەك یێکەمین ژوانمان.. وەك ڕۆژی لە دایکبوونم.

هاوڕێ: چۆن.. چۆن؟ ئەی...

هێرۆ: چاك! چاك! لەمەش گرنگتر ئەوەیە.. وەرە لەگەڵماو یارمەتیم بدە! با لاشەی ئەو تۆپیوە لە ژوورەکەمدا فڕێبدەینە دەرەوە.....

هاوڕێ: کام تۆپیو؟

هێرۆ: کالیگۆلا! هەرکە چوومەوە ماڵێ.. بەبێ ترس دەرگەی ژوورەکەم کردەوە، چی ببینم! لاشەی کالیگۆلا وەك مالۆس کەوتبوو.. بەحاڵ نووزەی تێدابوو.. بەبێترس و قیژەو هاوار بۆی چووم.. دوو سێ لەقەم لێدا.. وتی: نا.. نا.. پێویست ناکات.. من بەنیسبەت تۆوە تەواو.. ئیدی تۆپی .

هاوڕێ: سەیرە ! منیش هەر بۆ ئەوە هاتم لاشەی تۆپیوی کالیگۆلا لە ژوورەکەی منیشدا کەوتووە.

هێرۆ: دەبا بڕۆین، پێکەوە لاشەی تۆپیوی فڕێبدەین.

هاوڕێ: دوایی دەڕۆین، لاشە تۆپیوەکەی ژوورەکەی منیش فڕێدەدەین

هەردوو:

ئێمە نەوەی دوای هەرەسین
ئێمە زادەی زەبری چەوسانەوەی قورسین
ئێمە بێ خواو بێ کەس و بێ فریادڕەسین
لانە شێواوو سەرگەردان.. تینوو برسین
هەرگیز لە مەرگ ناترسین...

**(دەستی یێکدی دەگرن و.. بەدەم ئەم گۆرانییەوە دەڕۆن)**

دیمەنی دەیەم

**(پێکەوە دێنە ژوورەکەی هاوڕێ)**

هێرۆ: نەموت!! بێگومانم لێرەشدا نەماوە، وەك چۆن لە ژوورەکەی مندا نەمابوو..

هاوڕێ: سەیرە! ئا لێرەدا وەك مالۆس بە دەستمەوە کەوت.

هێرۆ: منیش هەروا بوو، بە تۆپیوی جێمهێشتو کە چووینەوە نەمابوو.

هاوڕێ: هێرۆ! سەیری دەمو چاوم بکە، سەیری دەستم، نەك هەر جێگە چڕنووکەکانی نەماون, بەڵکو هەستدەکەم مرۆڤێکی دیکەم چاپووكو جەربەزەو نەترس.. هێزێکی لەبن نەهاتوو لە هەناومدا دروستبووە، تینو تەوژمم دەداتێ، وا هەستدەکەم، دەتوانم بە گڕ سەخترین قەڵای ئەژدەهاكو ئەهریمەنەکاندا بچم.

هێرۆ: منیش هەروا...

هاوڕێ: وا هەستدەکەم ئێمە هەتا هەتایە سەرکەوتووین، چونکە ئەگەر زۆرانبازییێکەمان بردەوە هەر سەرکەوتووین، ئەگەر کوژراشین، ئەوکاتەیش هەر بە سەرکەوتوویی دەمرین.

هێرۆ: چونکە ئیدی دوژمن هەرگیز بە لاوازی نامانبینێت, دوژمن لە کوشتنیشماندا خۆی بە بەزیو و دۆڕاو دادەنێت.

هاوڕێ: **(دەچێت لەولاوە نامەکە دێنێت، سەیریدەکات)** هێرۆ! سەیرکە! ئەوە نامەکەتە.. ئەوسا هەمووی پەڵەی خوێن بوو، سەیرکە! ئێستە چەند خاوێنە، ئەها وشە بێگەردەکانم چەند خاوێنن!؟ ئەو کاتە نەمویست بەوجۆرە.. بەپەلە خوێنەکانەوە نیشانتبدەم.

**هێرۆ: (نامەکە دەگرێتە باوەش.. بۆ بینەران)**

خۆشەویستان! ئێوەش هەمووتان دەتوانن پەڵەی پیس و لەکەی شەرمەزاری ژینتان پاکبکەنەوە.

هاوڕێ: بەو مەرجەی دوا بڕیارتان بە دڵ و بڕواوە دابێت، ئیدی سڵ لە مەرگو کوشتن نەکەنەوە..ئەوسا کالیگۆلاکانی نێو دەروونتان.. کالیگۆلای ناخو مێشکتان.. کالیگۆلای ژوورەکانتان.. کالیگۆلای نێو ئەڤین و جێژوانتان.. کالیگۆلاکانی ئاسمان.. هی سەر زەوی و نیشتمانتان گشت دەبەزن.. گشت دەتۆپن.. دەدۆڕێن و هەرەسدێنن!

هێرۆ: ئەمجا دەتوانن بە پاکی, بە بێگەردی بەبێ گومان لە یێک کردن، بەبێ ترس بەبێ لانەوازی و کۆچ و ئاوارەیی و لێکدابڕان.. هەموو وەکو مرۆڤ بژین..

هاوڕێ: ئەوسا دەتوانین پەیامی خۆشەویستی و بانگەوازی ئاشتی و ئەڤین بە هەموو جیهاندا هەڵدەین.

هێرۆ: بێ ترس, بێ سلەمینەوەش.. نامەی ئاوا.. **(نامەکە بەرزدەکاتەوە)** بۆ یێکدی بکەنە دیاری.

**هاوڕێ و هێرۆ(6): (پێکەوە سەمادەکەن و.. نامەکە دەخوێننەوەو.. دەیدەنە دەست یێکدی و, هەردوو ئەکتەرو, هونەرییێکانی دیش دێنە سڵاوی بینەران)**

نامەییێکی بۆ ئەنوسم بۆ دڵ بێ
ئەفسووناوی نازدار وەك پەڕەی گوڵ بێ
تك تك عەتری لێ بڕژێت بێگەرد بێ
وەکو شەوبۆ یا مێخەك و سمڵ بێ....هتد

2/6 تا 1988/3/7

**پەراوێزەکان:**

*–لەدیمەنی یێکەمدا ئەو دوو رستەیەی ئەم تاکە ئەستێرەیەیان دراونەتێ دوو گوتەی زۆر بەنێوبانگی (برێخت)ن

**–دەشتوانرێت(کالیگۆلا) بەوشێوە درێوە پێشکەش نەکرێت, بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر قۆزو شیك و جوانبێت..واتا گرینگ ئەوەیە لەهەردوو حاڵەتەکەدا موبالەغەی تێدابێت.

1– له دەقەکەدا(شیڤا)یە، هێمایە بۆ خوای شەڕ و رق و کینە.

2– ئەم شیعرەی مەولەوی گەرچی مەبەستەکەی جودایە، بەڵام زۆر لە دەقەکەوە نزیکە، کە بەمجۆرەیە:

Oh, Dear
Dying is very near
I'm sure that I would
Never see you another once
I'm sure I'm sure.

3– له دەقەکەدا دیوانە شیعرێکی ژاپۆنییە، لە بەیتەکەی مستەفا بەگی کوردییەوە زۆر نزیکە:

Don't ask any one about my address
Because she closed all of her Paradise
I'm always beside the wine

Swimming there thinking of her eyes.

4– لە دەقەکەدا گردێکی نزیك (تۆکۆشیما) یە مردوی لێ دەنێژرێتو پێیدەڵێن: (یۆشیوابی مایری) .

5- درۆزیللا هەم خوشكو هەم دۆستی کالیگۆلا بووە.

6– هاوڕێو هیرۆ، لە دەقەکەدا (ئۆجیما، باسی)ن.

<u>تێبینییێکی پێویست</u>

کاتی خۆی, بۆ ئەوەی بەسەر سانسۆردا بیپەڕێنینەوە .. وامان بەباشزانی.. ئەم شانۆنامەیە بەناوی شانۆنامەیێکی ژاپۆنی تەرجەمەکراوەوە بڵاوبکەینەوەو.. ئیدی بەناچاری پەراوێزو, تەنانەت شیعری ئنگلیزیشمان بۆ دانا.. بەڵام لەراستیدا ئەمە دەقێکی تەواو کوردییەو, خۆم نووسیومە.. ئەو ناوەش (زاباو کینا) وجوودی نییە.. خۆ ئەگەر (زا)ی سەرەتاو (نا)ی کۆتایی بدەیتە دەم یێك دەبنە (زانا)و, بەینەکەیشی (باوکی) دەمێنێتەوەو, بەمجۆرە (باوکی زانا) یان لێپێکدێت.

هەر وەك چۆن (دڵشاد مەریوانی) شەهید.. کاتی خۆی, فێڵو شێوازێکی لەمجۆرەی بۆ شانۆنامەی (چاوی ڤێتنام) بەکارهێنا.

# کۆمیدیای بەرگی ئەفسووناوی

بیری ئەم شانۆییە لە چیرۆکێکی فۆلکلۆری نێو گەلانەوە وەرگیراوە..(هانز کریستیان ئەندرسۆن)ی ئایرلەندی, وەك چیرۆکێکی مندالان بەنێوی (کالای نوێی ئیمپراتۆرەوە) بلاویکردۆتەوە، (عەلائەدین سەجادی)یش دوای ئەو.. بەنێوی خۆییەوە, بەبێ هیچ دەستکارییێك

وەك كورتـــە چـــیرۆكێك بەنێونیـــشانی (كـــاڵای بـــاڵای شـــا)وە بڵاویكردۆتـــەوە..ئێمـــەیش دوای دەستكارییێكی زۆر و.. داڕشتنەوەییێكی نوێ ئەم شانۆنامەیەمان لێ بەرهەمهێنا.

كـۆمیدیـــای

بەرگی ئەفسووناوی

پـەردەی یێكەم

**(هەر جارە ئەكتەرێك دەبێتە گێڕەری شانۆییێكە)**

ئەكتەرێك: گەلی برادەران !

ســاڵێ بــەو عــەیام..بــەنێو ئــەم هەرێمــەدا قــاو بــڵاو بـۆوە، وەســتاو شــاگردێكی فـرە دەســتڕەنگین لــە هەندەرانــەوە هــاتوونو جـۆرە بــەرگو كاڵاییــك دەچــنن و دەدروون، هێنــدە ســفتو پوخــتو جوانــە، مەگــەر شــایانی شــازادەو مــیرو وەجــاخزادان بێــت، ئەمــەیان بەهــەر حــاڵ.. دەڵــێن جـۆرە ســیحرو چاوبەســتییێكی مـرۆڤ وڕكەریـشی تێـدا دەكەن، كە بە راستی هیچی لێ نازانم بۆتان بگێڕمەوە..

ئــەمجا هــەموو فەســڵێك وەرزی خوایــەو..لــەم تــەرزە ڕووداوانــەدا، دوێنــێو ئــەمڕۆو ســبەی چــونیێكنو گــەلێك جار مێژوو خۆی كاوێژ دەكاتەوە.

ئیدی وا بزانن هەر ئەو دەورو دوكانەیەو, هەمان تاسو هەمان حەمامە، دە فەرموون!

پاشا: **(لەسەر تەخت هەڵدەستێت)**

لــە خۆشــیاندا جــێ بــەخۆم نــاگرم، دەڵێــی مــاخۆلانم پێكــەوتووە، هــا! تــۆ! **(بــۆ جێگــری 1)** وتــت هــەمووی لــە زێڕو مرواریو گەوهەر دەچنن!

جێگری 2: بەڵێ، بەڵێ! رایەڵەكانی لە زێڕ.. نیگارەكانیشی هەرهەمووی بەگەوهەر.

پاشا: مێشكم تەنیا بەوەوە خەریكە، هۆشی بردووم, بەڵام كەمێك دوودڵم، دەترسم پیلانێك لە ئارادا بێت.

جێگری 1: هــەی بــێ قــەزا بیــت، یــاخوا! دوو فــڕووج چــیان لــە دەســتدێت؟! كارەكــەیان بــە دڵــی جــەنابت كـرد، چـاكە، نەیانكرد قرت!

پاشـا: تـۆ سـەیر سـەیر! بزانـە لـە نێـو ئـەم رەعیەتـە گەلۆرەمـدا وەسـتاییێكی وا هەڵكـەوت؟! ئەمانـە هـەمو كـرمو قالۆنچەن!

جێگـری 2: قوربـان دڵ لـەدڵ نـەدەیت، هـەر دەسـتیان بـەکارکرد، چـاوێکمان دەکەینـە هـەزار، لـە دوو ڕۆژدا نهێنـی پیـشەکەیان لێـدەدزین، ئـەمجا بـە ئـارەزووی خـۆت کارگـە دادەمـەزرێنین.. بەرهـەم هێنـدە زۆر دەکـەین بـۆ هەندەرانیشی بنێریت.

جێگـری 1: ئـەم تـەگبیرە بـە بـاش نـازانم.. کارگـەی چـیو بەرهـەمی چـی؟ وای بەپەسـەند دەزانم.. لـەو دەسـتە جلـەی پاشا زێتر نابێت هیچ بەرگێکی دی دروستبکەن، چونکە هەر لێبوونەوەو.. قرت !

پاشا: ئەم نهێنیە لەم سیانە دەرناچێت.

جێگری 1: نهێنی مەرگەو تەنانەت شاژنو پەریزادیش نابێت بیزانن.

جێگری 2: ئاخر چۆن؟ ئەمانە لە هەندەرانەوە هاتوونو.. نێوبانگیان زۆر بڵاوە.. دەترسم دوایی گێچەڵی بەدو..

پاشـا: گەمـژە لێیبگـەڕێ بـۆ خـۆم! چـۆن دێڵـم جگـە لـەخۆم کەسـێکی دی لەهـەموو جیهانـدا لـەو بەرگـەی بـەباڵا ببڕدرێت؟ ها ! ؟ ئەو پەنجانە لەگۆدەخەم !

جێگری 2: ئحم، ئم..ئەمجا تێگەیشتم.

جێگری 1: باشە گەورەم! دەزانیت چەندی تێدەچێت؟!

پاشا: کەی کوشتنو تەفرو تونا کردن هیچی تێچووە؟ !

جێگـری 1: ئـەوەیان نـاڵێم, بەرگـە نوێکـەت، وەکـو حیـسابمکردووە دەرامـەتی دوو سـاڵی هـەموو وڵات ئەگـەر بەشیبکات!

پاشا: تەنیا تاجەکەی سەرم نەبێت، ئیدی هەموو شتێکی پێدەدەم.

جێگری 2: ئای بۆ ئەو ڕۆژەی ئاهەنگی پۆشینی بەرگە نوێکەت دەگێڕین!

جێگری 1: جەژنێكو ئاهەنگێکی دی دەچێتە بان ئەوانەی پێشوو.

جێگری 2: دەستکەوتێکی نوێ بۆ میللەت دەستگیردەبێت.

جێگری 1: ژیانی میللەت هەمووی جەژنو ئاهەنگە، ئەمەشیان دەبێتە سەرتۆپی دەسکەوتە مێژووییەکانمان.

جێگری 2: گەورەم تۆ چەند بۆ ئەم ڕەعیەتە پەرۆشیت؟ کەچی ئەوان! !

پاشا: ئەوان چی؟ من لە خۆشیاندا ئاگام لە هیچ نەماوە، ئەوان کوان.؟ بۆ نەهاتن؟ کەی دەگەن؟

**(دەنەڕێنیت)** کوان؟

دەنگێ: گەورەم! ئامادەنو چاوەڕوانی فەرمانی جەنابتن.

پاشا: **(خۆی قیتدەکاتەوە)**

با بفەرموون.

جێگری 1: با بفەرموون.

جێگری 2: با بفەرموون.

وەستا: **(شاگرد بە دواییەوە.. دێنو دەچەمێنەوە)** سڵاو! سڵاو لە سەروەرو تاجی سەرمان!

پاشا: سڵاو! خۆش هاتن، گەلێك شادومانم.. ئادەی شەربەتیان بۆ بێنن! گوڵاوپڕژێنیانکەن، بڕوابکەن وادەزانم ئاسمان دووکەرتبووەو ئێوەی لێ هاتوونەتەدەرێ.

جێگری 1: پاشامان ناهەقی نییە، هێندە باسی دەستڕەنگینیو هونەرمەندییتی ئێوەیان بۆ کردوون.. ئەوەتەی دنیا دنیایە باسی هیچ شتێکو هیچ کەسێك وا نەکراوە.

وەستا: سەروەرمان! هەرچییێکیان وتوە ناتەواوە, چونکە دەزانم تەنیا باسی وردەکاریو ڕەنگینیو پوختەیی نەخشو نیگارەکانیان کردووە، باسی سیحرەکەیان نەکردووە، نازانن چ ئەفسونێکی تێدەنێم.

پاشا: (**هەڵدەستێت و سەرسامە**)

ئەفسوون...سیحر! چۆن!؟

وەستا: (**هەڵدەستێت**) ئەفسوونێك.. هەتا ئەمڕۆ لە دەسەڵاتی کەسدا نەبووبێت بیکات.

پاشا: چۆن؟ ئاخر چۆن؟!

وەستا: گەورەم ئارامبە! جیاوازی پیشەکەی ئێمە لەگەڵ خەڵکیدا ئا لەمەیاندایە، لەوانەیە وەستا کاڵاچنو بەرگدرووەکانی دی بتوانن لاساییمانبکەنەوە بەڵام ناتوانن ئەفسوناوییبکەن.

شاگرد: ئەمەیان کاری منە گەورەم! من دەتوانم بە ئاسانی خۆشترینو ناسکترین ئاواز بخەمە نێو بەرگەکەت، لە نەوای نەی کاریگەرتر!

جێگری 1: وەڵڵا بابە ئەمەیانمان نەبیستووە.

جێگری 2: ئاوازو گۆرانیش؟

وەستا: بەڵێ! سەرەڕای ئەمەیش.. ئەم کاڵایە نرخێکی ئەفسوناوی دیکەی هەیە، پاشامان دەتوانێت دۆستو دوژمنی خۆی پێ جیابکاتەوە.

پاشا: (**بە حەپەساوییەوە**)

دۆستو دوژمن بە بەرگەکەم جیابکەمەوە؟ !

شاگرد: بەڵێ! زۆر بە ئاسانیش.. هەروەها دەتوانیت جگە لە دۆستو دوژمن..ئازاو ترسنۆك.. وەجاخزادەو زۆڵیشی پێ جیابکەیتەوە.

**هەردوو جێگر: (بەوپەڕی حەپەساوییەوە)** ئەمە هەر نەبووەو نابێت.

وەستا: گەورەکانم! ئێمە هەر وا بە خۆڕایی نەهاتووینەتە خزمەتی پاشای سەروەرمان, بەڵێ دەبێتو دەیکەین.. ئەوانەی دوژمنی پاشا بن، نەخشو نیگارەکان نابینن، لە داخانا کوێراییان دادێ.

شاگرد: ئەوەی دوژمنی پاشا بێت، ئاوازەکان نابیستێت.

وەستا: بەڵام ئەوەی دۆستی پاشا بێت.. تاڵو رایەڵو نەخشو نیگارەکان دەبینێتو ئاوازەکانیش دەبیستێت، دڵی بەنەغمەی بلبلو جریوەی چۆلەکەو قاسپەی کەوو نەوای نەی دەکرێتەوە.

جێگر1: (**لەبەرخۆیێوەو لەنزیك بینەرانەوە**)

بەشەرەفم حاڵ وا بڕوات لەمەودوا پاشا لەبەر جریوەجریوو قووقەقووق خەو نازێتە چاوی!

شاگرد: ئەوانەی ترسنۆكو زۆڵیشن.. هەروەکو دوژمنان.. لە باقو بریقەی کاڵاکەت سۆمایی چاوییان دادێتو.. لە ئاستی ئاوازەکانیشدا کەڕدەبن.

وەستا: بە پێچەوانەشەوە.. ئەوانەی دڵسۆزانی سەروەرمانن‌و.. نەجیبزادەو پاڵەوانە جوامێرەکان لە تەك خۆتدا چاویان ڕووندەبێتەوەو خۆشنووددەبن.

پاشا: (**هەڵدەستێتەوەو دێت و دەچێت**)

بەسە، بەس! ئیدی خەریکم ئەقڵم تێکدەچێت، خەریکم گەز گەز باڵادەکەم‌و بە ئاسماندا دەچم، دەی‌کوا شەربەت؟ کوا گوڵاو؟ دەی بەسەر منیشدا بیپرژێنن، بمدەنێ دەی! (**گوڵاوو شەربەت لە جێگرەکان وەردەگرێت‌و.. شەربەتەکە بەسەر خۆیدا دەکات و گوڵاوەکە بە دەمییەوەدەنێت**) ئای ئەوە چیم کرد؟!!

**هەه هەه ها ها.. ناهەقم نییە، نەوەڵڵا.. کوا خاولی؟ها ها..**

جێگری 2: (**بە خاولی سەرو شانی وشکدەکاتەوە**) بیللا ناهەقت نییە.

جێگری 1: (**تاجەکەی بە دەستەوەیەو، وشکیدەکاتەوە**) تەڵڵا ناهەقت نییە.

شاگرد: دەتوانی پیاوی گێل‌و نەفامیشی پێ لە پیاوی ژیرو دانا جیابکەیتەوە.

پاشا: جا چی ماوە؟! کوا تاجەکەم؟ بێنە!

وەستا: گەورەم! سەرسام مەبە! بە کورتی چوار جۆر کەس هەن, لە ئاستی بەرگەکەتدا کەڕو کوێردەبن.

دوژمنەکانت.. واتا غایەنەکان

ئەوانەی شایانی پلەو پایە نین..واتا گەلحۆکان

ئەوانەی باوکی مەعلومیان نییە..واتا زۆڵەکان

ئەوانەی کە ئامادەنین لەپێناوی پاشاو وڵاتدا گیانیان ببەخشن.. واتا ترسنۆکەکان.

جێگری2 : (**لەبەرخۆییەوە**) بەشەرەفم بەم حسابەبێت لە سەرانسەری ئەم وڵاتەدا یێك کەس نابینیتەوە ئەو بەرگ و کاڵایە ببینێت.. خۆ ئەمانە هیچیان تێدا نەهێشتەوە!

پاشا: بە ڕاستی ئەمەیە ئەفسوون، ئەمەیە جادو، ئەمەیە هونەر.. ئەمەیە دڵسۆزی‌و خزمەت، هەزار ئافەرین بۆ ئێوە.. فەرموون! چیتان گەرەکە من ئامادەی هەموو داواکاریێکانتانم.

وەستا: ئەم کارە ناوازەمان.. سەرەڕای خەرجییێکی زۆر, چەند مەرجێکیشمان هەیە، ببوورە! لە ڕاستیدا پێویستی کارەکەن نەك مەرج.

پاشا: لەئێوە داوا کردن‌و لەئێمە ڕاپەڕاندن‌و ئامادە کردن.

شاگرد: کۆشکێکی گەورەمان دەوێت.. بەشێکی دەکەینە کارخانەو ئەویدی بۆ جێی حەوانەمان.

وەستا: هەموو پێویستییێکیشی تێدا بێت.

پاشا: زۆر ئاسانە.. هەر ئێستە فەرماندەدەم!

(**بۆ جێگری 1**) ئادەی بەنێو ڕەعیەتدا جاڕدەن! لە سبەینێوە هەموویان لەو دەشتاییەی خوارووی شاردا ئامادەبن‌و لە ماوەی هەفتەیێکدا تەواویکەن!

جێگری 1: خۆم سەرپەرشتیدەکەم‌و بە پێنج ڕۆژ تەواویدەکەم..با لە ئێستەوە خەریکبم! (**دەچێتە دەرەوە**).

شاگرد: کارەکەمان بەهۆی وردەکارییەوە زۆر دەخایێنێت.. لەبەر خاتری جەنابت ئەگەر پەلەیشی لێبکەین، دوو ساڵێك دەخایێنێت، بێگومان لەو ماوەیەدا.. ناتوانین خەریکی دروستکردنی خواردن بین

پاشـا: **هەرچـی** دڵتـان دەیبـاتو ئارەزوویدەکـەن.. سـێ ژەمـە...چـوار ژەمـە... حـەوت ژەمـە..ئامادەیـە، ئەمەشـیان کاری ئەم جێگرەمە.

جێگری 2: (**بە نوشتانەوە**) بەسەر سەرو بان چاو.

وەسـتا: گـەورەم! دەبێـت کارەکـەمان زۆر بـە نهێنـی بـڕوات، مەبەسـتم ئەوەیـە نابێـت هـەر کەسـە بێـتو بێپـەروا خـۆی بـــە کارخانەکەمانـــدا بکـــات، چـــونکە بەمـــە ئەفـــسوونەکە بەتاڵدەبێتـــەوە.. لـــە لایێکـــی دیکەشـــەوە ئـــەوەی خۆراکمان بۆ دێنێتو ئەوەی کەرەسەی کارمان بۆ دێنێت دەبێت جێی متمانەبن!

وەستا: ئەمە دونیایەو.. لەوانەیە ناپاکێك ژارمان بۆ بکاتە خۆراکەوە, یاخود لە زێڕو گەوهەرەکان بدزن.

پاشا: نا..نا..چۆن دێلم شتی وا رووبدات؟! ئەم ئەرکە دەسپێرم.. بە..بە..

شاگرد: ئەگەر بە دڵسۆزێکی خۆتی بسپێریت ئەوا دڵنیاماندەکەیت, کەسێکی زۆر نزیکی خۆت.

وەستا: ئەگەر شاژن یاخود پەریزادی کچت بێت باشترە.

پاشـــا: دڵتـــان تـــەختبێت، هـــەردووکیان...زۆرچـــاکە، ئـــەم کارانـــەیان پێدەســـپێرم.. ئـــیتر تـــا جێگـــەو ڕێگـــەتان بـــۆ تەرخاندەکەین, ئەوا جارێ میوانی ئازیزی نێو کۆشکن.

(**هەڵدەسـتێتو ئـەوانیش لـە تەکیـدا.. پاشـا لەبـەرخۆییەوە**) ئـە ئـاوا خزمـەتی تـاجو وڵات دەکـەم.. ئـە ئـاوا رەعیـــەت خۆشـــنووددەکەم..ئـــەئاوا وڵات دەکەمـــە بەهەشـــت.. ئـــە ئـــاوا ژیـــانی ئـــەو خەڵکـــە هـــەمووی دەکەمـــە جەژنو ئاهەنگو هەڵپەڕین.. ئە...ئاوا (**دەڕۆن**)

پەردەی دووەم

گێڕەر: فەرمانەكانی پاشای لەمەڕ خۆمان, دەمودەست بوونە كارو فرمان، جێگری نازانم یێكەم بوو، یان دووەم، جیاوازییان نییە، بە كفلە كوونێك رەعیەتی كۆكردەوە, بەتۆپزی.. بە دار، بە شەق، بە جنێوو فەزیعەتپێكردن برانە سەر ئیش، دەبێت لە ماوەی دیاریكراودا كۆشكو كارخانەی بەرگچنینەكە تەواوبێت، ئەمەیان وا.. بەلاَم دەپرسین: ئەم وەستا ئاغرو هێمنەو ئەم شاگردە لاوە ریشنە كێن؟! لە كوێوە هاتوون؟ ئایا مەبەستیان لەم خزمەتگوزاریەی خاوەنشكۆ چییە؟ فەرموون!

پەریزاد: (**بە ژوورەكەیدا دێتو دەچێت...دەوەستێت**) ئەم دوو میوانەی كۆشك كێن؟ دەبێت بیانبینم،، خۆ من لەم كۆشكەدا بوومەتە قازی كوێر.. هەموو رۆژێك لەو كۆمەڵە دەبەنگە زێتر كەسی دی نابینم، ئادەی! (**بە دەنگی بەرز**)

كەنیزەك: (ئەگەر ئافرەت نەبوو دەتوانرێت هەر دەنگی لە دەرەوە بێت) ئەمەتام خانم!

پەریزاد: بچۆ ئەو وەستاو شاگردەم بۆ بانگكە!

كەنیزەك: بەسەرچاو هەر ئێستە خانم!

پەریزاد: نا.. (**دەوەستێتو بیردەكاتەوە**) وەرە! بوەستە! بچۆ پێیان بڵێ ئەگەر حەزدەكەنو دەتوانن با تەشریف بفەموون بۆ لام، ئەگەر ناشتوانن.. ئەوا پێیان بڵێ پەریزاد دێتە خزمەتیان.

كەنیزەك: (یان دەنگەكەی) بەسەر چاو! هەر ئێستە (**دەڕوات**) .

پەریزاد: ئەمانە چین؟ جادووگەرن؟! فاڵچین؟ (**بیردەكاتەوە**) لەوانەیە جووتێك ساختەچیبن.. بۆ نا؟ دەنا شتی وا نەبووەو نابێت..زۆڵ نایبینێت، ترسنۆك نایبینێت، حەپۆڵەكان نایبینن، غایەنەكان، ئەمە جادووە.. پیلانە.. دەترسم پەنگێك بە باوكم بدەن، دەترسم.. چونكە باوكم لە گشت كەس حەپۆڵەو دەبەنگترە، بەلاَم چی دەڵێیت باوكە.. دەنا ئەوەی ئەو دەیكات كەس نەیكردووەو نایكات، لە راستیدا هەرچی پێبكەن، شایستەیەتی، ئەو لەگەڵ منیشدا.. منی تاقانەیدا.. چی پێنەكردم! بەلاَم هەر دەبێت بچمە بنج و بنەوانی....

كەنیزەك: خاتوون! ئەوە شاگرد چاوەڕوانە.

شاگرد: (**دێتە ژوورێ**) سلاَو لە خاتوون!

پەریزاد: سلاَو لە تۆیش! فەرموون ئەی وەستات بۆ نەهات؟

شاگرد: وەستام زۆر ماندووە.. دوو رۆژ یێكبینە بەڕێوەبووین، هێشتا بەرچاییشی نەخواردووە؟

پەریزاد: ئەی تۆیش لە تەكیدا نەبوویت؟!

شاگرد: من شەوێ زوو نووستم, ئەو هەر خەریكی نەخشەی.. ئا.. بیری لە نەخش و نیگارەكانی سەر بەرگی نوێی باوكت دەكردەوە.

پەریزاد: (**بە وردی سەرنجیدەدات**) فەرموو دانیشە! یاخوا بەخێر بێیت!

شاگرد: لە خزمەتدام.

پەریزاد: **ها کوڕی قۆز!** تۆ هەر بەردەستی وەستات دەکەیت؟ یان لە نهێنی پیشەکەیش دەزانیت؟

شاگرد: لە وەستامەوە هەمووی فێربووم.

پەریزاد: کەواتە تۆیش جادووگەرێکی وەك ئەویت؟!

شاگرد: ئەمە نهێنی پیشەکەمانە.

پەریزاد: (**بە هێمنی**) کوڕەلاو! دەزانی من گومانتان لێدەکەم! وا هەستدەکەم پەنگو مەخسەرەیێکتان بە دەستەوەیە.. جا ئەوسا خۆم دەزانم چیتان بەسەردێت.. لەوەدەچێت نێوبانگی باوکمتان نەبیستبێت!؟

شاگرد: (**بە خەندەوە**) هەی بێقەزا بیت یاخوا خاتوون! کەس هەیە باوکت نەناسێت؟ پەریزاد لەوەیان دڵنیابە!

پەریزاد: چۆن زانیت ناوم پەریزادە؟

شاگرد: ئای هەمدیسان!! کەس هەیە ناوی کچە تاقانەکەی پاشا نەزانێت؟ ئەمانە ئاساین، ئێمە ئەو شتانەش دەزانین کە کەس نایانزانێت

پەریزاد: شتی وەك چی؟

شاگرد: ئێمە دەزانین باوکت.. نەك لەگەڵ خەڵکیدا بەڵکو لەگەڵ تۆو دایکیشتا چۆن رەفتاردەکات.. ئەوەتا دایکت هەردەم وەك کۆستکەوتوو.. خەمبارو دەستەوئەژنۆو چاو بە ئەسرینە، تۆیش...کراویتە باڵندەیێکی باڵشکاوی لە قەفەزنراو.

پەریزاد: (**هەڵدەستێت**) بە راستی پێم بڵێ ئێوە چیتان بەدەستەوەیە؟!

شاگرد: (**بە هێمنی هەڵدەستێت**) هەرچەندە ئەمە نهێنیە, بەڵام دەبێت لای پەریزاد ئاشکرای بکەم.. خاتوونەکەم! بەرگە نوێیێکەی خاوەنشکۆ والێدەکەین.. هەرکە پۆشی.. هەرچی هێمنیو سۆزی مرۆڤایەتی هەیە بگەڕێتەوە هەناوی، هەرچی بێمروەتیو رقوکینە هەیە لە دڵی دەربێت، ئەمەیان کاری منەو من بۆ ئەمەیان هاتووم.

پەریزاد: (**لەخۆشیاندا دەیەوێت باوەش بە شاگردا بکات.. بەڵام جورئەت ناکات**) ئاخر چۆن؟ دەبێت ئێوە چیبن ئەمانەتان لە دەستبێت؟ لە ئاسمانەوە هاتوون؟! یان لە ناخی زەوییەوە هەلقولاون؟! فریشتەی یەزدانن؟ یان پەیامنێری ئەهریمەنن؟چین؟ (**هێمندەبێتەوەو بە ماتەمینیێوە**) بڕوا ناکەم! ئەم کارە بە کەس ناکرێت.. چۆن بڕواتان پێبکەم؟!

شاگرد: (**بەهێمنی**) هەر بۆئەوەی دڵنیابیت.. ئەوا ئێستە چەند شتێکت پێدەڵێم.. ئەگەر درۆبوون ئەوا هەموو شتەکانی دیکەمان ساختەن.

پەریزاد: (**بە پەرۆشەوە**) دەی کوڕەلاو! قسەم بۆبکە!

شاگرد: خۆ کەس لەم ناوەدا چاودێریمان ناکات!؟

پەریزاد: (**سەرێك دەباتە دەرەوە**) هەر خۆم وخۆتین!

شاگرد: دەستت بێنە!

**(پەریزاد بەکەمێك دڵەڕاوکێوە..دەستی دەداتێ)**

ئاااااه پەریزاد! کوڕە شوانکارەیێك هەبوو ناوی کاوە بوو..

پەریزاد: (**دەستی دەکێشێتەوەو رادەچڵەکێت**) کاوە؟!! ئێ ئێ؟ (**هێمندەبێتەوە**) جا کەی ئەمە نهێنیە!؟ ئەمە هەموو کەس دەیزانێت.

شاگرد: (**ڕوودەکاتە پەنجەرەکە**) راستە! هەموو کەس دەیزانێت.. هەمووش دەزانن خاوەنشکۆ سەرو سمێڵ و بڕۆی تاشیو.. بە روتی بەستی بە کۆڵی کەرێکەوەو.. دۆو دۆشاویشی بەسەرداکردو, ئەمجا بە نێو شاردا گێڕای, تا گەیاندیانە چۆڵەوانیو, لەوێوە شاربەدەرکرا... (**پەنجە رادەکێشێت بۆ دوور**) ئا لەوێوە ڕۆییو ئیدی نەهاتەوە.

پەریزاد: ئەمە بە بەرچاوی خەڵکییەوە بوو.

شاگرد: بەڵام کەس نازانێت چی بەسەرهات! کەس نازانێت هەرچی بەسەرهات بەهۆی پەریزادەوە بوو.

پەریزاد: من..من..نا..نا! پەیوەندی بە منەوە.. نا...

شاگرد: کەواتە کاوە دز بوو، وانا؟

پەریزاد: نا..نا.. کاوە دز نەبوو، کاوە هەرگیز دز نەبوو.

شاگرد: خاوەنشکۆ وای بڵاوکردەوە, کە ئەم ملوانکە مرواریەی وا لە گەردنتدا.. کاوە لێی دزیبوویت، وا نەبوو؟

پەریزاد: (**توند دەستدەداتە ملوانکەکەی ملی و دەیپچڕێنێت**) هەمووی بوختان بوو.

شاگرد: (**لەگەڵ کۆکردنەوەی دەنکە مرواریێکاندا**) پەریزاد! گوێی مەدەرێ ئارامبە! (**دەنکەکانی دەداتەوە دەست**) لەوە دەچێت لەو ڕۆژەوە کاوە بێ سەروشوێن بووە، تۆیش ئارامت لەبەر هەڵگیرابێت، پەریزاد! باوکت درۆناکات، باوکت راستدەکات، کاوە دز بوو، کاوە شتێکی لە تۆ دزی، نە باوکت و نە هەموو جەندرمەکانی باوکت نەیانتوانی لێی بسەننەوە.. بردیو ڕۆیی.....

پەریزاد: (**توند دەستی شاگرد دەگرێت**) کاوە دڵی بردم، هەرچی شادیو ئارامیو ئاسودەگیم هەبوو بوو بردی.. (**بە پاڕانەوەوە**) کوڕەلاو! تکات لێدەکەم هیچ هەواڵێکی نازایت؟ ئەگەر ئەمەم بە راستی پێبڵێیت ئەوا بڕوای تەواوتان پێدێنم.

شاگرد: من راسپاردەی ئەوم بۆ هێناویت، لای ئەوەوە هاتووم، پەریزاد! هەست بە هیچ ناکەیت، دڵت هیچت پێ ناڵێت؟! دەزانیت بە هاتنم مەرگی خۆم بەسەر دەستمەوە گرتووەو هێناومە.

پەریزاد: (**باوەشی پیادەکات**) دڵم هەر زوو هەواڵی دامێ... کاوە گیان! وەرە تاوێ لە کنم دانیشە کوا شمشاڵەکەت؟! (**دادەنیشن**)

کاوە: ئەوەیان باوکت شکاندی، لەژێر چەکمەکانیدا ئاوازەکانم دەگریان.. بەڵام منی شوانکارە هەردەم پەنجەو لێوم بە شمشاڵەوەیە، شمشاڵەکەم هاودەمو سەبووریبەخشی ڕۆژانی مەرگی دایکە بێکەس و هەناسەساردەکەم و, دووری تۆ بوو، بەڵام نابێت لەنێو ئەم کۆشکەدا فووی پیابکەم!

پەریزاد: من بووم سەرگەردانم کردیت، مایەی گشت نەهامەتییێکانت من بووم، بەڵام کاوە گیان! بەتەنیا تۆ ناسۆریت نەچێشت، منیش چێژتم، تاڵاوی دنیام چەشت.. (**هەڵدەستێت..دێتو دەچێت**) سات بە ساتی ئەو کارەساتەم لەبەرچاوە، هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، ئەوئاوازە خەمناکانە هەتا ئێستەش لە دڵمدا دەنگدەدەنەوە.. لەگەڵمدا دەگرین...

(دیمەنێك)

**(لەگەڵ ئەم وتانەدا تاریکی دادێت، تەواو تاریك.. ئەمجا دیمەنی باخچەی نێو کۆشك دەردەکەوێت...کاوە شمشاڵ بۆ پەریزاد لێدەدات "جێگری 2,1" لە پەناوە چاودێریاندەکەن)**

کاوە: (**زۆر بە سۆزەوە ئاوازێکی خەمناك بە شمشاڵ لێدەدات.. کە لێدەبێتەوە**)

دره‌نگە..زۆر درەنگە (**هەڵدەستێت**).

پەریزاد: کاوە! ئاوازەکەت زۆر خەمناك بوو، بەرد دەکاتە ئاو!

کاوە: پەریزاد! دەبێت زوو بڕۆمەوە.. بچم بەلای دایکمەوە.. ئەوە دوو ڕۆژە لەسەرەمەرگدایە.

پەریزاد: قەیناکە کاوە! (**هەڵدەستێت**)

بەڵام بەرلەوەی بڕۆیت، ها...

**(ملوانکە مرواریێکەی لە ملی دەکاتەوەو دەیداتێو هەر لێویان دەجوڵێن و, دەیەوێت بەزۆر بیداتێ)**

کاوە: (**لێی وەردەگرێتو دەیکاتەوە ملی پەریزاد**)

پەریزاد: (**لێوانی دەجوڵێنو تووڕەیەو, ملوانکەکە گرمۆڵەدەکاتو لە باخەڵی کاوەی دەنێت**)

پاشا: (**لەم کاتەدا گەیشتۆتە لای هەردوو جێگرو, هەموو لە پەناوەسەیردەکەن**)

جێگری 1: (**بە پەنجە ڕووداوەکە نیشانی پاشا دەداتو, لێویان دەجوڵێن**)

کاوەو پەریزاد: (**زۆر لە یێکەوە نزیکنو, تا لێك جیادەبنەوە بە نۆرە لێویان دەجوڵێت**)

پاشا: جوانە!! زۆر جوانە!! هەر ئەمەمان مابوو،

(**بۆ جێگرەکان**)

فەرمان بە یاساوڵەکان بدەن، لە نێو بازاڕو بەبەرچاوی خەڵکێوە بیگرنو بیپشکنن.. ئەوجا خۆم دەزانم چۆن دەردی تیماردەکەم!؟

(**جێگرەکان دەڕۆن..پاشا لەبەرخۆیێوە** ) ئێی پەریزاد! هەی نارەسەن.. کەس نا، هەتیوە شوانێك! دەست لەتەك شوانکارەیێك دەستۆدەکەیت! ناهەقت نییە.. دەگەڕێیتەوە سەر رەگەزو بنەچە نارەسەنەکەی خۆت.. (**بەدەنگی بەرز**) پەریزاد! کچێ پەری!

دەنگی پەریزاد: (**لە دوورەوە**) بەڵی باوکە گیان!

پاشا: (**بە تووڕەیێوە**) کوایت؟

پەریزاد: (**بە هەناسەبڕکێوە**) ئەوەتام باوکە!

پاشا: (**لەسەرەوە تا خوارەوەو بە پێچەوانەیشەوە لێی وردەبێتەوە**)

پەری! ئەوە کوا؟! کوا ملوانکەت؟!

پەریزاد: ها..ه..(**دەست بۆ گەردنی خۆی دەبات**) ..ملوانکەکەم!! ئۆه... بەیانی کە خۆم شۆرد.. وابزانم هەر بە سنگەکەوە لەوێ بیرمچوو.

پاشا: هەر ئێستە بڕۆ بیهێنە..دەی!

پەریزاد: (**دەڕوات**) باشە..دەچم..بزانم...دەگەڕێم.

**(هەردوو جێگر دێنەوە)**

جێگری 1: گەورەم! هەر..هەر ئەوەندەی بلێی یێکو دوو.. لەنێو خەڵکیدا ئابڕووماننبردو, لە باخەڵی دەرمانهێناو, خۆیشیمان گرتووە.

جێگری 2: فەرموون ئەوەتا! **(ملوانکەکەی دەداتێ)**

پاشا: دەستتان خۆش! فەرموون ئێستە بچن بەلای کاری خۆتانەوە!

هەردوو جێگر: **(دەڕۆن)**

پاشا: ئاوووا! **(هاواردەکات)**....پەری! کچێ ئەوە چیت بەسەرهات؟

دەنگی پەریزاد: بەڵێ باوکە! بەخوا زۆر گەڕام دیار نییە، چیبکەم؟!

پاشا: وەرە دەی وەرە! دیارە لێیان دزیویت.

دەنگی پەریزاد: دوایی هەر دەیدۆزمەوە.. ئاخۆ لە کوێ لەبیرمچووە؟

پاشا: کچێ دەڵێم وەرە!

پەریزاد: **(دەگاتە لای)** زۆر گەڕام بەڵام ...

پاشا: **ها!** **(دەیداتەوە)** بیگرە! ئەو هەتیوە شمشاڵژەنە دزیبووی.

پەریزاد: **(سەیری ملوانکەکە دەکاتو دڵی پڕدەبێت)**

نا..نا..باوکە..نا..نەیدزیوە..خۆم پێشکەشمکرد.... بەزۆر دامێ.

پاشا: ئاوووا...**(لە قژی دەنەوێت)** پێمبڵێ! ئەو سەگبابە چۆن گەیشتە ئەم باخچەیەمان؟

پەریزاد: **(بە گریانەوە)** چیت پێبڵێم؟! دیارە چۆن بە زۆر کردتان بە دز! ئەئاوایش دەزانن.. تۆو دایکم ئاگادارن چۆن **هاتووە...**

پاشا: **(قژی بەردەدات)** من ئاگام لە هیچ نییە.

پەریزاد: بڕۆ لە دایکم بپرسە! ئەوە دوو مانگە دێتە ئێرە.. کە ئێواران بە ماندوێتی دێتەوە ..دێتو شمشاڵم بۆ لێدەدات، شوانەکەی خۆمان نە شمشاڵی هەیەو نە دەزانێت فووی پیابکات، دایکم ئاگادارە شوانەکەمان بە دایکمی وت.. کاوە شمشاڵێك لێدەدات بەرد دەکات بە ئاو.. تکام لێکرد کە بیهێنێت، بە زۆر هێناومانە.

پاشا: ئێ!! دیارە ئەمە ئیشی دایکتە.. من نازانم بە دەست دایکتەوە چیبکەم؟ دونیای لێکردومەتە دۆزەخ.

پەریزاد: باوکە! تکات لێدەکەم! کاوە گوناهە..کاوە بێتاوانە..دایکی لەسەرەمەرگدایە..ئەوە...

پاشا: وەلبە لەبەرچاوم! چەند بێ چاوو رووە..بڕۆ دەی!

پەریزاد: **(دەگری)** کاوە بێتاوانە... کاوە دز نییە..

پاشا: **(تووڕەیە)** وتم بڕۆ ملت بشکێنە..دەی!

پەریزاد: **(بە گریانەوە دەڕوات)** دز نییە..کاوە دز نییە..کاوە ملوانکە مرواریێکەی نەدزیبوو...نا... نا.. دز نەبوو...

**(کۆتایی دیمەنەکە)***

کاوە: **(دەستی دەگرێت)** با! جەردە بوو، لە مرواری بەنرختری لێ دزیت..

پەریزاد: من خۆم دامیتێ..بە حوسنو رەزای خۆم.

کاوە: نا من بردم, کچێ تۆ هێشتا من بە باشی ناناسی چ جەردەییێکم!؟ من کل لە چاوم دەفرێنم، ئەوەی دەیبەم هەرچی چەتەی دنیا هەیە.. هەرچی جەندرمەی چەکبەشان هەیە ناتوانن لێمی بسەننەوە!

## پەردەی سێیەم

گێڕەر: ئازیزان! کۆشكو کارخانە تەواو بوو، ئەی چۆن؟! فەرمانی شایەو چ بۆ دروستکردنبێتو چ بۆ کاولکردن .. دەمودەست بە بێگاری جێبەجێدەکرێن، دوو سەرگەردانو مالۆێران, کە دەستیان لە ژیانو سەری خۆیان شتبوو، لە کۆشكو کارخانەدا نێشتەجێبوون...ئەوی دەیبینن **(پەنجە رادەکێشێت)** تەونی تایبەتی بەرگە ئەفسووناوییێکەیەی پاشایە، جوان بڕوانن! ئەها ئەوەتا! ئیدی من هەقی ئەوەیانم نییە، بەلاّم ئەم دوو سەوداسەرو هونەرمەندە لە نهۆمی سەرەوەدا کارێکی مەزنو ئەفسووناوی راستەقینەیان بەدەستەوەیە، ئەویان بەرگی ئەفسوناوی هەقیقییە.. بەلاّم دەبێت بەنهێنی بێت، هەقیقەت نابێت دەرکەوێت، چونکە پاراستنی زۆر زەحمەتە!

وەستا: **(هاوار دەکات)** کاوە کوڕم کاوە!

دەنگی کاوە: **(لەسەرەوەیە)** بەڵێ مامە گیان!

وەستا: دەوەرە پشوییێك بدە!

دەنگی کاوە: تەواو.. تەواو.. تەونەکانم بە چاکی دمەزراند، هەر ئەوەیان ماوە رایەڵیان سەرخەینو دەستپێبکەین...**(بە پلیکانەدا دێتە خوارێ)** وەستا! لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا, ئەگەر سەرمان لێ نەشێوێنن، کارێکی وادەکەین،تەنیا یێك کەس نەبێت.. هەموو خەڵکی ئەم شارە پۆشتە بکەینەوە..

وەستا: یاساییێکی بێفەڕە..خۆشگوزەرانیو پۆشتەیی تاکە کەسێك“ رووتیو رەجاڵیو سەرگەردانی ملیۆنەهای بەدواوەیە، کاوە دەبێت زۆر وریابین، رێگەکەمان پڕ مەترسیە.

کاوە: سەرێکەو هێناومانە، من ئیدی باکم لە هیچ نییە.

وەستا: دوای قاوەڵتی دەچیتە بازاڕ.. چی ئاوڕیشمو پەشمی رێسراو هەیە گالیسکەکەی لێ پڕدەکەیت.

کاوە: ئەو ژنانەی خوریو پەتکیشیان نییە، بۆیان دەکڕمو بەسەریاندا دابەشیدەکەم، با بیڕێسن، وەستا گیان من هەموویان دەناسم.

وەستا: کوڕەکەم ئامان! ئاگات لە خۆت بێت، خۆت ئاشکرا نەکەیت!

کاوە: جا ئێجگاری بڵێ سەری هەردووکمان بەفەتارەتبدە! خۆ پاشا قینی لە تۆ زێترە تا لە من، ئەوپەڕی جاریکی دی ، قژم هەڵدەپاچێتو, لە کۆڵی بارگیرێکم دەنێو شاربەدەرمدەکاتەوە.. بەلاّم تۆ!! ئای مامە گیان! مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێت چی لەتۆ دەکات!

وەستا: من خەمی خۆم نییە، خەمی تۆمە، لەوانەیە ئێستە پاشا بەتەواوی تاقەتی لە شاناز چوو بێت، هەر بە هیچیشی نەزانێت، تەنیا هێندە هەیە ئەگەر بزانێت من کێمو تۆ کێیت، ئەوا ئاشکرادەبێت کە سەرجەمی کارەکەمان فێڵوفەرەجو تەڵەکەبازییە، ئا.. بیرمکەوتەوە.. هەر کاتێك هاتن، تۆ بچۆ بە پیریانەوە، نەوەکو شانازخانیان لە تەکدا بێت، ئەگەر وا بوو, ئەوا خێرا پێمبڵێ، تا خۆم بشارمەوە، با ئەو نەمبینێت.. ئەگەر هەر پەریزادیان لەتەکدا بوو، قەیناکە، پەریزاد نامناسێتەوە، هەر ساڵو نیوێك دەبوو کە بردیان.

کاوە: مامە گیان! ئەو کاتە شانازخان خۆی هیچی نەکرد؟ هیچی نەوت؟ هەروا سووکو باریك قایلبوو؟

وەستا: شانازی خێزانم نەیدەزانی چیبکات، لەولاوە بەهەڕەشەو ماڵکاولکردن, حەیشمان لێ تاڵکرابوو، ئەمجا کوشتنیشمان مسۆگەربوو، لەم لایشەوە شاناز دەیزانی دەبێتە شاژنو, هەموو دنیای لەبەردەستدادەبێت، ئیدی لەبەرخاتری کچەکەشمان زۆر لانی زەلیلبوو.

**(زرەی گالیسکە دێت)**

کاوە: خۆیانن..(**لە پەنجەرەوە سەیردەکات**) وەستا مەبزووە! تەنیا پەریزادیان لەتەکدایە، بڕوا مەکە ئامۆژنە شانازم لەبەر کۆستکەوتوویی خۆی سەری ئەوەی بپەڕژێت بەم نێوەدا گوزەربکات...(**دەرگەکە دەکاتەوەو دەچێتە پێشوازیکردنی پەریزاد)**

وەستا: (**تەنیایەو لەبەرخۆییەوە**) ئای دنیای ملهوڕان! هەر خەریکی ئەوەبە خۆشەویستان لە یێکدی جیابکەرەوە! وەرە کچی خۆتبێتو نەتوانیت بینێیت بەسینگتەوە! بە منداڵی خلەخل دەهاتو باوەشی پێدادەکردم ماچیدەکردمو ماچمدەکرد، ئێی چەرخی چەپگەردو یاسای زۆرداران! باجارێ وابێت.

کاوە: (**دێتە ژوورەوە**) فەرموون!

پەریزاد: (**لەگەڵ دوو کەنیزەك-یاخود نۆکەر- ی مەنجەڵو قاپ بەدەست دێتە ژوورێ..روویان تێدەکات**) بیبەنە سەرەوە!

**(دەیبەن.. بۆ وەستا)** وەستا خوا قەوەتتبات!

وەستا: خۆشبیت کچەکەم!

پەریزاد: تا ئەو کاتەی گالیسکەی تایبەتیتان بۆ تەرخاندەکەین.. ئەمەی خۆم لە خزمەتتاندا دەبێت، باوکم وای بەباشزانی، هەرچی داواکارییێکی بازاڕتان هەبوو بۆتانی ئامادەبکات، بەلاّم لەسەر داوای خۆتان من قەناعەتمپێکرد، کە گالیسکەیێکتان بدەینێو خۆتان بە سەربەستی چی پێدەکەن بیکەن.

کاوە: گەلێك سوپاس، بۆ خاتوونی بەڕێز!

**(هەردوو نۆکەر دێنە خوارێ)**

پەریزاد: ئەمجا بە خواتان دەسپێرم.

وەستا: چۆن دەبێت؟ ئەی قاوەڵتیمان لەتەکدا ناکەیت؟!

پەریزاد: سوپاس مامەگیان! ئیشەڵڵا بۆ کاتێکی دی.

**(دەڕۆن)**

وەستاو کاوە: بەخێرچیت! خواتان لەگەڵ!

کاوە: وەستا! دەی بابچین نانەکەمان بخۆین.

وەستا: جارێ کوڕەکەم! دڵم ئەشتەبای خوای نابات، شمشاڵەکەت دەرکە با دەروونمان کەیلی ئاوازبکەین، دەی لاوە شوانکارەکە!

کاوە: (**فووی پیادەکات و ئاوازێکی زۆر بە جۆش و خەمناك لێدەدات)**

وەستا: (**لەگەڵ بەردەوامی ئاوازەکەدا سەر بەرزدەکاتەوە, هەڵدەستێت و دێتەپێشەوە**) خودای گەورە چیمان کردووە تا ئاوا سەرگەدانمان بکەیت؟! تا کەی بەدەست جەورو ستەمەوە بناڵێنین خوایە گیان؟! دە

تەنیا جارێك بەدەنگمانەوە وەرە! تەنیا ئەمجارە بەتەنگمانەوەببە! مەبەستەكەمان پاك و پیرۆزە، لەمەیش زێتر چیدیمان لە تواتانادا نییە، هەر ئەمجارە پشتیوانمانبە خوایە گیان!

كاوە:( **لە شمشالّ لێدان دەوەستێت**) وەستا! ئەوە لەگەلّ كێدا قسەدەكەیت؟ كوڕە پیاوی چاكبە! وا من لە برسا مردم.

## پەردەی چوارەم

گێـڕەر: (ئەکتـەرێك): تـەنیا تکایێکتـان لێدەکـەم.. کاتێـك وەسـتاو شـاگردی هونەرمەنـد، خـەریکی چـنینی کـالاَ ئەفـسووناوییێکەی خاوەنـشکۆ بـوون، تکایـە! هـەر چـاوێکتان بکەنـە هـەزار، هەوڵبـدەن شـتێك لـە تەونەکـەدا ببیـنن، باشـە!؟ رایـەڵێك, گوڵنکـەیێك، نیگارێـك، دەنکـە مرواریێـك، کـوڕە تاڵـە موویێـك، ببـوورن! لـەو دوورەوە تاڵـە موویێـك نابینرێـت، تکایـە ئەوانـەی چـاویان کـزە، بـا چـاویلکەکانیان لەچـاوکەن، ئـەوەی دووربینـی هێنـاوە، بـا بـەکاریبێنێت، نـەك دوایـی، خوانەخواسـتەو..پـەرژینێکی قایمبێـت و،حاشـامینحوزوور.. بخرێنە نێو..ئۆه.. ببوورن! بێگومانم هەر شتێك دەبینن، قابیلە نەیبینن؟!

**(دەنگی زەنگی گالیسکە دێت)**

وەستا: ئەها هاتن! ئەمڕۆ وادەی هاتنی یێکێك لە جێگرەکانە کاوە زۆر وریابە! **(دەچێتە سەر تەونەکە)**

کـاوە: **(لـە پەنجـەرەوە دەڕوانێـت)** خـۆییتی.. جێگـری دووەمـە، لێپرسـراوی شـەربەت خواردنـەوەو گولاَوپژاندنـە..وا هاتن...**(دەرگە دەکاتەوە)** فەرموون!

جێگـری 2: **(دێتـە ژوورێ.. ئـاوڕ بـۆ یاسـاوڵەکان دەداتـەوە)** ئێـوە لەوێـدا بووەسـتن! نەیەنـە ژوورە! **(بـۆ کـاوەو وەستا)** سلاَوتان لێبێت و ماندوونەبن!

وەستا: **(بە پیرییەوە دەچێتو دەستی دەگوشێت)** بەخێربێن سەرچاو! گەورەتانکردین، فەرموون دانیشن!

جێگری 2: سوپاس.. خۆ گلەییتان لە هیچ نییە!؟

وەستا: گەڵێ مەمنوونین.. لە هیچ ولاَتێکدا هێندە دڵنیاو کەیفخۆش نەبووین.

جێگری 2: کار لەچیدایە؟

وەسـتا: هـەی بێقـەزابیت یـاخوا! هـەرگیز کارمـان وا بـە پـوختی نەڕۆیـشتووە، هـەر هێنـدە هەیـە، کـاتی پـشودانمان بـە چنینی کالاَی خەڵکییەوە بەسەردەبەین.. دەنا هەر خەریکی کاری پاشاین.

جێگری 2: ئەی ناکرێ واز لەهی ئەو خەڵکە بێنن؟

وەسـتا: بـۆ نابێـت گـەورەم! بـەلاَم ئێمـە لەگـەڵ پاشـادا وا رێکـەوتووین کـاتی بێئیـشیمان کـالاَ بـۆ خـەڵکی ولاَت بچنین...**(بۆ کاوە)** وانەبوو رۆڵە؟!

کـاوە : **(بـۆ جێگـری 2)** قوربـان! ئێمـە ئـەو سـەریمان لێکـداییەوە، ئـەو رۆژەی کـە دەبێتـە مـەزنترین جـەژن, ئاهـەنگی پۆشـینی کـالاَی ئەفـسووناوی خاوەنـشکۆ دەگێـڕین.. جـوان نییـە، خـەڵکی بـەڕووتیو رەجـاڵیو شـڕۆڵەیی بێنـە ئاهـەنگگێڕان، وتمـان بـا کـەمێك ئـەوانیش پۆشـتەبکەینەوە، ئـاوا چـی پـەتکو کوڵـکو مـووی بێکـەڵك هەیـە ..وردە وردە ئەوان بۆمان دەڕێسنو ئێمەیش بەپێی توانا، بە تەونەکانمان بۆیان دەچنین.

جێگری 2: پەسەندە! زۆر پەسەندە! بەمەرجێك کارنەکاتە سەر ئەوی خاوەنشکۆ.

وەستا: ئێمە لەسەر وادەو پەیمانی خۆمانین، بەچاوی خۆت ببینیت، لەم دوو سێ مانگەدا چیمان کردووە!

جێگری 2: یەڵڵا دەی! منیش بۆئەوە هاتووم .

**(بەرەو لای پلیکانەکانی ئەولا دەڕوات)**

کاوە: گەورەم ! بۆ کوێ؟ ئەوەتا لێرەوەیە.. لای وەستامەوە.

وەستا: **(لەسەر تەونەکە دانیشتووە)** فەرموو قوربان فەرموو!

جێگری 2: **(بە شڵەژاوییەوە دەگەڕێتەوە) ئحم..ئم! ئەمەیە وەللاهی.... (گەلحۆیانە پێدەکەنێت)** راستە ! خۆییتی ئەمەتانێ! ئەرێوەڵلا! ئەی..ئەی باشە..هینەکەی واتا هەرامەکە !

وەستا **(خۆی خەریککردووە)** هینەکەی گەورەم؟! ئەمەتا ! **(پەنجە بۆ بۆشاییێك درێژدەكات)** ئەمەتا ! ئەمانە رایەڵەکانن، ئەمەش مەکۆکەیە بەدەستمەوە.. ئەمەیش شانەکەیە..ئەی! **(بۆ کاوە)** ئادەی کوڕم تۆزێك لای خۆتەوە هەڵیکەرەوە ! ئا باشە.. وەرە ئەمە بگرە ! ئا دەی لە ژێرەوەبیدەرەوە دەستم!

کاوە: **(لە خۆییەوە ئەو کارانە دەکات)**

وەستا: **(ئەم قاچی بەرزدەکاتەوەو ئەویان نەویدەکات و بەم دەست شتێك فرێدەداتو بەو دەست دەیگرێتەوە.. ئەمجا شتێك یێك دوو جار بەرەو پێشو پاش رادەتەکێنێت..)** ئاووا ! !

جێگری 2: **(ئەبڵەقبووە، سەرو کەللەی لەگەڵ دەستی وەستاو شاگردا دەجولێنێت)** ئەوەتا هەی ئافەرین! **(دێتە بەردەم شانۆ.. کاوە لاساییدەکاتەوە, چاو هەڵدەگلۆفێت ئاوڕ بۆ وەستا دەداتەوە، مل درێژدەکات)** ئەرێ وەڵلا! **(لەبەرخۆییەوە)** تۆ بڵێی غایەنو نمەك بەحەرامبم!? نا..نا..خۆ زۆڵیش نیم....**(چاو هەڵدەگلۆفێتەوەو ئاوڕدەداتەوە)** بۆ نا ! ؟ من چوزانم! ! لەوانەیە زۆڵی حەرامزادە منبم.. دەنا بۆ هیچ نابینم؟! ئێ ئێ.. ترسنۆك ..من ترسنۆکم ئەرێوەڵلا جاری وا هەیە لەبەردەم خاوەنشکۆدا خۆم تەڕدەکەم! وەك بی نێو ئاو دەلەرزم! **(سەیرێکی وەستا دەکاتەوە)** لەوانەیە حەپۆڵەبم نەفامبم، بۆ ئەم پایەیەم نەشێم، ئەرێوەڵلا! بارەگوێزم لێبنێن خرەی نایەت! ئەی باشە، کوێراییمە!؟ **(بە بڕوا بەخۆبوونەوە دەگەڕێتەوە لای وەستا)** بە راستی شتێکی نایابە! ئەنتیکەیە! ئەمە قوماشەکەیە وانا؟

کاوە: بەڵێ خۆییتی گەورەم! بەلاّم جارێ نیوەو نیوەچڵە، تۆ سەیر! **(پەنجە دەخاتە سەر تەونەکە)** ئەم گوڵەجوانە دەبینیت؟

جێگری 2: **(پەنجەی لە رێکی هی ئەو دەگرێت)** ئا ئەمە؟ ئەی چۆن! ئەم گوڵە ناڵێیت؟

وەستا: دەزانیت لە چی دەچێت؟

جێگری 2: **(دەپەشۆکێت)** ئەم گوڵە جوانە ! ئەم گوڵە رەنگینە ! لە هین..کوڕە لە گوڵی هین...

شاگرد: ئەمە گەلاّ مێوە...

جێگری 2: دەمخۆش! گوڵی گەلاّمێو..بە راستی جوانە ! قەشەنگە ! ئم م چی؟ گوڵی گەلاّمێو یانی چی؟ هەتیو تۆ چی دەڵێیت!

وەستا: گەورەم! ئەمە گەلاّمێوە، لێی ببوورە ! **(بۆ کاوە)** ...تۆ بۆ سەر لە پیاوەکە تێکدەدەیت؟ ئەمە گەلاّیە، گوڵ نییە.

کاوە: ئاخر وەستا منیش وام وت.

جێگری 2: دەمخۆش وەستا ! گەلاّمێوە، بۆ دۆڵمەو یاپراخی دووگی چەور یێکاوییێکە..وایە ! کێ ئەمە نازانێت، دەستخۆش!

وەستا: سوپاس گەورەم! ئەمجا سەیری ئەم نیگارە بکە!

جێگری 2: ئا ئەمەیان نالێیت؟!

وەستا: بەڵێ! بێنە پەنجەت! ئا ئەمە... دەزانیت لە چی دەچێت؟

جێگری 2: (**سەر دەباتە پێشەوە**) ئادەی! ئێ ئێ..دیارە پێویست ناکا بیڵێم ئەمە گوڵی هینە، گوڵی دار ئەرخەوانە، خۆییتی؟!

کاوە: دەمخۆش! ئەوە دار ئەرخەوان خۆیێتی.

جێگری 2: (**سەری نزیکتردەخاتەوە**) ئافەرم! دار ئەرخەوانەو گوڵی ئەرخەوانیشی گرتووە.

وەستا: ئەوەیش ئاسمانە شینەکەی پشت دار ئەرخەوانەکەیە.

جێگری 2: دلگیرترین دیمەنە! تۆ پێمبڵێ! ئەمانە هەموویت لە گەوهەر دروست نەکردووە؟

وەستا: ئەی ئەو هەموو یاقوتو مرواریو زمڕووتە چی لێدەکەین!؟ هەمووی گەوهەرە, تەنیا پرشنگی خۆرەکەم بە سیمی ئاڵتون نەخشاندوە.

جێگری 2: دەستخۆش (**باری دەروونیی نالەبارو شپرزەیی بە روخساریێوە ئاشکرایە..دێتە بەردەمی بینەران**) بەناخێری گیانم هاتم پیشەکەیان لێ بدزم.. کەچی هۆشو فامیشیان لێ دزیم، هەر بەجارێك بوومە مایەی قەشمەریو گاڵتەجاڕی.. دەسەلآتیشم نییە هیچ بکەم...(**بە دەنگی بەرز**) هونەرمەندە دەسترەنگینەکان! هەر ئێستە ئەم هەواڵە خۆشانە بە خاوەنشکۆ دەگەیێنم، مژدەی دەدەمێ.. باسی هەموو نەخشو نیگارەکانیشی بۆدەکەم، هەر ئێستە (**دەڕواتو دەنگی دێت**) هەر بژین.. بەراستی وەستای چاکن.. هونەرمەندی چاکن.. وەستاو شاگردی بێوێنەن!

وەستا: (**بۆ کاوە**) ئەمەمان سەریگرت.. هەر هەموویان ئەئاوا دەکەینە مەخسەرە، من دەیانناسم، لەوە زێتریش هەڵدەگرن.. ئەو هەموو زەبرو زەنگو لەخۆباییبوونەیان, ئا ئەمەبوو کە بە چاوی خۆت دیت، موقەدەراتو چارەنووسی میللەت وا بەدەست ئەو حەپە مێشخۆرانەوە.. ئەمەیە ئازارو ئەندێشەی پڕ لە سوێ.. ئێ! دەبا بزانین حاڵی ئەوانی دی چۆندەبێت!؟ جێگرەکەی دی..داخی ئەویان گرانترە.. ئەویان لێپرسراوی ئاوەدانو کاولکردنە.

کاوە: ئەوەی خانوۆکەی تۆی روخاندو ئەم کۆشکەی بۆ دروستکردین!

وەستا: کاری هەر کاولکردن بووە، ئەمەیان بە بێگاری بەو خەڵکە دروستیکرد...ئێ.. دوای ئەویش نۆرەی تاوانباری مەزن دێت، خاوەنشکۆو لە شعوور بێبەری.. خوا یاربێت هەر هەموویان ریسوادەکەین.

کاوە: مامە گیان پەریزادیش!

وەستا: پەریزاد! تۆ خۆت چی نهێنیمان هەیە گشتیت لای ئەو نەدرکاندوە؟

کاوە: تەنیا نهێنی خۆمم لا درکاندوە...لەوانەیە کەمێکی دی پەیدابێت..ئەمجارەیان لامان دەمینێتەوە.

وەستا: تەنیا منی لا ئاشکرا نەکەیت ئیدی ئەوانی دی قەیناکە!

کاوە: ئەگەر رێگەمبەیت لەتەك خۆمدا دەیبەمە سەرەوەو, لەوێ بەجۆشترین ئاوازی بۆ لێدەدەم.

وەستا: هەستە! بڕۆ بەلای ئیشەكەتەوە! **(كاوە دەڕواتە سەرەوە، ئەم جگەرەیێك پێدەكاتو دەچێتە لای سندووقەكەوە، سەری بەرزدەكاتەوە، مشتێ زێڕ دەردێنێت)** ئەو هەموو زەبر نواندنو چەوسانەوەیە! ئەو هەموو رەنجی شانو ئارەقی نێوچەوان دزینە! ئەو هەموو دڵڕەنجاندنو خەڵكی سەرگەردانكردنە! هەر هەمووی بۆ مشتێ زێڕ!؟ بۆ روكەشێكی ساختە، بۆ بەرگو كاڵایێك.. تا ناواخنی چەپەڵیانی پێ داپۆشن...لەبەردەم كاڵاو رووكەشدا چەند زەلیلو حەپۆلەن؟! ئەمجا بڕوانە ناواخنیان!

**(دەنگی زەنگی گالیسكە دێت)**

ئێی كچەكەم! تەنانەت تۆیش وەبەر زەبروزەنگی ئەو گورگە چەپەڵە كەوتیت!؟ دڵڕەنجاوو هەست كەلەلاكرایت!

**(مشتە زێڕەكەی فڕێدەداتەوە نێو سندووقەكە)**

پەریزاد: **(دێتە ژوورێ.. شادومانە)**

مامە گیان ! ماندوو نەبیت! ئەوە كوا **(بە دەنگی نزم)** كوا كاوە؟!

وەستا: كەست لەتەكدایە؟

پەریزاد: نا.. پێمـوتن خواردنەكـە لـەو دیـو دابنێنو بگەڕێنـەوە.. تەنیا خۆمم.. ئیشم بە كاوە هەیە، گالیسكەوانەكەیشم بەسواری گالیسكەكەوە لە دەرەوە راگرتووە, با هەر چاوەڕوان بێت.

وەستا: كاوە لە سەرەوەیە.. خەریكی كاركردنەو.. چاوەڕوانیشتە.

پەریزاد: سوپاس مامەگیان! **(سەردەكەوێت)**

وەستا: **(تا لەچاو ونـدەبێت هەر بۆیـدەڕوانێت)** ئای لێكدابڕانی خۆشەویستان چەند ستەمە!؟ وەرە نەتوانیت بە كچەكەی خۆت بڵێیت باوكەكەم وەرە لەتەكم دانیشە! من وتۆ باوك و فرزەندین.. نەتوانم هەواڵێكی دایكی لێ بپرسم!

**(دەنگی شمشاڵ دێت)**

قەیناكە! دەبێ دان بەخۆمابگرم.. هەموو كارێكی گەورە باجی خۆی دەوێت.. من هەموو ئازای ئەندامم رقو كینەو تۆڵەسەندنەوە بوو.. كەچی ئێستە نازانم رقو كینە بەریان بەكوێوەیە؟! تەنیا تۆڵەسەندنەوەكەم ماوە.. تازە نەخشەكەم تێكنادەم, بەشێك لە سامانو رەنجی دزراو بۆ خاوەنەكانیان دەگێڕمەوە.. چەندم توانی پۆشتەیاندەكەمەوە.. چەندم توانی مافی خۆیان پێدەدەمەوە.. **(دەنگی شمشاڵەكە بەرزتردەبێتەوە)**

## پەردەی پێنجەم

گێڕەر:**هەرکە جێگری یێکەم گەڕاییێوەو.. هەواڵی بەرگو مژدەی شادی بە خاوەنشکۆ گەیاند.. کێچ کەوتە کەوڵی جێگری (1)و لە هەلێك دەگەڕا خاوەنشکۆ ڕێیپێبداو بێتە دیدەنی پۆشاکی ئەفسووناوی, بەلاّم تا ساڵ وەرنەگەڕاییێوە ئەم دەرفەتەی وەچنگ نەکەوت، لەنکاو پاشا فەرمانی پێدا بچێت.. هەر ئەوەبوو شاگەشکە نەبوو، کەس نەیزانی چۆن گەیشتە مەڵبەندی ئەفسوونو جادوو!**

کاوە: (**لە تەونەکەوە بەرەوپیری دەچێت**) فەرموون گەورەم! هاتنەکەت کتوپڕ بوو.. فەرموون!

جێگری 1: ئەوە کوا؟

کاوە: چی کوا؟

جێگری 1: وەستات؟!

کاوە: ئم.. هاکا پەیدا بوو.. هەندێك تەختە زێڕی بردووە، تا بیکاتە سیمی باریكو لە تانو پۆدا بەکارییبێنێت.

جێگری 1: گرنگ نییە.. ئەی ئەویدی کوا؟

کاوە: ئەویدیان!؟ خۆمم!

جێگری 1: تۆ؟ دەزانم تۆیت.. هینەکە کوا؟

کاوە: ئەوە.. ئا.. فەرموون! کارەکەمان زۆری تەواوبووەو کەمی ماوە، فەرموون! (**دەچیتە سەر تەونەکەو دادەنیشێتو کەمێك خۆی خەریکدەکات**)

دەبێت لێمانببوریت! کارەکە زۆر زەحمەتەو وردەکاریشی لەولاوە بوەستێت، خۆ ناشبێت وادە بەخیلاف دەرچین.. بۆییێ شەوو ڕۆژ دەخەینە سەرییێك.. تەنانەت ئیشەکەی دیکەمان ڕاگرتووە.

جێگری 1: هێندەی ئاگادارم هەموو شارتان پڕکردووە لە کوتاڵی نایابو جوانو بە نرخێکی زۆر هەرزانیش.. لەوە دەچێت ئێوە هەر بۆ خەڵکی کاربکەن!

کاوە: گەورەم! ئەوەیان ئیش نییە.. هیچ نییە.. ئەوەندەی بڵێی یێكو دوو سەد گەز لەویان دروستدەکەین، ئەوەیان هەر بۆ بێتاقەتیە، تۆ فەرمووو سەیری ئەمەیان بکە!

جێگری 1: (**هەر سەیری دەستو پل جوولاّندنی کاوە دەکات**) ئەوە تۆ پێم ناڵێیت چی دەکەیت؟ هەستە قوماشەکەی خاوەنشکۆم نیشانبدە! نازانیت چەندم پەلەیە؟

کاوە: ئەی قوربان تۆ وا دەزانیت پیاز پاکدەکەم!؟ ئەی ئەوە چییە لەبەردەمتا؟!

جێگری 1: **ها**؟ چی لەبەر دەممایە؟ ئەوە چ دەڵێی؟

وەستا: (**دێتە ژووریّ**) یاخوا بەخێر بێی! (**تەوقەی لەگەڵدا دەکات**).

فەرموون گەورەم! داوای لێبوردنت لێدەکەم کە دواکەوتم.

جێگری 1: باشبوو **هاتیتەوە**.. خۆ ئەم **هەرزەکارە** نازانێت بەباشی تێمبگەیەنێت.

وەستا: دەیکەم بە خزمەتکارت.. ببەخشە گەورەم! ئەو هەر ئەوەندە دەزانێت بە وردی کاربکات.. خۆم هەموویت تێدەگەیێنم، ماشەڵلاّ گوڵی لە خۆی داوە! تۆ بنواڕە! بڕوانە ئەو هێلو ڕەنگانە! تێح کە

نــازدارو قەشــەنگن! مەگــەر ئــەو هــەرزەکارە ئــاوا هونەرمەندانــە تێکــەڵاویانکا، چــاوت لێیــە چــەندە پێکــەوە گونجاون؟!

جێگـری 1: (**چـاویلکەکەی لــە چـاوەکاتو سـەری لــە –شـتەکە– نزیکدەکاتـەوە، بـستێك دەمـی دادەپـچڕێت.. چاویلکە دەسڕێتو دەیکاتەوەچاوی**). سەیرە!

وەسـتا: ئـیش ئـە ئـاوا دەبێـت.. ناهـەقت نـاگرم.. بەسـەری جـەنابتو بـەم سـەرە.. نیـوەی ئەمـەمان لـە هەنـدەران نـەکردبوو، سـەرتاپای کۆشـك و سـەراکان شـێتو شـەیدا بـوون، هـەیانبوو هەفتـەیێك یێکبینـە واقیوڕمـاو زمـانی لــە گۆکــەوت.. ئەمانــە باشــبوون, هــەیان بــوو مانگێــك یێکبینــە وەك شــێت لــەخۆییەوە دەیبزڕکانـد، قەیناکـە! بێگومانم ناتوانیت بەم دەمودەستە رای خۆت دەربڕیت!

جێگـری 1: (**هــەر ســەیری دەمــی وەســتا دەکــاتو ئەبڵــەقبووە.. ئــەمجا بیردەکاتــەوە.. زەردەخەنــەیێکی گەلحۆیانــە دەیگرێــت**) هــا!! منــیش.. ئەبڵــەقبووم.. هەســتو هۆشــم فــڕین، ئــەرێوەڵلاّ.. دایــان لــە شــەقەی بــاڵو هــەر باشیـشە شـێت نـابم! ئـەرێ پـێم نـاڵێن ئەمـە چییە!؟ مەبەسـتم ئەوەیـە ئـەم رەنگـە جوانانـە چـین؟ ئـەی باشـە ئەو دیمەنە دلگیرو هۆش فڕێنانە چین؟! چاوم رێشکەوپێشکەدەکات.. مەستبووم، مەستو سەرخۆش!

وەستا: گەورەم! تۆ لەو باڵندە ورد بەرەوە!

جێگری 1: ئەمە؟! ئەمە ناڵێیت؟?!

وەستا: بەڵێ ئا ئەمە..دەزانیت چ تەیرێکە!؟

جێگـری 1: (**دەشـڵەژێت**) ئـا ئەمـە ناڵێیـت؟! ئـەی چـۆن نـازانم! قابیلـە نـەیزانم؟ جـا مـن نـەیزانم کـێ دەیزانێـت!؟ هـەی عەمر درێژبیت.. ئەوە.. ئەو تەیرە.. ناوی هینە...ها شەیتان بە نەفرەتبێت! ئەوە تەیرە..

کاوە: دەی! (**خەریکی کارکردنە**) دەی تەیرەن...

جێگری 1: ئا...تەیرەن ئەبابیلەیە، وتم.. خۆم هەڵمهێنا.

وەستا: دەمخۆش گەورەم! چاکت هەڵهێنا.

جێگـری 1: نـا.. وەسـتا! ئاشـکرایە.. دیـارە.. ئـەم تـەیرە گـەلێك موبارەکیـشە، (**سـەری لێ نزیکدەکاتـەوە**) تـەیرەن ئەبابیلە..ئەڵڵاە ئەڵڵاە!وەستا لەوەدەچێت نقێمی سوورت لە چاویدا دانابێت!

وەسـتا: ئـەمجارەیش دەمخـۆش.. هـەر بـۆ جـوانی یـاقیقم کردۆتـە چـاوی.. ئـەمجا گـەورەم! تـۆ سـەیری ئەمـەیان.. ئای لەمەیان!

جێگـری1: (**لەبـەر خۆییـەوە**) نـەفرەت لەمـەیان، چـۆن لەمـەیان رزگارمبێـت !؟ (**بـەدەنگی بـەرز**) ئەمـەیان هـەر لـەوەدا نییە، ئەمەشیان موبارەکە.. وانا؟ دەزانم موبارەکەو بڕاییەوە!

وەستا: لێی تێدەگەیت؟!

کاوە: ئەی چۆن ئەی نەیوت موبارەکە؟

جێگـری 1: ئافــەرم کــوڕم! موبارەکبــایی دەوێــت...(**لەبــەر خۆییــەوە**) موبارەکبــایی چــی هــەی ناموبارەکینــە! بــەلاّم لـــەنیوان هەردووکتانـــدا مێـــشكو ئـــەقڵو هۆشـــم لـــە مـــوو بـــاریکترن...(**بەردەوامـــەو بـــە دەنگـــی بـــەرز**).. مووبارە...ئا موبارەکە! دیارە ئەمەیان هەبێتو نەبێت پەڕەسێلکەیە..توخوا وانییە؟!

وەستا: گەورەم! تۆ چاویلکەکەت لەچاوبکەرەوە.. ئەوەیان هەر تەیرەن ئەبابیلەکە بوو... لێت تێکچوو...بەڵام ئەمەیان.. ئا ئەمەیان پەلکەزێڕینەیە!

جێگری 1: (بە چاویلکەوە) دە تۆ وابڵێ! پەڕەسێلکە نا...نا..مەبەستم پرچی ئایشێو فاتمەبوو پەلکەزێڕینەی چی!؟ ئەم ڕەنگانە.. وەڵڵاهی هەر وتم پرچی ئایشێو فاتمەن، مەبەستم ئەوە بوو... ئەمیش هەر موبارەکە. (لەبەر خۆییەوە) بە زاتی خوا ئەم بەرگەی پاشا کە کۆن بوو لە دواییدا دەبێتە موفەڕك.

وەستا: قوربان! بۆیێ وا بەوردی تێمانگەیاندی.. تا تۆش بە چاکی خاوەنشکۆ تێبگەیێنیت.. تا بە دوو چاوی خۆت چیت دیوە بێ کەمو زیاد بۆی بگێڕیتەوە.

جێگری 1: دڵنیابن! هەر ئێستە مژدەی دەدەمێ.. جا چیم نەبینی؟! ئەوەی من دیم کەس لە دنیادا نەیبینیوە. (دەیەوێت بڕوات)

وەستا: قوربان! بەڵکو عەرزی جەنابیشی بکەیت.. ئیشەکەمان هێندەی نەماوە.. ئاوا پاش دوو مانگێکی دی، یان خۆمان دێینە خزمەتی یان خۆی تەشریفی موبارەکی بێنێت.. تا ئەندازەی لەشی بگرینو دەست بەدروومانبکەین.

جێگری 1: بەسەر چاو! ئەمەیان مژدەی تەواوە.. بە دووعا.

وەستاو کاوە: بەخێر بچن! بەخێرچیت گەورەم!

کاوە: وەستا گیان! زۆر دەترسم ئەم پیاوە زلە ڕاستیمان لێ بڵێت.

وەستا: کاوە کوڕەکەم! من ناترسم، من زۆر شادوماندەبم کە ئەم پیاوە دەبەنگە ڕاستیمان لێ بڵێت.

کاوە: ئاخر وەستا گیان.. ئەوسا هەموو ڕیسەکەمان دەبێتەوە بە خوری!

وەستا: مەترسە! ئەم وڵاتەو خەڵکی ئەم وڵاتە تا خاوەنی ئەم دەبەنگانەبن، تا خاوەنی ئەم ترسنۆكو درۆزنانەبن.. نە ڕیسمان هەیەو نە خوری..

ئێمەش.. منو تۆ چیمان هەیە؟! خۆ نابێت پەلکە پوشێك لەتەك خۆماندا دەرکەین، ئەوەی لە پاشامان وەرگرتووە داومانەتەوە بە خەڵکی.

کاوە: وەستا گیان! مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ڕاستیمان لێ بڵێت سەریشمان دادەنێین.

وەستا: ئێمە بۆ ئەوە هاتین سەرمان دانێین.. بەڵام بێگومانبە! نەهامەتی ئێمەو خەڵکی ئەم وڵاتە لەمەیاندا نییە، بەڵکو لەوەدایە ئەم پیاوە کەتە کەتانە... تەنیا جارێك لەسەرتاپای ژیانیاندا ڕاستیان نەوتووە، کە دەبنە قەشمەریو گاڵتەجاڕیش هەر ڕاستی ناڵێن.. ئەمەیە ئازارە گەورەکە.. خۆزگە ئاگاداربویتایە ئێستە لەبەردەمی بارگیری گەورەدا چ ستایشێکی منو تۆو ئەم تەختە بۆشانە دەکەن.. ئەمانە لەتەك خۆشیاندا ڕاستگۆ نین، تۆ بوەستە! با خاوەنشکۆ خۆی بێت، بزانە بە چ مەخسەرەیێك دەچێت.. چونکە لێرەدا درۆ لەسەر درۆ لەسەر درۆ ڕاگیرکراوە.. وڵاتێکەو بە درۆ هەڵچنراوە, بەڵام چی دەڵێت ئەمانە سۆنەن تەڕنابن..نا.

کاوە: مامە گیان! ئێستە تێگەیشتم.. ئێستە بە تەنگ هیچەوە نیم.. قەیناکە سەریشمان تێدابچێت.. بەس بە تەنیا فێری هەقیقەتبن! تەنیا جارێك ڕاستی بڵێنو هیچی دی!

وەستا: بەلأم بەداخەوە ! هەرگیز نایلّێن.. چونکە راستی وتن واتا نەمانیان.

## پەردەی شەشەم

گێڕەر: سەیرە! ئەمەیان لە حکایەتی منداڵان دەچێت.. بەڵکو لە گەمەی منداڵان دەچێت.. ئەمەیان لە بەرگە ئەفسووناوییێکەی شا سەمەرەترە.. ئەم شارە.. ئەو خەڵکە رووتو رەجاڵە.. ئەو خەڵکە برسیو هەژارە.. زۆربەی هەرەزۆریان بە درێژایی زستان لە سەرما هەڵدەلەرزین.. لە رۆژانی زوقمو بەستەڵەکو تووشدا رەقدەبوونەوەو لە برساندا دەمردن...کەچی ماوەییێکە وا نەماون.. گەلێکیان پۆشتەن, برسی نین، کاردەکەن، بەڵام دەترسم هەر ماوەیێك بێو تاسەر نەبێت.. سەیرەکە لەوەدایە وا دەزانرا ئەم دوو مرۆڤە بۆئەوە هاتوون خزمەتی خاوەنشکۆ بکەن! پۆشتەو پەرداختری بکەن، هەزاران جوێنی ناشیرینیان پێدرا.. بوختانی جۆراوجۆریان بۆ کرا، نەفرەت لە خۆیانو هونەرەکەیان کرا.. کەچی هێشتا لۆییێك بەرگی ئاساییشیان بە باڵای خاوەنشکۆ نەبڕیوە، ئەوە نزیکەی دوو ساڵە هەر خەریکی ئەوەن, لە پاشا بکێشنەوە بۆ ئەو خەڵکە, کردەو کۆشەیان هەر بۆ ئەوانبوو, زۆر بە نهێنی لە دەیان ماڵدا تەونیان دامەزراند, خوریو پەتكو موو لە هەزاران ماڵدا دەرێسرێن, بەرگو کاڵا رۆژ لەدوای رۆژو بەنرخێکی زۆر هەرزان دەکەوێتەوە بازاڕەوە.. دیارە ئەمەیان بەرگی ئەفسوناوی راستەقینەیە!

کاوە: مامە گیان! من تەنیا خەمێکم هەیە.. وا ساڵی دووەم وەرگەڕاییێوەو خەریکە وادەکەمان تەواودەبێتو.. کەسانێکی زۆر ماون هێشتا رووتو رەجاڵو بێکارن.

وەستا: بێگومان! بەڵام هەر هێندەمان لە تواناد‌ا بوو.

کاوە: لە توانای خۆشمان واوەتر بوو، لەو باوەڕەدا نەبووم بگەینە ئەم رادەو ئەنجامە!

وەستا: ئەگەر لەم کارەماندا دادپەروەرانە بووبین.. ئەوا دڵو ویژدانمان تەختو ئارامە.

کاوە: مامە گیان! ئەوە تۆ چی دەڵێیت!؟ دادپەروەری چیو دڵو ویژدانی چی؟ بۆ تۆ وادەزانیت ئێمە سەروەرو دەستەلاّتداری ولاّتین؟ نا قوربان! ئێمە لە سەرەتاوە کارێکی سەرەڕۆییمان دەست دایێ، بە دوای تۆڵەسەندنەوەدا هاتین، ئیدی ئەو دەرفەتەی بۆمان رەخسا، بەوپەڕی کارامەییێوە بەکارمانخست، هەر ئەوەندەو بەس.. دەنا هەزاران کەس هەنو ماونو دەستمان پێیان نەگەیشتوون، تەنانەت زۆربەی پەیوەندیم بە خەڵکییێوە بەدزیو ترسەوە بووە.

وەستا: دەزانم..چاکدەزانم! بۆییێ لەم ماوەیەدا بیرم لە شتی گەورەتر دەکردەوە.

کاوە: ئێی وەستای خۆشەویستم! منیش هەروەها بیرم لە ئاسوودەگیو رزگاربوونی تێکڕای خەڵکی دەکردەوە..بەڵام ئەمەیان کاری کەسو دوو کەس نییە، دەبێت قەدەرو توانای خۆمان بزانین...تا ئێستە توانیومانە خەزنەی پاشا کۆڵەوارو کەلەلابکەین..بەم دەستو ئەو دەست تاڵانمانکردووەو کارمانپێکردووە، پاشانیش لەولاوە بە باجی نوێو رووتاندنەوەو بێگاری بەردەوامو بە زەبرو تۆپزی، جارێکی دی پشتی خەڵکی شکاندۆتەوە.. ئەوەی بیری لێدەکەینەوە کاری جەماوەرە.

وەستا: ئەم دوو کەسە بەرامبەر بەو هەموو شیرو ڕمو تیرو کەوانە چیمان پێدەکرێت، ئەوەی لەسەر ئێمە بوو ناواخنی گەنیوو چروکی دەسەڵاتدارو داموو دەزگایانمان خستەڕوو، هەرچی پەردەو دەمامکیش هەیە، لەسەر روویان رادەماڵین، چاکە! ئیشێکی...

(**دەنگی گالیسکە دێت**) ئەوەتا! عەزرەتییە ...خۆی کێشکرد!

کاوە: (**بۆلای پەنجەرەکە رادەکات**) وەستا! بەشەرەفم هەرچی حکوومەت هەیە هەموویان هاتوون.. دەڵێیت بۆ جەنگ هاتوون.. سەیری جەندرمەو یاساوڵکە لەو دەشتەدا!

وەستا: (**دەچێتە سەر ئیشەکەی**) دەی کوڕم! تۆ بچۆ بە پیریانەوە..

کاوە: وەستا! پەریخانیشیان لەگەڵە.. (**بەرەو دەرگە دەڕوات پاشاو پەریزادو هەردوو جێگر دێنە ژوورێو.. یاساوڵەکان لە دەرگەوە دیارن..دەرگە دادەخەن**) یاخوا بەخێر بێن...فەرموون! (**بۆ وەستا**) وەستا! وەستا!

وەستا: (**رادەپەڕێتو بەپیریانەوە دەچێت**) بمبەخشن! خەجاڵەت خۆم...(**تەوقەیان لەگەڵدا دەکات**) یاخوا بەخێر بێن! بەراستی مەحجوبم.. ئەم ئیشە وا لە پیاو دەکات، ئاگای لە دنیا نەمینێت....

پاشا: ئەوە نیشانەی خزمەتگوزاریتانە..ئەوپەڕی دڵسۆزییە, گوێی مەدەرێ من زۆرتان لێ رازیم.

وەستا: خوا بەرخوردارت کا! خوا بتپارێزێت...گەورەم! فەرموون ئەگەر حەزدەکەن.. فەرموون بە چاوی خۆتان رەنجی دوو ساڵەمان ببینن، بزانە زمانو هۆشو فام لە ئاست نەخشو نیگارو ئەفسونکاری پۆشاکەکەتدا چەند دەستە وەستانن!؟

جێگری 1: پیاو تا بە چاوی خۆی نەیبینێت، بڕوا ناکات, بە شەڕەفم وەسفی تەنیا رایێڵێکی, تەنیا نیگارێکی, بە هەزار شاعیرو کتێب ناکرێتو تەواو نابێت.

وەستا: (**بۆ جێگری 1**) جا قوربان ئێوە چیتان دیووە!؟ تەنیا نیگارو رەنگەکانتان دیوە.. بەڵام ئاوازو خوێندنی بلبلو جریوەی مەلو قاسپەی کەوتان نەبیستووە، فەرموون نزیکبکەونەوەو گوێبگرن!

پاشا: (**دەڕواتو هەموو بە دوایدا دێن.. کاوەو پەریزاد لەولاوە بەشادومانییەوە دەدوێن**)

جێگری 2: بە شەڕەفم هەموو تارژەنو نەیژەنانی جیهان بێنن.. ئەم ئاوازو دەنگو سەدا هەستبزوێنانە دەرناهێنن.

وەستا: (**بۆ پاشا**) فەرموون! ئەوەتا.. خۆت بە چاوی خۆتو گوێی خۆت بیستتو بینیت!

پاشا: (**دوای سەیرکردنو گوێڕادێران و دیقەتدانو دووبارەکردنەوەی لەگەڵ جێگرەکاندا..بە هێمنی دێتە بەردەم شانۆ**) تۆ بڵێی گەوجو گێلو ترسنۆک بم!! گەوجو ترسنۆک نیم.. لە هیچ شتێك سڵم نەکردۆتەوەو هەموو شتێکیش هەر بەراوێژو فەرمانی من بووە، بەڵام زۆڵ! ئەمەیان نازانم ئەوەتا جێگرەکانم هەر شەرەفو نامووسیانە کەڵاشەدەکات، بەتانو پۆو دەنگو ئاوازەکەیدا هەڵدەدەن....دەبێت زۆڵبم!؟ ئەگەر ئێستە دایکمم لەبەر دەستدا دەبوو ورگیم هەڵدەدڕی..خۆ ناشزانم باوکم کێیە، کەواتە دەبێت ژێرانە بجووڵێمەوە.. (**کەمێك دەگەڕێتە دواوە.. وەستا خەریکە شت نیشانی جێگرەکان دەدات**) لێتانی ناشارمەوە (**هەموو رووی تێدەکەن**) من لەو ساتەوە هاتوومو کارەکەم دیون.. تا ئێستە حەپەساوم و بڕوا

ناکەم, بڕوا بە چاوو گوێی خۆم ناکەم، هەموو شتێکم بیستو بینی.. کەچی هەر بڕوا ناکەم.. **(دەست بە بەر باخەڵیدا دەکات کیسەیێك لیرە دەردێنێت)** هەر چەندە ئەم کیسە لیرەیە لە چاو ئەفسونکاریی ئێوەدا بێ نرخو بێبایێخە, بەلاّم هەروەکو دەستخۆشانەیێکی گەرموگوڕ لێم وەرگرن! فەرموو وەستا! **(کیسەکە بۆ وەستا هەڵدەداتو..ئەمجا کیسەیێکی دی بۆ کاوە)** ها کوڕم! هەزاران ئافەرین بۆ دەستو پەنجەی ڕەنگینتان.

پەریزاد: **(قاقا پێدەکەنێت)** وەڵڵا باوکە.. من نە هیچ دەبینمو نە هیچ دەبیستم.

کاوە: پەریزاد! تۆ هێشتا لە نزیکەوە سەیرت نەکردووە.

پەریزاد: ئەها ئەوە چووم **(دەچێت)** ئەڵڵاه! ئەڵڵاه! **(دەگەڕێتەوە لای پاشا)** باوکە! بە ڕاستی پێمبڵێ من چیم؟! من کێم؟ کچی تۆم یان ڕۆڵم!

پاشا: **(دەستی دەگرێتو دەیباتە ئەو لاوە)** کچەکەم! ڕۆحەکەم! تۆ کچی ئازیزی منیت.. ئێستە کاتی ئەوە نییە.. بۆ ئابڕوومان دەبەیت!؟

پەریزاد: ئەی بۆ هیچ نابینم؟

پاشا: ئەوە ..ئەوە هی ئەوەیە..چونکە تۆ دەترسیت، ئەوەی بترسێت **(بۆ وەستا)** توخوا وەستا وانییە؟

وەستا: بەڵێ کچەکەم ئەوەی ترسنۆك بێت وایە.

پاشا: ئەها! ئەمجا خەمت نەبێ.. دوایی ئەو ترسەشت نامینێ.. ئەمجا هەمو شتێك دەبینیتو دەبیسیت.. ئێستە کاتی ئەوە نییە.

وەستا: گەورەم! ئەگەر ئەرك نابێت، بفەرموون با ئەندازەی قەدو بالاّت بگرم.

پاشا: **(دەچێتە لای وەستاو بۆ کچەکەی)** دوایی.. دوایی کچەکەم!

وەستا: **(بە پەتێکی ئاوڕیشمی جوان ئەندازەی لەشی پاشا دەگرێتو گرێیدەدات)**.

گەورەم! هەفتەی ئایندە وادەکەمان تەواودەبێتو, ئاهەنگە گەورەکەی جەنابت دەگێڕین.

پاشا: گەلێك مەمنوونم.. گەلێك خۆشحاڵم. **(بۆجێگری 1)** وا بزانم هەموو شتێك ئامادەیە.

جێگری 1: ئەی چۆن قوربان! دەشتایی تەختکراوە.. سەکۆی بەرز تەواوبووە.. هەموو شتێك بە دڵی تۆیە.. تەنانەت شەربەتو گولاّو بە بەرمیل ئامادەکراون.. هەر جاڕدانەکە ماوە.

جێگری 2: بەڵێ شەربەتو گولاّو ئامادەیە.

جێگری 1: ئای چ ڕۆژێکی مەزنە! ئەو ڕۆژەی ئاواتی خاوەنشکۆ دێتە دی.

جێگری 2: ڕۆژێکی مێژوویی دەبێت لە ژیاندا.

جێگری 1: ئاهەنگێکی بێ هاوتا دەبیت لە ژیانماندا.

جێگری 2: بژی خاوەنشکۆ!

جێگری 1: بمرێت دوژمنانی خاوەنشکۆ!

**(چەپڵەی بۆ لێدەدەنو, پاشا دەڕواتو.. ئەمانیش بە دوایدا.. دەنگی چەپڵەو بژیو بمرێ لە دەرەوە بەردەوامە).**

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

## پەردەی حەوتەم

گێڕەر: وەرنەوە! وەرنەوە! لێرەوەیە.. شاییە، زەماوەندە، هەڵپەڕینە, هەموو شتێکە.. ئازیزان! دوو ساڵە چاوەڕێی ئەم ڕۆژەین، سەیرکەن! شار بە ئاڵو واڵا رازاوەتەوە.. دروشمی رەنگاورەنگ بەسەر هەموو شارێو کۆڵانو قاپی ماڵو دوکانێکەوەیە.. دەزانن چی لەسەر نووسراوە؟ نووسراوە (شادمانین بەم ڕۆژە پیرۆزە) خەڵکی لە فێڵەکە گەیشتوونو.. ئەو دروشمە بۆ گشت ساڵرۆژەکانی جەژنو بیرەوەرییە نەتەوەییو ئایینیو نیشتمانییەکان دەشێتو هەڵیدەواسنو دایدەگرنەوەو.. جاری واش هەیە فریای داگرتنەوەی ناکەون.. چونکە موناسەبەت و ساڵرۆژەکانی جرت و چەقەنەو قوونبادان, بە دوی یێکدا ریزکراون.. وەرنەوە! وەرنەوە.. لێرەوەیە..بیبوورن! ئەمرۆکە رۆژێکی زۆر جیاوازە.. ئەوەی دەنکە جۆیێکی ماڵی پاشای خواردبێت, یان نەیخواردبێت, هەموو بۆ ئەم ئاهەنگەی خاوەنشکۆ هاتوون.. ئەوا منیش وەکو ئێوە هاتووم، لەم پەنایەدا هەڵدەتروشکێمو.. بەتامەزرۆییەوە حەز بە بینینی ئەم بەزمە ئەفسووناویە خۆشەدەکەم, ئەوا هات! ئەوەتا! بەشەرەفم خۆیێتی.

وەستاو شاگرد: (**بەنێو چەپڵەڕێزاندا دێن.. جانتاییێکی گەورەیان پێیە لەسەر سەکۆ 'شانۆ' لەنزیك بینەرانەوە دایدەنێن، پاشاو جێگرەکانیو کچەکەی دانیشتوون.. یاساوڵو جەندرمە بەشمشێرو قەمەو رمەوە بەو ناوەدا بڵاوبونەتەوە.. چەند نۆکەرێك یان "کەنیزەکێك" دێنو دەچنو.. ئاوێنەییێکی گەورەش بە دەست دوانیانەوەیە**).

جێگری 1: (**دێتە پێشەوە**) بەڕێزان! ئێستە خاوەنشکۆی مەزن (**چەپڵە**) وتارێکی مێژووییتان پێشکەشدەکات.

پاشا: (**لە نێو چەپڵەڕێزاندا دێتە پێشەوە**).. سوپاسو ستایش بۆ خوای پەروەردگارو پێغەمبەری مەزن، سڵاو لە رەعیەت، سوپاس بۆ هەمووتان کە ئامادەی ئەم ئاهەنگ و موناسەبەتە پیرۆزە بوون، بێگومانم لە هەمووتان کە چەند خۆشحاڵو شادومانن.. ئەو هەستە بەرزەی ئێوە لەوەوە هاتووە کە گشتمان.. ئێمەو ئێوە یێك گیانو یێك دڵین، خۆشیو کامەرانی من هی ئێوەیەو هی ئێوەش هی منە، ئەمرۆ رۆژی بەختیاری هەمووِمانە، رۆژێکی نەمرە لە مێژووی پڕ لە شانازی وڵاتماندا، ئەمرۆ سەرتۆپی رۆژەکانە, لەمەو دوایش هەموو ساڵێك یادی ئەم رۆژە دەکەینەوە، کە تیایدا بۆ یێکەمین جار پۆشاکی ئەفسوناوی دەپۆشم.. بەو هیوایەی هەمیشە لە ئاهەنگو شادیدا بین، بەناوی خواو بەسەلامەتی سەری هەمووان، ئەمجا با دەست پێبکەین. (**بە چەپڵەڕێزان دادەنیشێتەوە**)

یێکێك: بژی خۆشەویستی گەل! پاشای سەروەرمان (**چەپڵە**)

یێکێکی دی: خوا بۆمانی بپارێزێتو پشتیوانی بێت (**چەپڵە**)

یێکێکی دی: خوایە لە تەمەنی ئێمە هەڵگریتو بیخەیتە سەر تەمەنی خاوەنشکۆ...(**چەپڵە**).

جێگری 2: (**هەڵدەستێت**) دەی شیرینی ببەخشنەوە.. هەمووان گوڵاو پژێنبکەن! (**دەکرێت**)

جێگری 1: دەی دەهۆڵ لێدەن زوڕنا بژەنن!

**(دەنگی دەهۆڵو زوڕنا)**

پەریزاد: **(دێتە پێشەوە)** دەنگی دەهۆڵو زوڕناکە نزمبکەنەوە.. ببوورن! نامەوێت ئاهەنگەکەتان لێ تێکبدەم.. بەلاّم دلّتەنگم چونکە لەم کاتەدا کە خاوەنشکۆی باوکم لەوپەڕی کەیفو شادومانیدایە, دایکم لە مالّەوە کەوتووەو بە ئازارەوە دەتلێتەوە, بەلاّم گەرچی نەیتوانی ئامادە بێت.. لەگەلّ ئازارەکەشیدا هەر ویستی بەشداری ئەم ئاهەنگە قەشەنگە بکاتو.. ئەم مێخەکبەندەی خۆی کە یادگارییێکی کۆنێتی کردیە دیاری وەستای هونەرمەند.. فەرموون وەستا! **(دەیداتێ) (چەپلّە)**

وەستا: **(بۆنیدەکاتو بە ماتەمینییەوە)** سوپاس کچەکەم! سوپاس بۆ شانازخان. **(چەپلّەڕێزان)**

پەریزاد: منیش ئەم ملوانکە مرواریەم دەکەمە دیاریو دەستخۆشانەی ئەم لاوە دەستڕەنگینە. **(لە ملی دادەگرێتو دەیداتە کاوە)**

کاوە: سوپاس خاتوونەکەم! **(چەپلّە ڕێزان)**

یێکێك: دەستتان خۆش وەستاو شاگردی دلّسۆز

یێکێکی دی: بژی پەریزادی نازدار

**هەموو:** بژی...بژی...بژی

یێکێکی دی: لەشساغی بۆ شانازخانی دایکی میللەت

یێکێك: بمرێ ناحەزان .. با...

**هەموو:** بمرێ...بمرێ...بمرێ

پەریزاد: سوپاس بۆ هەمووتان گەلێك سوپاس **(بۆ وەستاو کاوە)** فەرموون! با دەست پێبکەین **(بۆ پاشا)** فەرموون باوکە! ئامادەبە!

وەستا: **(لە نێو چەپلّەڕێزاندا– بۆ پاشا)** گەورەم! فەرموون با ئەو بەرگانەت دابکەنین **(بۆ کاوە)** ئادەی کوڕم یارمەتیمدە! **(بۆ دوو نۆکەر)** ئادەی ئێوەش ئەو پەردەیە بگرنەوە **(پارچە شیفۆنێك – تەنك– دەگرنەوە.. ئەمجا لەگەلّ کاوەدا بەرگی پاشا دادەکەنن)**

یێکێك: پیرۆز بێت بەرگی نوێت.

ئەوی دی: کالاّی ئەفسووناوی پۆشین هەر شایانی خۆتە.

وەستا: **(بۆ پاشا)** گەورەم عەیب نەبێت ئەوەیش! ئەو دەرپێیەش!

پاشا: نا..نا.نابێت، ئاخر عەیبە عەیب!

کاوە: **(لەبەر خۆییەوە)** بۆ ئێوە دەزانن عەیبە چییە؟! (بۆ پاشا) نا قوربان هیچ شتێ عەیب نییە.

پاشا: کوڕە بەخوا زۆر عەیبە!

وەستا: ئەمە ئسوولّەو هەر وایش بووە، لە هەموو دنیادا هەر بەوجۆرە لەبەرکراوە.

پاشا: کوڕە پیاوی چاکبن!

کاوە: ئەمە بەدەست کەسمان نییە، نابێت ئەو بەرگە نوێیە بەر ئەو بەرگانەت بکەوێت.

پاشا: ئاخر ئەلّێم بەلّکو هەر ئەمە..ئەم دەرپێیەو هیچی دی...

وەستا: گەورەم خۆت دایکەنە!

پاشا: ئەمرەنلیلا چار نییە.. **(دایدەکەنێت ئاوێنەکەی دەستی نۆکەرەکان ئەو بەشەی لەشی لە بینەران دەشارێتەوە)** وەڵڵا دام نەکەندایە باشتربوو.. دەدەی! خێراکەن! دەستوبردکەن!

وەستا: **(لەنێو باوەڵەکە–جانتاکە–دا شتێك دەردێنێت لە خۆییەوە ئەمدیوو ئەودیوی دەکات.. چەپڵەو هوتاف بەردەوامە)** بەڕێزان!

ئەمە شەرواڵەکەی خاوەنشکۆیە بە دەستمەوە...

پاشا: دە شەقمبرد.. **(هەرجوڵەجولێیتی)**

وەستا: ئەم شەرواڵەم لە گرانبەهاترین گەوهەر دروستکردووە، بەخۆیو نەخشو نیگارەکانییەوە.. بڕوا ناکەم کەسی واتان تێدا بێت بە چاکی نەیبینێت.. چونکە بێگومان بیستووتانە!

جێگری 1: **(بەپەلە)** ئەوەی دوژمنی پاشا بێت نایبینێت.

یێکێك: کوێرایی دابێتو بمرێت دوژمنی پاشا

جێگری 2: **(بەپەلە)** ئەوەی نەفام بێت نایبینێت

یێکێك: مزمەعیلبێت نەفام.

جێگری 1: **(بەپەلە)** ترسنۆك نایبینێت

یێکێك: بژی پاشا .. عەمرکورتبێت ترسنۆکان!

جێگری 2: ئەوەی..دوور لە رووتان.. زۆڵبێت نایبینێت

وەستا: ئەوانە نەدەیبینن‌و نە ئاوازەکان دەبیستن.

دەنگ: پیرۆزبیت بەرگی شاهانە

دەنگ: تەحا لە جوانیو رەنگینی شەرواڵەکەی خاوەنشکۆ!

پاشا: دەدەی خێراکەن! سەرمامە.. **(دەلەرزێت)**

دەنگ: ئەوەی نایبینێت لەم ولاتەدا جێگەی نابێتەوە

دەنگ: بە کوێرایی چاوی دوژمن لەبەریبکە!

وەستا: بە دڵی خۆشو تەمەن درێژی خاوەنشکۆ **(لەگەڵ کاوەدا قاچی پاشا بەرزدەکەنەوە وەك لەبەریبکەن)** ئافەرم! ئەو قاچیشی.. ئەوەتا بەنەخوێنەکەی.. ئاهە...توند نا..شل بیبەستە

کاوە: **(وەك بیبەستێت)** بەه..بەه!!

وەستا:ماشەڵڵا..ماشەڵڵا چەند دلگیرە!؟

کاوە: هەر دلگیرو بەس! ئەی سووكو سۆڵێیکەی! دەڵێیت داوی جالجالۆکەیە.

وەستا: لە قورسایی باڵی پەپوولەدایە

دەنگ: بژی پەپوولەو جالجالۆکە!

دەنگ: دەستتان خۆش!

پاشا: (**لە ئاوێنەکە مۆڕدەبێتەوە**) ئەرێ وەڵڵا! لە باڵی پەپوولە ناسکترە.. وا هەستدەکەم هیچم لەبەردا نییە.
**ها ها ها ها!**

کاوە: بێگومان! وا هەستدەکەیت.. بەڵام هەر لەبەرتدایە.

پاشا: ئەی چۆن؟! بەڵام بەنەخوێنەکەی زۆر شلە.. دەترسم بکەوێتە خوارەوە.

کاوە: مەترسە گەورەم! خۆم بەستوومەو دەبێت وابێت، حەزناکەم ناوکی موبارەکت عەزێتبدات!

وەستا: (**لە باوەڵەکە شتێکی تر دەردێنیت**)

دەنگ: بژی وەستا

دەنگ: بژی شاگرد

وەستا: ئەمەش کورتەکەکەیێتی (**لەگەڵ کاوەدا پەلی پاشا رادەکێشن وەك چاکەتی لەبەربکەن**) گەورەم! بێزەحمەت.. دەستت.. ئەوەتا بیکە بەم قۆڵەیدا.. زۆر چاکە ئەها..ئا...پیاچوو..پیاچوو!

دەنگ: یاخوا پیرۆزت بێت!

دەنگ: بە دڵی خۆش!

وەستا: (**شتێکی دی دەردێنێتو لێی وردەبێتەوە**)

پاشا: (**لەبەر ئاوێنەکەدا سەیری ئەم دیوو ئەو دیوی خۆی دەکاتو دەست بە ورگو رانیدا دێنێت.. ئەمجا بەپەلەپیتکە دەیتەکێنێت...لەمەدا کاوە یاریدەی دەداتو لۆچەکانی شەرواڵەکەی بۆ رێکدەخات**) زۆر بەدەنچەسپە!

کاوە: بەڵێ کورتەکەکەت دەڵێی سندووقە لەبەرتدا...بەڵام شەرواڵەکە زۆر فشوفۆڵە.. دەبێت وابێت.

وەستا: ئا وەرە کورم! دامێنی عەباکەی بگرە!

کاوە: (**گورج دەچێتو وەك دەستبداتەچمکێکیو بەرزیبکاتەوە**) ئای نابێت لە ئەرز بخشێت؟!

وەستا: (**لەگەڵ کاوەدا عەباکە بە شانیدا دەدەن.. بانگی چەند نۆکەرێك دەکات**) ئا وەرن! عەباکەی پاشامان شۆڕ دروستکردووە، با گوڵنگە تاوزێڕەکانی لە زەوی نەخشێت.

جێگری 1: ئای وەستا! ئەوەیان کاری ئێمەیە

جێگری 2: بێنە وەستا! چمکەکەیم بەرەدەست با بیگرم.. نەك گوڵنگەکانی عەدمبێت.

(**هەردووکیان وەك چمکی عەباکەیان گرتبێت**)

وەستا: یاخوا پیرۆز بێت!

کاوە: بە دڵی خۆشو لەشی ساغ!

پەریزاد: باوکە گیان! ماشەڵڵا چەند جوانیت! هەر دەڵێیت بویتەتەوە بە کوڕی چواردە ساڵانە!

پاشا: نەموت کچەکەم؟! نەموت ئارامبگرە هەموو شتێك دەبینیت! (**دەلەرزێت**)

پەریزاد: یاخوا پیرۆزت بێت باوکە!

پاشا: سوپاست دەکەم

جێگری 1: پیرۆز بێتو هەمیشە بە کامەرانییەوە بەرگی نوێ بپۆشیت **(ماچیدەکات)** بە تەمەنی درێژو سەلامەتی سەرت **(ماچیدەکاتەوە)**

وەستاو کاوە: **(لەم ماوەیەدا دەرفەتیان دەبێتو, فرتەی بۆدەکەن بۆ نێو جەماوەر)**

دەنگ: **هەر بە شادیو کامەرانی**

دەنگ: **هەموو بڵێن پیرۆزبێت لێت**

**هەموو: پیرۆز پیرۆز!**

**(دەهۆڵو زوڕنا...دێت)**

جێگری 2: ئەمجا گەورەم! کاتی ئەوە هاتووە بەسەر گالیسکەوە هێدی هێدی بەنێو شاردا بگەڕێیت.

پاشا: **(لەبەرخۆییەوە)** کار وا بڕوا ئەمڕۆ ڕەقدەبمەوە!

منداڵێك: **(لەنکاو)** ئای لە پاشا ئەوە چییە؟ ئادەی توخوا بەرزمبکەنەوە

بێکێك: **(هەڵیدەگرێت)** دە ها! تێر سەیری ئەو بەرگە جوانانە بکە!

منداڵ: سەیری چیبکەم؟! سەیری گەڵو گونی رووتی پاشا بکەم؟! **(خەڵکەکە خامۆشدەبنەوە)** وەڵڵاهی زۆر خۆشە رووتوقووت ها ها!

پاشا: ئەو زۆڵی مونافەقەم بۆ بێنن.. خێرا بیهێنن!

یاساوڵ: **(منداڵ دەباتە بەردەمی)**

پاشا: وەرە پێشەوە..ئەوە چیت وت؟ دیارە تۆ حەرامزادەیت !زۆڵیت!

منداڵ: **(بە دەست یاساوڵەکانەوە دەلەرزێت)**

پاشا: بەریدەن.. وەرە پێشەوە !

منداڵ: نازانم

پاشا: وتت چی؟

منداڵ: وتم نازانم چۆن سەرمات نابێت؟

پاشا: **(وەك بلەرزێت)** بۆچی سەرمام بێت؟

منداڵ: ئاخر هیچت لەبەردا نییە، بەخوا بەراستیمە

پاشا: چۆن هیچم لەبەردا نییە!؟ ئەی ئەو هەموو شتانە چین؟ ئەها ئەمە شەرواڵەکەمە.. ئەم عەبا زلە نابینیت؟

منداڵ: نەوەڵڵا! بە رووتو قووتی دەتبینم..ئەها..**(پەنجە بۆ نێوگەڵی رادەکێشێت)** ئەها! هەمووی بەدەرەوەیە.. هەر هەمووی، ئەم دیوو ئەو دیویشت!

پاشا: **(تووڕەیە)** جێگر!

جێگری 1: بەڵێ سەروەرم!

پاشا: ئەم نارەسەنە چییەتی؟

جێگری 1: گەورەم! ئەوە من دەزانم چییێتی, فێرکراوە.. ئا فێر کراوە، دەنا لە تۆ پۆشتەو پەرداختر!!

منداڵ: **(بۆ جێگری 1)** ئەی درۆزن! ئەها دەستی لێدە پەرداخی چی

پاشا: جێگر!

جێگری 2: بەڵێ تاجی سەرمان! دڵ لە دڵ نەدەیت (**دەیتەکێنێت**) خۆزگە سەرو قات بەرگی وامان بە خۆمانەوە دەدی‌و ئیدی بشمردینایە قەیناك بوو، گەورەم ئەم هەتیوە زۆڵە لە ئێستەوە درۆبکات کە گەورە بوو دەبێتە ئاژاوەچی.. فەرمان بە جەللاد بدە سەری لە لەشی جیابکاتەوە.. ئادەی جەللاد!

جەللاد: (**بە شمشێری رووتەوە یان بە تەورەوە ئامادە دەبێت**)

فەرمان بدەن‌و رایپەڕێنم!

پاشا: (**بۆ منداڵ**) ئەگەر پەشیمان ببیتەوە ئەوا لێتدەبوورم..دەنا

جێگری 2: **هەتیو بچۆ دەستی ماچبکەو داوای بەخشینی لێبکە!**

منداڵ: ئێ ئاخر من چیم کردووە؟ دەستی ماچبکەم و نەیکەم هەر وایە

جێگری 1: ئەو هەموو شەرواڵ‌و کورتەك‌و عەبایە نابینیت ! کوێربیت؟

منداڵ: (**دەستدەکاتە گریان**) کامە؟ ئەوە هەموو پێستو تووك و گۆشتە رووتەکەیێتی.. بۆ درۆدەکەن؟! بۆ درۆدەکەن؟(**بە هەموو لایێکدا وەردەچەرخێت**) بۆ درۆدەکەن! ؟ ئەها لەسەرماندا هەڵدەلەرزێت! (**زێتر دەگری**) خەڵکینە بۆ راستی نالێن؟! (دەگری)

جێگری 1: پاشا! چار نییە لەسەری بدە! با ئاهەنگەکەشمان بەردەوامبێت

(**دەبێتە مقۆ مقۆ**)

دەنگ: ئەو منداڵە زۆڵە

دەنگ: فێرکراوە.. ئەمە پیلانە!

جێگری 2: زۆر چاو قایمیشە.. ئەمە خەتەرە گەورەم! دوایی دەبێتە بەلاّ

دەنگ: بژی پاشا.. بمرێ ئەو منداڵە زۆڵە

دەنگ: خێرا بیکوژن‌و ببڕێتەوە

دەنگ: بەڵکو زۆڵ بێت‌و نەیبینێت چیبکات! گوناهی چییە؟

دەنگ: گوناهی ئەوەیە کە زۆڵە

پاشا: (**بۆ جەللاد**) بیبە!..با ئەم ناوە خوێناوی نەبێت.. لەولاوە سەری ببڕە

جەللاد: (**دەنووشتێتەوە**) هەر ئێستە (دەستدەداتە پەلی‌و کێشمەکێش دەیەوێت بیبات)

منداڵ: (دەگری) بەخوا درۆ ناکەم

پەریزاد: (**لەنکاو دێت‌و دەستەکەی دیکەی منداڵەکە دەگرێت**) بەسە!.. بەس! (**هەموو بێدەنگدەبن**) ئا ئەمەیە دەنگی هەقیقەت.. منیش لەگەڵ ئەم منداڵەدا بەرن‌و سەرم ببڕن.. ناتوانم لەمە زێتر لەنێو درۆودەلەسەدا بژیم.. منیش هیچ لەبەر پاشادا نابینم، پاشا رووت‌و قووتە، هەر هەمووشتان درۆدەکەن. (**بۆ پاشا**) هەستە بڕۆ جلەکانی خۆت لەبەربکەرەوە! (**پارچە جلەکانی بۆ هەڵدەدا**)...دەی...زۆر شوورەییە، تۆ خۆیشت چاکدەزانیت رووت‌و قووتیت. (**توند پەلی منداڵەکە دەگرێت‌و لە دەستی جەللاد رایدەتەکێنیت**) ئەوەی دەست بۆ ئەو منداڵە دەبات دەبێت لە پێشدا من بکوژێت.

مندالّ: (**ڕادەکاتە نێو خەڵکەکەو دەبێتەمقۆ مقۆ**) بۆ قسەناکەن؟! بەخوا هیچی لەبەردا نییە.. بۆ دەترسن؟!

دەنگ: ئەمە پیلان بوو

دەنگ: ئەشەمبیللا ڕاستدەکات!

دەنگ: بژی هەقیقەت

دەنگ: بڕوخێ درۆ

دەنگ: پاشا ڕووتەو ئابڕوی چوو

دەنگ: جا بۆ ئەوەتەی هەیە ئابڕووی هەبوو؟

پاشا: ئەوە کوان؟ (**بەنێویاندا دێتو دەچێت وەك بە دوای شتێکی ونبوودا بگەڕێ**) کوان چییان لێهات؟

جێگری 1: گەورەم! کێ؟

پاشا: ئەو جووتە ساختەچیو بەدفەڕانە.. کوان؟ بۆ کوێ چوون؟ جەللاد! دەی! ئەودووملۆزمە ناشیرینانە ئالێرەدا سەریانبڕە! پێستیان بگروەو, لەتلەتیانکە! ئەنجن ئەنجیانکە، دەی!

جەللاد: (**بە شمشێری ڕووتەوە دەگەڕێ**) کوان؟! با ئەنجن ئەنجیان بکەم

پەریزاد: باوکە! وەستاو شاگرد کاری خۆیان تەواوکردو فڕین..

پاشا: شتی وا نابێت..نا..بە شەڕەفم! بە شەڕەفم.. قەیسەریان لێدەکەم بە کونە مشك.

جێگری 2: گەورەم کونە مشکیان لێبکە بە قەیسەری

پاشا: چەنەچەن گەلحۆ! بۆم بدۆزنەوە

جێگری 1: (**شپرزەیە**) ئەرێ..ئەرێ بەراست چیان لێهات؟

جێگری 2: (**شپرزەیە**) زەوی قووتیدان

پەریزاد: نا..نا ئاسمان هەڵیلووشین

دەنگ: بژی ئاسمان

دەنگ: بژی وەستاو شاگرد

دەنگ: بژی زەوی

دەنگ: بمرێ قەیسەری.بژی کونەمشك

دەنگ: بمرێ کونەمشك، بژی قەیسەری

**(قاقاو قەشمەری لە هەموو لایێکەوە)**

دەنگ: بمرێ درۆ بژی هەقیقەت

**(یاساوڵ و جەندرمەکان و جەللاد.. بە چەکی جۆراو جۆرەوە لە نێوان جەماوەرو دەستەو دایەرەی پاشادا پەرژینێك دروستدەکەن)**

پاشا: وا دیارە خەریکە بقەومێت.. تا دەچم خۆم دەگۆڕم.. هەر چواردەوری شار بگرن! نەیێڵن باڵندەش ئاودیوبێت! دەی جاڕێ ئێستە دوامکەون! (**بە ترسەوە دەڕواتو ئەوانیش بە دوایدا دەڕۆن.. ئەمجا یاساوڵەکان بە ترسەوە بۆ پارێزگاری بە دوایدا دەڕۆن**)

پەریزاد: **(بە تەنیا لەسەر شانۆیە سەیری خەڵکەکە دەکات ئەمجا لەچکێك دەکات.. تەنیا چاوی بەدەرەوەیە..)**
کاوەگیان ! باوکە گیان ! جێم مەهێڵن..وا هاتم.. **(دێتە نێو بینەرانەوە)**

* دەکرێت ئەم دیمەنە بەفیلم نیشانبدرێت, یان لە پەناییێکی شانۆکەدا جێی بۆ تەرخانکرێت.

# هەوالدز

## تێبینییێکی پێویست

بڵاوبوونەوەی ئەم شانۆنامەیە لەکاتی خۆیدا.. بووە مایەی ئەوەی دڵی چەند بنەماڵەیێکی دانیشتووی شاری کەرکووك و سلێمانیمان لێ بڕەنجێت! چونکە وایان لێکدابۆوە.. مەبەستمان سووکایێتی پێکردنی کەسانێکی سەر بەو بنەماڵانەیە.. بەڵام ویڕای داوای لێبوردنمان لێیان.. دەخوازم ئەوە بڵێم کە ڕاستی مەبەستمان بەتەنێ نووسینی شانۆنامەیێکی هونەری تێکەڵ لە واقیع و خەیاڵ بووە.. بەسوود وەرگرتن لە هەندێ ڕووداوی مێژوویی نەتەوەکەمان و هیچی دی!

## هەوالدز

**شانۆ چۆڵە...بەر لەوەی گلۆپەکانی نێو هۆڵ بکوژێنرێنەوە، هیوا بەنێو جەماوەری هۆڵدا دەگەڕێتو سەفتەیێك کاغەزی لە شێوەی بیتاقەدا پێیە:**

**هیوا: بیتاقە..یانسیب..دەردەچێ بەختی خۆت تاقیبکەرەوە..(چەند بیتاقەیێك بەنێویاندا دەبەخشێتەوە)**

**(هۆڵ تاریکەو شانۆ ڕووناك)**

**ئەکتەری یێکەم: (بە تراکسووتەوەیە.. فتبۆلێکی پێیەو یاری پێدەکات.. دێتە پێشەوە..فتبۆڵەکە بە دەستی ڕاستی بەرزدەکاتەوەو دەوەستێ)**

ببوورن! ئەم تۆپە ..ئۆه.. جارێکی کەیش ببوورن! ئەم گۆی زەویەی هەمومان لەسەری دەژینو دەمرین، پڕە لە نهێنی, چوار هەزار ملیۆن مرۆڤی لەسەرە...لە هەناویشدا ملیۆنەها ملیۆن جەستەی مرۆڤی هەڵلووشیوە..هەر یێکەیان نهێنیێکی سەربەخۆو جیهانێکی تایبەتین، بە ئاواتو هەستو نەستو بیروباوەڕو تاوانباریو بێتاوانی خۆیانەوە...بێگومان هەزارەها.. بەڵکو ملیۆنەها نهێنی تریش لە ئاسمانو دەوروبەریدا خۆیان مەڵاسداوە.

**(وەك وەرزشوانێکی پسپۆڕ یاری بە تۆپەکە دەکات)**

مەترسن هیچی لێنایەت، کەس ناکەوێتە خوارەوە هەمووی توندوتۆڵ..تۆکمە شەتەکدراوە، (دەوەستێ)..ئەم گۆی زەویەمان بەدەست چەند داموودەزگەیێکەوە شەقشەقێنی پێدەکرێت، ئە ئاوا **(تێی هەڵدەداتو بە سەرو دەستو بە هەموو لەشی یاری پێدەکات)** ئەئاوا..(دەوەستێ) هی واش هەن بیر لە چوار هەزار ملیۆن* مرۆڤ دەکەنەوە کە پاشەڕۆژێکی پڕ لە ئاسوودەگیان بۆ بخولقێنن.

**(بە دڵسۆزییەوە دەست بە فتبۆڵەکەدا دێنێ)**

تا ئەم نیشتمانە بچکۆلانەیەی مرۆڤ بکەنە بەهەشتێکی هەقیقی لەنێو هەموو گەردووندا..بەڵام ...

**(یاری بە تۆپەکە دەکاتو دەیگرێتەوە)**

بڕوانن! ئا لەم سوچەدا.. لێرەشدا..

**(نیشانە بە هەندێ شوێنی ناوەڕاستو خوارووی فتبۆڵەکە دەدات)** ئێرەش..ئێرەش..لێرەشدا چەند کۆمەڵە مرۆڤێکی سەرگەردانوماڵوێران دەژین، لە زەلکاودا، لە دۆزەخدا، لە برسێتیدا.. لە زێرابی دواکەوتوویدا.. نازانم چۆنو, بە چ وشەیێك وەسفی ئەو ژیانەیان بکەم..ئا لێرەشدا

**(پەنجە دەخاتە سەر بەشی سەرووی تۆپەکە)**

خەریکی جەنگی ئەستێرەکانن stars war

2: **(بە تراکسووتەوە..ڕۆژنامەیێکی پێیەو گەیشتۆتە بەردەمی شانۆ)** جەنگی ئەستێرەکان بەهۆی چەند ئاوێنەیێکی تایبەتییەوە.. تیشك دەگرنە مووشەکە ئەتۆمیو نیوترۆنییێکانو لەچاو تروکانێکدا دەیانتەقێننەوە!

3: **(بە تراکسووتەوە..رادیۆییێکی پێیە لە پشتەوە هاوار دەکات)** هەواڵ ..هەواڵ ..دواهەواڵ.. جەنگی ئەستێرەکان!

2: هەواڵ...هەواڵ.. خۆپیشاندانو مانگرتنی گەلان دژی بۆڕبۆڕێنی چەکی کۆکۆژ و کەڵەکەکردنی ...

1: هەواڵ...هەواڵ.. دیموکراتیەتی پیرێژنە دەمولێو جوانەکەی ئینگلتەرە لە ئایرلەندەدا!! دادپەروەرێتی زایۆنیزم لە سەبراو شاتێلای لوبناندا..پەیکەری سەربەستی ئەمەریکایی لە ڤییێتنام و گریناداو سلفادۆرو نیکاراگوا...بەزەییو مافی مرۆڤ و مرۆڤپەروەری لە دادگاو زیندانەکانی خۆرهەڵاتدا ...

2: **(پێیدەبڕی)**

بەسە..بەس! هەواڵ..هەواڵبردنو هەواڵهێنان بەهۆی سادەترین کەرەسەی وەك چاوو گوێ تا دەگاتە وردترین کەرەسەو ئامێری ئەلیکترۆنی.. ئامێری گەورە بەقەدەر کەشتی ئاسمانی.. بگرە بەقەدەر هەموو

پنتاگۆن و هەموو ئۆرگانو دەزگەی C.I.A تا دەگاتە بچووکترین ریکۆرد تەنانەت قۆپچەیێکی بچکۆلانەی چاکەتی برادەرکەت!

1: هەواڵ بەسەرتاپای ئەم جیهانەدا

**(نیشانە بە تۆپەکە دەدات)**

وەکو داوی جاڵجاڵۆکە دەوری داوە..شەپۆلە دەنگو وێنە لەلایەن پەیامنێرو هەواڵدزانەوە.. بە هێما بە مۆرس بە راستو چەپدا.. بە راستو بە درۆو چەواشەکراوی.. بە پڕوپاگاندە بلاۆدەبنەوە.

2: خۆشەویستانم! بیگۆمانم بیستووتانە ژیژك نەرمو نیانترین ئاژەڵە..توخوا وانییە؟

3: حەز دەکەیت تەنیا جارێك هەر بۆ تاقیکردنەوە پێستەکەی بکەرە ملپێچ یا سەرین یا دۆشەك!

1: وریابە! نەکەی توخنی کۆتر بکەویت! ژێر دەنوکی پاشماوەی ژەهری چڵە زەیتوونەکەی پێوە ماوە.

3: بێگومانبە خۆتو مێشکت ژەهراوی دەکات.

2: ئاژانسی یونایتێد پریس دەڵێت: واشەیێکی بەستەزمان بە دەنووکی ژاراوی کۆترێکی سپی هەپڕوون بە هەپڕوون بوو.

1: پەیامنێری ئاسۆشیێتدپرێس.. لە سەرچاوەیێکی باوەڕ پێکراوەوە رایگەیاند: هەمان کۆتر..هەردوو چاوی راوچییێکی بەستەزمانی تاپڕ بە دەستی هەڵکۆڵیو وێنەی کابراش بە گۆچانێکەوە لە رۆژنامەکانی سەر لە ئێوارەی ئەمڕۆدا بلاۆکراییێوە.

2: ئاژانسی رۆیتەر ئەوەی سەلماند.. کە کۆتر زیانێکی گەورە بە زانستو تەکنۆلۆژیاو سەربەستیو ئاشتیو دیموکراتی دەگەیێنێت.

1: سەرچاوەیێکی باوەڕپێکراو لە کێپکەنەدییێوە ئەمەی سەلماند کە تاقە کۆترێکی سپی.. بەڵی تاقە کۆترێك بووە مایەی تەگەرە لەبەردەم کەشتییێکی ئاسمانیدا کە بۆ مەبەستی ئاشتیو هەواڵقۆزتنەوە هەڵدرابوو.

2: رۆژ رۆژی هەواڵدزانە

1: **(بە تۆپەکەی یاریدەکاتو دەوەستێت) هەواڵدز! (بەدەم یاریکردن بە تۆپەکەوە بەرەو دوا دەکشێتەوە)**

3: **(سەیری رژنامەکە دەکات)** هەواڵدز..

**(دەکشتێتەوە)**

ئافرەت (دڵسۆز): **(لەم کاتەدا گەیشتۆتە بەردەمی شانۆ سەدریەیێکی پزیشکی لەبەردایە.. ئەلقەی دەزگیرانی لە دەستی راستیدایە)**

خۆشەویستان! شانۆگەرییێکەمان ناوی

(هەواڵدز) ە

هیوا: **(بەنێو بینەراندا دەگەڕێتو سەفەتەیێك بیتاقەی پێیە.. هەندێکی بەنێویاندا بلاۆدەکاتەوە)**

بیتاقە..یانسیب..دەردەچێ بەختی خۆت تاقیبکەرەوە

ئافرەت: **(سەیردەکاتو سەرسامە)**

تکایە! تکایە شانۆگەرییێکەمان لێتێك مەدەن.. تکایە بێدەنگ بن، تا پێکەوە سوودی لێوەربگرین.

(بۆ بینەران)

**هاوڕێیـان! بـە سـیفەتێك کـە مـن پزیـشکێکی دەروونـیم لەگـەڵ ئـەم هونەرمەندانـەدا (دەسـت بـۆ هەرسـێکیان ڕادەکێـشێت)** هەنـدێك ڕاسـتیتان دەربـارەی هەواڵـدزان بـۆ ڕووندەکەینـەوە.. ڕەنگـە هەنـدێکتان بڵـێن : ئـێ دادە گیـان! بـۆ ئێجگـاری لـەبنی هەمانەکـە نـادەن‌و چـی لـە بنـی کاسـەدایە بۆمـان ناکەنـە ئەسـکوێوە؟ بەداخەوە!

2: بەداخــەوە! ئێمــە هیــچی ئــەوتۆ لــەو نهێنــی‌و ســاختەبازی‌و هەقیقەتانــە نــازانین.. هێنــدە هەیــە دەتــوانن لــە مشتێکی بچکۆلانەدا نموونەی خەروارێك بە چاوی خۆتان ببینن.

ئافرەت: زانایانی دەروونی‌و کۆمەلایێتی.. هەواڵدزیان لە جیهاندا کردووە بە سێ بەشەوە، ئەمەیان (دەست بۆ 1 ڕادەکێشێت) نموونەیێکی گرینگە.

1: بـەڵێ! ئاژانـسەکان لـە کۆتـایی سـاڵی 1984 دا ڕایانگەیانـد کـەوا لـە شـاری پۆپـاڵی هیندسـتاندا.. کۆمپانیـایێکی تێدایە بۆ دروستکردنی گازی ژەهراوی.

2: کۆمپانیــای یۆنیــۆن کاربایــد.. بــەناو کۆمپانیــایێکی هەمەرەگــەزە.. لــە ڕاســتیدا ئەمــەریکایی ڕەگــەزەو.. لــە بیریشتان نەچێت، زۆربەی خەڵکی ئەو شارەی ئەم کۆمپانیایەی تێدایە نازانن ئیمزای خۆیان بکەن.

3: چـل تـەن لـە گـازی ژەهـراوی کۆمپانیاکـە هـەر لـەخۆیێوە! بـەڵێ.. دەڵـێن هـەر لـەخۆیێوە سـەرەتاتکێی لەگـەڵ ئەو خەڵکەداکرد.. لە ماڵ‌و کێڵگەکانیاندا بووە میوان‌و.. تا نێو دڵ‌و هەناویشیان نەوەستا.

2: لـە ئەنجامـدا دووهــەزارو پێنجسەد مرۆڤــی ئـەو شـارە سـەرگەردانە مـردن‌و.. دووسـەد هەزاریـشیان گـاز لێـی دان‌و لەوانەیش زێتر لە پەنجا هەزاریان خەتەرن‌و ژیانیان لە مەترسیدایە.

3: کۆمپانیا هەمە ڕەگەزەکە ناوی هەموویانی نووسیوەو بڕیاریداوە زیانەکانیان بۆ ببژێرێت، بە دۆلار!

ئـافرەت: ئەمــە پوختــەی هەواڵەکـەبوو.. خــەڵکی ئاســایی وەك مــن‌و تــۆو ئێــوە,ئەمەنــدەمان بیــست, واشمــانزانی مەســەلەکە هــەر ئەوەندەیــەو هەڵــەیێکی هونــەریی ئاســاییە! بــەلام لــەژێر ئــەم هەواڵــەدا هــەواڵێکی هــەقیقی ســامناك هەیــە.. ئــەم هەواڵــدزە (بــۆ 1) چــۆتە بــجو بنــەوانی هەواڵەکــەو، بازرگــانی‌و قاچاخــچێتی پێوەدەکـات، بەهــەموو جیهانــدا دەیگێڕێــت، کــێ پــارەی زێــتری بــداتێ بــەوی دەفرۆشــێت.. بێگومــان کۆمپانیاکــەو دۆســتانی تەنانــەت بێدەنگبوونەکەیــشی لێــدەکڕن.. تــا نهێنییێکــە ســەرەنگومکەن.. فــەرموون ئەمــەش هەقیقــەتی کارەساتەکەیە.. تا بزانن لەگەڵ رووکەشەکەیدا چەند جیاوازە!

1: کۆمپانیــای یۆنیــۆن کاربایــدی ئەمــەریکایی بەدەســتی ئەنقەســت شــاری پۆپــاڵی کــردە ئەزمونگــەیێك بــۆ تاقیکردنــەوەی کاریگــەریی گـازە ژەهراوەیێکـەی.. بـۆ دیـاریکردنی پلـەی کوشـندەیی بـە نیـسبەت کـەم‌و زۆری خەڵکەکـەو دووری‌و نزیکیـان لـە شـوێنی تەقینەکـەوە، تـا لـە جەنگێکـدا لـە جەنگـەکانی ئـەم سـەر زەمینـەدا بەکاریبهێنێت، چ خۆی یان دۆستانی بۆ لەنێوبردنی مرۆڤ نەك مێش‌ومەگەز!

ئافرەت: **(بە سەرسامییێوە لە 1 دەڕوانێت)**

سەیرە ! چۆن؟ ڕەنگە بپرسن خۆ ئەم کابرایە بە خەتو خۆڕایی نهێنییەکانی درکاند؟! دیارە زۆر دەبەنگە، یان ئەوەتا مشتەری باشی لێ هەڵنەکەوتووە، بەڵام هاوڕێکانم! وا نییە، ئەم جۆرە هەواڵدزانە زۆر چاپوكو زیرەکن.. ئەوی ڕاستی بێت منیش سەرسام ماوم دیارە لەبەر خاتری ئێمە ئەمەی درکاند..

**(بۆ 1)** وانییە؟

**1**: ببوورە خانم! نەخێر وانییە! من خاترو ناتر نازانم.. بۆچی من هیچم درکاندووە!؟

**(بۆ بینەران)**

بەڕێزان! کاری من.. یان بازاڕی گەرمی من، لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ئەو بۆمبا کیمیاویانە دەگاتە دەست لایەنێکی جەنگ, بە ژمارەو پلەی کوشندەییانەوە.. ئەو کاتە هەواڵەکەم دەگاتە بازاڕی ڕەشو قسە لەگەڵ جانتا دۆلاردا دەکەم.. جا یا ئەوەتا هەواڵەکە بە چەند جانتا دۆلارێك دەکەم بەژێر گلەوە.. یان ئەوەتا بە ژمارەییێکی زێتر دۆلار دەگەیەنمە لایەنی دووەمی جەنگ.

**(کەمێك یاری بە تۆپەکەی دەکات)**

ببوورن! هەر کەسێك ئەو چەکە نەفرەتییەی گەرەکە.. هەر ئێستە دەتوانم بۆی پەیدابکەم، پێویست ناکات چاوەڕوانی بەرهەمی کۆمپانیای یۆنیۆن کارباید بکەین، ئەوەتا سەدو پەنجا تاوانبارانی دووەمین جەنگی جیهانی.. سەدو پەنجا تاوانکاری نازی.. تا ئێستەش بە نهێنیو بە ئاشکرا قاچاخچێیتی بەو بۆمبا کیمیاویانەوە دەکەن، کە لەو ساوە لایان ماوە.

ئافرەت: **(بۆ بینەران)**

**کەسەکانم! جۆری دووەمی هەواڵدزان...**

**2**: **(دێتە پێشەوە)** بەڵێ منم! من لەبەرەی تێکۆشەرانەوە دەچمە نێو ڕیزەکانی دوژمن و داگیرکەران.. دژی تێکۆشەران زماندرێژییێکی زۆر دەکەم.. تەنانەت بە کردەوەو ڕەفتاریش دژیان دەوەستم بە مەرجێ بزانم پێویستو بێ زیانە.. هەموو میللەت نەفرەتم لێدەکەن، هەردەم پڕۆژەییێکیشم بۆ مەرگو کوشتن.. چ لەلایەن داگیرکەرانەوە کاتێ کە لایان ئاشکرا دەبم و، چ لەلایەن تێکۆشەرانو میللەتیشەوە.. بە هەڵە یان ڕێکەوت.. کاری من ئەوەیە نەخشەو پیلانو ژمارەی هێزو جۆری چەكو زەخیرەی دوژمنو ئەڵقەی لاوازییان بگەیێنمە هاوڕێ تێکۆشەرەکانم.

ئافرەت: ئەم جۆرانەیان نەك هەر زیرەكو بەتوانان" بەڵکو بە تێکۆشەرێکی شەڕەفمەندو مەزنیش دادەنرێن.

**2**: بەمەرجێك بە پوختیو خاوەن بڕواییێوە بمێنینەوە.. بەڵام سەواو مامەڵە بە ئێمەشەوە دەکرێتو.. جاری وا هەیە وەك بێبارێك دەبینە کەری نێو جۆگە، لە هەردوولا دەخۆین.. یاخود هەر بە تەواوی دەکەوینە نێو زەلکاوی خیانەتکاریو خۆ دۆڕاندنەوە.. وەك **(دەست بۆ 3 را دەکێشێت)** جۆری سێیەمی **هەواڵدزان!**

ئافرەت: ئەم بابەتەیان **(ئیشارە بۆ 3 دەکات)** لەنێو ئێمەدا لە هەموویان زێتر باوە.

**3**: **(بۆ بینەران)**

برایان! خوشکان!

بــڕوا نەکــەن ئــەم ئافرەتــە دەیــەوێت لــە خــشتەتان بــەرێت, هــەموو خــەڵکی مــن دەناســنو.. دەزانــن مــن نیــشتمانپەروەرێکی بێگــەردم.. پێــشکەوتنخوازێکی نەبــەرد.. دڵــسۆزی شــاخو هــەردم.. بپرســن چــەند ئــازاو مــەردم! لــە بنەماڵــەیێکی خانــەدانی کــوردم.. ئــا ئەمــە (دەســت بــۆ ئــافرەت رادەکێــشێت) ئــا ئەمــە..مــن دەیناسم.. دووزمانە بوختانم بۆ دەکات.. هەوێنی نۆ قازان شیرە!

ئافرەت: (**بەزەردەخەنەوە بۆ 3**)

تەنانــەت بــە تەمــسیلیش پێــت شــەرمە ئــەو دەورە ببینیــت! ؟ وەرە پێــشەوە. (**بــۆ بینــەران**) ئــەم کــابرا هەواڵــدزە جیاوازییێکی زۆری لەگەڵ ئەو دوانەی تردا هەیە.. حەزدەکەم خۆی بۆتان روونبکاتەوە.

3: (**بە شەرمەوە دێتە پێشێ.. رۆژنامەکەی دادەخات**)

برایان!

ئــەم کــارەی مــن.. یــەعنی ئــەوەی مــن دەســتمداوەتێ.. مەبەســتم ئەوەیــە مــن خــەریکی کــارێکم لــە راســتیدا.. من ..

ئــافرەت: تکایــە بــێ پــێچو پــەنا.. هەلێکــەو دەســتمانکەوتووە، بــا کــاتی خۆمــانو ئــەو میوانــە ئازیزانــە بــەفیڕۆ نەدەین.

3: ئێێێ.. تۆ لای خۆت پزیشکی دەرونزانیت! قابیلە خۆم جاڕ لەخۆم بدەم؟

ئافرەت: زۆر چاکە! ئێمە دەستەکەت دەخەینە روو

(**بۆ بینەران**)

ئازیزانم!

خــەڵکی زۆر خــراپ لــەم بابەتــەیان گەیــشتوون.. وا دەزانــن زۆر زیــرەکو کارامــەو چــالاکن.. وا دەزانــن ئــەرکێکی زۆر گرانیــان بەســەرەوەیەو بــە هــیچ کــەس ناکرێــت! بــەڵام کــارو رەفتــاری ئــەم جــۆرە هەواڵدزانــە, نــەك هــەر زۆر ئاســانە بــەڵکو بــە هــەمو دەبــەنگو گــەڵحۆو هــیچ لــەبارا نــەبوویێکیش مەیــسەردەبێت.. بگــرە بــەزۆری ئەوانــەی نــاتوانن بــە رێگــەیێکی شــەرەفەمەندانەو رەنجــی شــانی خۆیــان بــژینو پێبگــەن, ئاســانترینو کورتترین رێگە دەگرنەبەر، بۆ دەستگەوتو دەسەلآت.

3: (**لەم کاتەدا خۆی دزیوەتەوە بۆ ئەودیو شانۆ**)

ئافرەت: (**سەیردەکات**) ئەوە کوا؟ ئا..بەهەرحاڵ..دەچێ دەست لەگەڵ دوژمن تێکەڵدەکاتو ئەمجا..

3: (**بە دزییەوە لە پەناییێکەوە گوێ هەڵدەخات**)

ئــافرەت: ئــەمجا بــە دزیو بــە ئاشــکرا گوێــدەگرێت.. خــەڵکی دێنێتــە قــسە، ســەر بــە هــەموو کونێکــدا دەکــات, بــە زمــانی لــووس خــۆی لەگــەڵ ئەوانــەدا رێکــدەخات کــە بــۆی دەستنیــشان کــراون, هــەواڵی تێکۆشــەرانو نەخــشەیان دەکاتــە دیــاری دەســتی بــۆ دوژمــن.. ئــەنجام هــەر خەڵکانــەو ماڵوێرانــدەبن.. هــەر ســەرەو بــە فەتارەت دەچێ.. بەرگی ئاودامانی رەش دەپۆشرێو بەرەی میللەت نوشستی دێنێ.

2: بــەڵام ئــەوەی جێگــای داخــە.. خــەڵکێکی زۆر پێیــان هەڵدەخەڵــەتێن, چــەپڵەیان بــۆ دەکــوتن.. داکــۆکی نەفامانەیان لێدەکەن، چونکە وەك وتمان خۆیان بە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخواز پیشاندەدەن.

3: (لـە پـەناوە) ئێـوە خۆتـان، خۆتـان بـە درۆدەخەنـەوە, چـونکە ئەگـەر مـن گێـلۆ گەمـژەو گەنـدەڵ بم" چـۆن دەتوانم بەو جۆرە خۆم نیشاندەم!؟

2: نەخێر ئەمە نیشانەی زیرەکیو چالاکی خۆت نییە، بەڵکو ئەوانەی لغاویانکردوویت ئەمەت بۆ دەڕەخسێنن.

1: بـەڵێ! ڕەنگـە بتگـرنو ماوەییێـك لـە بەندیخانـەدا هەواڵـدزیت پێبکـەن، لـەم لایـشەوە لـەنێو خەڵکـدا بلاَویکەنـەوە کـە لەسـەر میلاکـی تێکۆشـەران گیراویـت، ڕەنگـە گـروپو کۆمـەڵێکی بەرهەڵـستکارانەو نەیارانـەت بـۆ دابمـەزرێنن و.. پـەیڕەوو پڕۆگرامیـشت بـۆ بنووسـنەوە کـە هـەمووی دژی داگیرکـەر بێـت.. ڕەنگـە لـە کۆبونـەوەییێکی فراوانـدا بتکەنـە دەمڕاسـتو وتاربێـژو شـتی وات بـۆ بنووسـن هەرکـە خوێندتـەوە, خـەڵکی سـەبووریان پیـا بێـتو ئیـسپاتی دیموکراتیـچێتی داگیرکـەرو.. نیـشتمانپەروەرێتی خـۆتی پێبکـەن، هـەزاران داو فاقەو تەپکەو تەڵەی وات پێبنێنەوە کە خۆیشت بەتەواوی سەرت لێیان دەرنەچێت!

3: دەباشە نەبڕاییێوە؟! دەڵێی شانۆگەرییێکەتان هەمووی لەسەر منە...دەبا دەست پێبکەین

(دەڕوات)

ئـافرەت: (بـۆ 3) مـەڕۆ! جـاریَ ماوتـە.. هـەروا نایخۆیـتو ئـەنجام...کـاتو ڕۆژی خـۆت دێـت.. ئـەو کاتـەی بـەر نەفرەتی میلەتو گەوڕی مێژوو دەکەویت!

3: (دەنگـی دێـت) ئێـوە کـەرن.. نـەفامن.. نـازانن بیخـۆن! ئـەنجام.. ئـەنجام.. ئـەنجام چـی دەبێـت قیڕوسـیا! سـەگ لـە قەسـابخانە نـەمرێت عـەمری بـە زایـە دەچـێت.. خـەیاڵتان خـاوە.. هـەر مـنم لـە هـەموو سـەردەمێکدا دەستم دەڕوات. دەبا دەستپێبکەین. ئەوجا دەزانن من چاکدەکەم یان ئێوە؟!

**دیمەنی دووەم**

**(دەنگی سەگوەڕ...1و 2 دەچنە ئەودیو شانۆ..ئافرەت دێتە خوارەوە لە پەناییێکدا دەوەستێت)**

دەنگی سەگەکان: وەو..وەو..وەو..

سەگەوان: **(دەنگی دێت)**

وەرنەوە..وەرنەوە!ئەوە جووتێ سەگ! نایابلەر ئەووەڵبابلەر.. تەنزیلات..

**(سەگەوان دەردەکەوێت سەری پەتەکەی کردۆتە ملی خۆی نانێكو ئێسقانێك بە هەردوو دەستییەوەیە.. بەرگی سەردەمی عوسمانلی لەبەردایە)**

وەرنەوە! جووتێ سەگ.. ئیکی کۆپەك

سەگەکان: وەو...وەو...وەو

ئافرەت: **(بۆ بینەران)**

زۆر جار چاوو گوێو مێشکی مرۆڤ پەی بە هەقیقەتی شتەکان نابەن، جا بۆ ئەوەی کەسمان سەرمان لێ تێکنەچێت.. برای (یان خوشکی) دەرهێنەر وای بە باشزانی بۆ یێکەمین جار ئەمانەتان.. **(دەست بۆ سەگەکان رادەکێشێت)**

بەمشێوەیە نیشانبدات.. چونکە لەو بڕوایەدایە.....

دەرهێنەر: **(لەولای شانۆ یان لە پشتی بینەرانەوە دێت)**

سوپاس سوپاس! دڵسۆزخان.. **(بۆ بینەران)** ببوورن! ئەمە بۆچوونی نووسەری شانۆنامەکەیە.. منیش وای بە راستدەزانم کە هەقیقەتی رووتتان پیشانبدەین، ئەوەش دەزانین کە تا نهێنییێک ئاشکرادەبێت سەدانو هەزاران قوربانی دەدرێت.

هیوا: **(هەمدیسان بەنێو بینەراندا)**

بیتاقە..یانسیب.. دەردەچێ..بەختی خۆت تاقیبکەوە!

**(بیتاقە بڵاودەکاتەوە)**

سەگەکان: **(بۆ هیوا)** وەو..وەو...وەو

ئافرەت: هەرچەندە ئەو دەنگە بە گوێم ئاشنایە... بەڵام تکای لێدەکەین با بیتاقە فرۆشتنەکەی هەڵگرێت بۆ دوایی.

**(بۆ بینەران)**

خۆشەویستان! ئەگەر ئێوەش وەك ئێمە ئەم گەماڵو تووتەڵە سەگەتان بناسیایە ئەوا...

سەگەکان: **(بە رووی دڵسۆزدا)** وەو...وەو...وەو!

ئافرەت: **(بۆ سەگەکان)** تۆزی کوڕی باشبن! بیێڵن قسە بکەم

**(بۆ بینەران)**

دەڵـێن سـەگ بـە ئـافرەت نـاوەڕێ! بـەلاّم ئـەم سـەگانە لـەم لایەنـەوە بڕوایـان بـە یێكـسانی نێـوان ئـافرەتو پیاو هەیە، لەو سەردەمەدا بە یێكسانی پێیان وەڕیونو ئێستەش هەر یێكسان پێمان دەوەڕن

سەگەكان: وەو..وەو...وەو

ئـافرەت: (بـۆ بینـەران) ئەگـەر ئێـوەش وەك ئێمـە ئـەم جووتـە سـەگەتان بناسـیایە.. ئـەوا بـرای (خوشـكی) دەرهێنـەر هـەر بـە چـاكەتو پانتۆڵـەوە.. یـان بـە كـەواو سـەڵتەوە.. یـان بـە ڕانـكو چـۆغەی شـاڵەوە پیـشانی ئـەدان..بـەلاّم دوای ئـەوەی لێـرەدا هەقیقـەتیان دەبیـنن.. ئەوسـا كـە چـوونە دەرەوە.. لەسـەر شـەقامو كـۆلاّنو گۆڕەپـانو نێـو كـۆڕو كۆمەڵەكانـدا بـە چـاوی هەقیقـەت دەیـانبینن و دەیانناسـنەوە.. جـا ئیـدی چـیان لەبـەردابوو گـرینگ نییە، فەرموون ئەمە دیمەنێكی شانۆگەرییێكەمانە.

سەگەكان: وەو...وەو...وەو

سـەگەوان: وەرنـەوە.. گێـل بـورن..گێـل! كوڕینـە! پارەكـەتان بـە خەسـار ناچـێت..دەڵێـی چـیییی.. قیـسمەتلەر...ڕۆژەكـەی ڕەشـە دەنـا ئەمانـە نرخیـان هـەر تـەواو نابێـت، ئەمانـە زێـڕن، ئالتونلـەر ...گـێلن! بابم گێلن!

سەگەكان: (بە بینەران دەوەڕن) وەو..وەو...وەو..

سـەگەوان: گـوێبگرن! چ ئـاوازو مۆسـیقایێك لـە قوڕقوڕاگەیاندایـە! بـە دووقـۆڵی ئـەوەڕن دەڵێـی ئاهـەنگی ڕۆژئاواییانە دەگێڕن.. وەرنەوە سەیر كەن! باخن!

گەماڵ: (**دەیەوێت نانەكەی لەدەست بستێنێت قەپاڵی لێدەگرێت**) وەو..وەو..

تووتك: (**قەپاڵ بۆ ئێسكەكە دەبات**) وەو..وەو..

سـەگەوان: نـا..نـا..ڕۆڵـەكانم پەلـە مەكـەن! ئەتانـدەمێ.. ناهـەقتان نییـە، ئـەمری خوایـە.. ئەگـەر مـن وا پـیرو كەنەفت نەبوومایێ" قەسابخانەیێكمان هەبوو هیچ عەیبی نەبوو.

سەگەكان: ( **بە كەساسییێوە**) وەو..وەو..وەو..

سـەگەوان: ئەگـەر ئێـستە بێگباشـییێك..قومانـدانێك.. میرئالاّیێـك..ئاغـەیێك، كاربەدەسـتێكی گـەورە.. بێگانـەیێكی ئـەورووپایی لێـرە ئـەبوو.. هـەر لـە ئاسمانـەوە دەیانقۆستنەوە.. نـازانم خـەڵكی ئێـرە بۆچـی نـەفرەت لـەم ئاژەڵـە بەسەزمانە دەكەن؟

(یێكێك) هیوا: (**لەنێو هۆڵەوە**)

چونكە گلاون!

سەگەكان: (**بە تووڕەیێوە**) وەو...وەو..وەو

سەگەوان: نا نا تووڕە مەبن بەرحۆلەكانم! ئەوەی وتی گلاون.. ڕاست دەفەرمووێ.

سەگەكان: (**بۆ سەگەوان**) وەو...وەو...وەو

سەگەوان: (**دەست بەسەریاندا دێنێت**)

بە پێی شەرعو ئایین ڕاستە گلاون.. بەلاّم ئەوانە نازانن لە هەموو دەورو دووكانێكدا ئاوو سابوونو تەنانەت وسڵخانەیش هەیە، بە پێی شەرعو ئایینیش مردووو زیندوو بە ئاو پاكدەبنەوە.. ئەووەڵمەزات.. وەرنەوە! تەنزیلات

**(ژن‌و مێردێك دێن)**

مێرد: **(بۆ ژنەكەی)**

ئافرەت دەڵێی چی؟ بۆ پاسەوانی بەردەرگە چاكن یێكێكیان رادەگرین پاك‌و تەمیزیش دیارن.

ژن: ئەیەڕۆ پیاوەكە سەگ بكڕین؟ بەخوا من هەر لە خۆمەوە رقم لەو گەماڵەیە

گەماڵ: **(بۆ ژنەكە)** وەو..وەو..وەو

مێرد: دەڵێم هەردووكیان.. بە مەرجێك هەرزان بن

ژن: ئەو تووتەڵەیە خراپ نییە، جوانكیلەیە.. با هەر لە باخەكەماندا بێت‌و بچێت

سەگەوان: گێلن گێلن! وەرنەوە تەنزیلات.. باخن! باخن!

**(نانەكە بۆ گەماڵەكە رادەگرێت)**

باخن! بڕوانن! ئەووەڵمەزات ئەم گەماڵە پیرە، ئەمە شەو تا بەیانی پاسەوانی موڵك‌و ماڵ دەكات‌و حەپەیدیت، چ قوورەتە دزو پیاو خراپ‌و لەبرسا مردوان توخنی ئەو ناوە بكەون, ئەم گەماڵە زۆر نایابە.. چوغ ئەییدەر.. هەر بە بۆن.. ئەگەر یێكێك لە كونی هەتیتەشدا خۆی شاردبێتەوە.. هەر بە بۆن پێشتدەكەوێت‌و دەبێتە چاوساغت.. تا نەیدۆزێتەوە دەسبەردار نابێت.. ئەلهەقی من خۆم زۆر لێی رازیبووم.. خزمەتی زۆرەو, لە ئیشەكەیدا قاڵبووە، هەتا بڵێی موخلیسیشە باوكی رەحمەتیشی هەر وابوو، بە ویراسەت هەر واش دەبن، تەنیا یێك عەیبی هەیە.

گەماڵ: **(بۆ سەگەوان بە تووڕەییەوە)** وەو...وەو...وەو!

سەگەوان: باشە باشە نایڵێم

**(لەتێكی گچكەی نانەكەی دەداتێ)**

باخن! بڕوانن! مەسرەفی هەر نییە.. بە لەتێك نان قەناعەت دەكات، بە هەموو شتێك شوكورە.. تەنزیلات.. ئەوەڵمەزات!

تووتك: **(بە چالاكی دەوەڕێ‌و پەلاماری ئێسكەكە دەدات‌و خۆی دەباتە پێشەوە)** وەو...وەو...وەو.. وەو...وەو...وەو..

سەگەوان: رۆڵەكەم! پەلە پەلی چیتە؟! تۆزێ رەوشت لە باوكتەوە فێربە!

گەماڵ: **(بۆ تووتەڵەكەی بە تووڕەیی)** وەو...وەو...

سەگەوان: ئاوا فێریكە!

تووتك: **(بەپەلە قەپاڵ بە ئێسكەكەدا دەكات‌و.. سەرەكەی دیكەی ئێسكەكە بە دەست سەگەوانەكەوەیە)** وەو.. وەو!

سەگەوان: ئەم تووتەڵە قۆزو جوانكیلەیە.. هیچ عەیبێكی نییە، تەنانەت وەك گەماكاڵە پیرەكەی باوكی لە گورگیش ناترسێت.

گەماڵ: **(بە عاجزییەوە)** وەو...وەو...وەو..

سەگەوان: دڵگیرمەبە رۆحەكەم! لە گورگ ترسان شوورەیی نییە.

تووتك: (**دەمی لە ئێسکەکە بەردەداتو خۆی دەباتە پێشەوە**) وەو...وەو...وەو..

سەگەوان: ئەم تووتکە لە هیچ ناترسێت، هەرچییێك بێت سنگی پێوەدەنێتو بۆی دەچێت.. پەلەیێتی.. شپرزەیە.. دەیەوێ زوو پێبگات.

مێرد: (**دەست بۆ کارتی ملی گەماڵەکە دەباتو لێی وردەبێتەوە**)

سەگەوان: وەرنەوە...... وەرنەوە!

(**بۆ مێرد**) کاکی برام! عەزێتی خۆت مەدە.. بەکەڵکی تۆ نایەت.. ئەوە سەجەرەی خێزانەکەیەتی.. سەگی ئینگلیزی رەسەنن.. فستی گلاسن.. ئیدی دەڵێی چی قەزاو قەدەرو زەمانەی بێفەڕ وای بەسەر هێناون.

ژن: (**خەریکی سەیرکردنی کارتی ملی تووتکەکەیە**)

کورە کابرا! قارداش! قەزاو قەدەری چیو سەگی ئینگلیزی چی؟ ئەمانە سەگی وڵاتی خۆمانو.. فڕیان بەسەر رەسەنی ئینگلیزییێوە نییە.

سەگەوان: دایکم تۆ نایزانی.. خوشکم تۆ نایزانی.. من دەیانناسم.

مێرد: بە زانی خوا خەریکە لەونمان لێدەگۆڕێت، قارداش هەی بەردت لێباری! قابیلە منیش نەزانم..

(**دەم بە گوێی گەماڵەکەوە دەنێ وەك قسەی لەگەڵدا بکات**)

گەماڵ: (**بە تووڕەییێوە**) وەو...وەو...وەو..(پەلاماری قاچی دەدات)

تووتك: وەو...وەو...وەو..(**پەلاماری لاقی دەدات**)

مێرد: (**دەسڵەمێتەوە**)

ئەوە چییە؟! ئێ مەمخۆن! خۆ کفرم نەکرد.. دەتانناسم

(**بۆ سەگەوان**)

باشە قارداش! ئەم گەماڵە (**چەپۆکێکی پیا دەکێشێت**) بە چەند؟

سەگەوان: کاکە بە کەڵکی تۆ نایەن.. برام بە کەڵکی تۆ نایەن.. دەزانم کڕیار نیت.

مێرد: سا وەڵڵا قارداش هیچ نازانیت.. چونکە مادام ئەوانە سەگن بە کەڵکی هەموو کەسێك دێن.. دەی بابزانم ئەم گەماڵە (**پیادەکێشێتەوە**) بەچەند دەفرۆشیت؟

گەماڵ: (**خۆی لە مێرد هەڵدەسوێ**) وەو...وەو...وەو..

سەگەوان: ئەوە لەبەر خاتری تۆ بە پەنجا روپێ.

ژن: ئەیەڕۆ پیاوەکە! پەنجا روپێ بۆ گەماڵە پیرێك! ئاخر زەمانە!

مێرد: ئاخر ئافرەت! ئەم گەماڵە شارەزاو گەورەیە بۆیێ وا گرانە.

ژن: کەواتە پیاوەکە بابزانم توتکەکە بە چەند دەدات!؟ لەوانەیە ئەمیان هەرزانتربێت، لەبەر پاكو تەمیزیان ئەگەر ئەمیان بە دە روپێ بدات خراپ نییە

(**دەست بەسەر تووتکەکەدا دێنێت**)

تووتك: (**بە خۆشییێوە بە دەوری ژنەکەدا دێتو بە نەرمی دەوەڕێت**) وەو...وەو...وەو..

ژن: باشە قارداش! ئەم تووتکە بە چەند؟

سەگەوان: خانم ئەو تووتکە بە سەدو پەنجا روپیێ

ژنو مێرد: (**بە سەرسامییەوە**) بۆۆۆۆۆۆۆ؟

سەگەوان: (**لاساییاندەکاتەوە**) نازانن بۆۆۆ؟

مێرد: چۆن ئەم گەماڵە زلە وا هەرزانو.. ئەو تووتکە بچووکە وا گران؟

سەگەوان: قوربان! ئەم گەماڵە بە پەنجا روپیێ چونکە ئەمیان (**پیایدا دەکێشێت**) تەنیا سەگە.. بەلام ئەم تووتەڵەیە.. بە سەدو پەنجا روپیێ.. چونکە ئەمیان (**پیایدادەکێشێت**) سەگ کوڕی سەگە! ها...ها..ها.. دەی پێشمکەون دیارە بازاڕتان ساردە.

سەگەکان: (**بە ئاوازەوە دەوەڕن**) وەو...وەو...وەو..(

**بە دانسەوە بەرەو لای راستی شانۆ دەڕۆنو.. پەتەکەی ملی سەگەوان رادەکێشن..)**

سەگەوان: هەمان دانس لەگەڵ ئاوازەکەدا دەکات) وەرنەوە وەرنەوە! تەنزیلات تەنزیلات..

**(سەگەکان دیار نامینێن.. وردە وردە سەگەوانیش بە دوایاندا دیار نامینێت)**

میرزا: (**لەنێو بینەرانەوە..بە کەواو سەڵتەوەو بەدەم رۆیشتنەوە شپرزەیە**) ئەوە کوان؟ بۆ کوێ رۆشتن؟ دەر کوجا رەفتەن؟

مێرد: ئۆۆهـ.. میرزا میرزا حوسێن! دیمانەت بەخێر.. ئەوە ماوەیێکە دەرناکەویت؟

میرزا: وەڵلا قوربان! سەرم قالبوو.. هەر لە ماڵەوە بووم.. خەریکی موتالاکردن بووم، ئێستە خەبەریان دامێ..

مێرد: خەبەری چی؟

میرزا: وتیان سەگ مەزات دەکەن.. بە تەنزیلات دەیفرۆشن نازانم...

مێرد: ئێ تۆ بۆ وا خۆت شپرزەکردووە؟

میرزا: خۆم شپرزە نەکردووە.. هاتووم بیانکرم.

ژن: ئەیەڕۆ میرزا شیرازی! تۆ سەگت بۆ چییە؟ تۆ لای خۆت ئیمانداریتو قورئانخوێنیت.

میرزا: دایکەکەم! خوشکەکەم! قورئان ئەوەتا لێرەدایە، لە سینگمدایەو سەگیش لەبەر قاپیو نێو کۆڵانو حەوشەو دوور لە خۆم رادەگرم، خوشکی برای! ئەو خەڵکە نازانن ئەو حەیوانە چەند بەکەڵکە؟! سەرەڕای ئەوەش.. ئەی رەحمو بەزەییو خۆفی خوا یانی چی؟ هەر لە رایی خوادا رایاندەگرمو رۆژی لەتێ نانو ئێسکێك چییە؟

ژن: ئۆی میرزا شیرازی! سەگیش ئەو حەیشو لوورە دەهێنێت؟! ئێمە هەروا لە خۆمانەوە سەوامانکردن.. قارداش وایدەزانی لێرەی رەشادیمان پێ دەفرۆشێت.. بە سەرینی باوکم نەمبیستووە سەگ لەم وڵاتەدا بکڕێت و بفرۆشرێت.. ئەو دەشتو کەلاوانە پڕن لە سەگو کەس لێیان ناپرسێت.. کەچی جلخوار زۆر گرانجانیش بوو نازانم بۆ؟

میرزا: خانم! بەهەر چەندێك بن گران نین.. پەك ناکەوێت.. با ئەوەیش لە رایی خوادا بێت.. پێم نالێین لە کوێوە رۆشتن؟

مێرد: ئا لێرەوە میرزا.

ئافرەت: (**لە خوار شانۆوە**)

**گودبای مستەر! (بۆ بینەران) ئەوەتا سەگ بە دوای قەسابخانەدا ئەگەڕێو قەسابخانەش بەدوای سەگدا.**

هیوا: (**بیتاقە بەنێو بینەراندا بلاّودەکاتەوە**)

**بیتاقە...یانسیب! بەختی خۆت تاقیبکەرەوە!**

**دیمەنی سێیەم**

حاجی مەلا: (**بە هەڵەداوان دێتە سەر شانۆ.. جبەکەی لێبۆتە باڵ, بێچووەکەی بە دواوەیە**) ئاخر زەمانە! دین نەماوە! حەیا نەماوە! حەلاڵ نەماوە! (**ئەمسەرو ئەوسەری شانۆ دەکاتو بێچووەکەی لە دواییەوە وەك ئەو دەکات**) نەوەڵڵا.. حەلاڵ نەماوە.. فسقو فجوورو فاحیشە تەشریفی ناموبارەکیان هێناوە.. بۆ خاتری خوا! بۆ خاتری پێغەمبەر! کورە بۆ خاتری کاکەحمەدی شێخو شایی نەقشبەند! بۆ قسە ناکەن؟! کەی ئێمەو ئەوەیان وتوە؟! ئەم شارە هەر لەو کاتەوە برایم پاشای بابان بەردی بناغەی داناوە..سەدان ساڵیش لەوەوبەر.. هەر جێگەی شێخو مشایێخان بووە.. هەر مەرقەدی پیرو نوورانییەکان بووە.. ئەوەتا خەڵکینە بۆ قسە ناکەن؟! کوێرن ؟! کەڕن؟! مزمەعیل بوون؟! ئەوەتا تیاترۆخانە!! تیاترۆخانە...

ئافرەت: (**بۆ بینەران**) کەسەکانم! دڵتان ختووره نەکات.. مەبەستی ئێستە نییە، حاجی چ خۆیو چ بێچووەکەی دەمێکە شڕو شیتاڵیان پێچاوەتەوەو چوونەتەوە بەر قاپی خوا... بەڕێزان! ئێمە ئەو کاراکتەرەمان بەم هونەرمەندەی هاوڕێمان سپاردو, ناومان نا (حاجی مەلا).. ئەوی راستی بێ.. ئەو زەلامە لە نێو کۆمەڵەکەماندا بە خوێنوگۆشت و ئێسقانەوە مەوجوود بووەو.. ناوی خۆیشی هەبووە.. بەڵام بۆ ئەوەی کەس نەیباتەوە سەر بنەماڵەی خۆی ناومان نا (حاجی) و, بە ملیۆنەها حاجی هەن.. بەڵام ئەمجۆرەیان دەگمەنن! فەرموون ئەوەتا!

حاجی: ئەوە کوا؟ لە شپرزەییدا ماڵەکەیانم لێ تێکچووە, نا...لێم تێکناچێت.. بەو خوایەی بێ مەکانە کاریکیان پێدەکەم بە سەگ نەکرا بێت.. دیارە لەو رۆژەی (لا ینفع مال ولا بنون) ناترسن.. هەر بۆ چوار عانە مەعاش.. بۆ پارەی چڵکی دەست.. پەنا بەخوا بۆ وا دەکەن بۆ؟ نازانن (یعگی الله من یشاو ویڑل من یشاو) سەری بێ رزق لەژێر خاکدایە!؟ ماڵەکەیانم لێتێکچوو.. شەیتان بە لەعەنەت بێ! (**خۆی بێچووەکەی دەچنە ئەودیو شانۆوە**)

هیوا: (**کارت بلأودەکاتەوە**) بیتاقە..یانسیب! دەردەچێت (**لەنێو جەماوەرەوە بەرەو بەردەم شانۆ دەچێت**) بەختی خۆت تاقیبکەرەوە! دڵسۆزخان! ئێوارەت باش

ئافرەت: هیوا! ئەوە تۆیت (**دەیەوێت باوەشی پیابکات، دەسڵەمێتەوە**) هیوا! ئەوە بیتاقە دەفرۆشیت؟

هیوا: (**بیتاقەیێکی بۆ رادەگرێت**) بەختی خۆت تاقیبکەرەوە!

ئافرەت: هیوا! تۆو بیتاقە؟!

هیوا: لەم هەرێمەدا دوو شت رەواو باون...ئومێدەو هیوان.. بیتاقەو تەقاویتی.. خەڵکی چاوەڕوانی یێکێك لەم دوانەن.. بە ئومێدی یێکێکیانەوە دەژین.. بیتاقەی جۆراوجۆر.. تەقاویتی جۆراوجۆر!

ئافرەت: هیوا تۆیش !؟ تۆیش خەریکی ئەمەیت

هیوا: سەرسام مەبە! ها بگرە! بەڵکو..

ئافرەت: نا هیوا! نا مەحاڵە! شتی وا مەحاڵە.

هیوا: شتی وا مەحاڵ نییە دڵسۆزخان! زۆر ئاساییە

**(بۆ بینەران) هاوڕێکانم!** نازانم ئێوە قومار دەزانن یان نا؟ بەهەر حاڵ بیستووتانە لەنێو کاغەزەکانی قوماردا.. کاغەزێکی سەیرو ئەنتیکە هەیە پێی دەڵێن (جۆکەر).. ئەم جۆکەرە نەفرەتییە، خۆی دەهاوێتە نێوان دوو کاغەزی دیکەوە.. یان دەچێتە ئەمسەرو ئەو سەریانەوەو پێڕیان لێ دروستدەکات، بەلاّم ئەوە باش بزانن کە ئەم جۆکەرە قورمساغەش.. لە هەموو حاڵەتێکدا کارەکەی پێ مەیسەر ناکرێت، بۆ نموونە ناتوانێ کچی کووپو باجاخی دینار پێکەوە بکاتە پێڕ! کەواتە ئەمە سەیر نییە، سەیر ئەوەیە هەندێك کەس هەن، لە جۆکەر جادوبازترن.. بە هەموو جۆرێك پێڕ دروستدەکەن.. ئەوانە لە کۆڕی سیاسەتبازیدا بە دیپلۆماسی ناو دەبرێن.. لە جێی تریشدا.. بەڵی لە جێی هەقیقی خۆیاندا.. لە سەنگی مەحەك دەدرێنو ناو دەبرێن بە هەلپەرست.. دەلاّڵ..لۆتی.. بەربووك.. سۆزا.....

ئافرەت: **(پێیدەبڕێت) هیوا!** ئاگات لە دەمی خۆت بێت! **(بە هێمنی)** تۆ پێم ناڵێیت کەی بەربوویت؟

هیوا: دوێنێ

ئافرەت: بیتاقەش دەفرۆشیت؟

هیوا: بگرە ها، دانەییێکیان وەربگرەو بەختی خۆت تاقیبکەرەوە!

ئافرەت: هیوا! وتم نا.. کەی وەختی ئەوەیە؟!

دەرهێنەر: **(دێتە پێشەوە.. بۆ بینەران)**

ئازیزان! ئەم دووانە چیرۆکی تایبەتی خۆیان هەیە.. ئەوی ڕاستی بێت, ئەمە لە شانۆگەرییێکەماندا نەبوو.. بەلاّم دەڵێی چی! خواو ڕاستان لە کاتێکدا کە دڵسۆزخانی هونەرمەند دەوری خۆی لەم شانۆییەدا دەبینێت, هیوای هاوڕێو خۆشەویستی جارانی.. دوای شەش ساڵ لە یێکدی دابڕان لێرەدا بەیێکدی دەگەنەوە.. داوای لێبووردنتان لێدەکەین.. **(بۆ هیواو دڵسۆز)**.. فەرموون! ئێوە دەتوانن بچنە ئەودیو شانۆوەو.. ڕازو گلەیی خۆتان تەواوبکەن...**(بۆ بینەران)** فەرموون با ئێمەیش لەسەر شانۆگەرییێکەمان بەردەوامین.

**دیمەنی چوارەم**

حاجی: (تازە گەیشتۆتە ماڵی ئاغا عەبدوڵڵاو..لەگەڵ قادرەفەنی کوڕی بە بەرگی ئەفەندییەوەن.. حاجی بێچووەکەی بە دواوەیە) نەوەڵڵا هەق نییە!

ئاغا: (لەگەڵ قادرەفەنی کوڕیدا لەبەری هەڵدەستن) فەرموو!

قادرەفەنی: فەرموو مامە حاجی فەرموو!

حاجی: نەوەڵڵا سەلام ناکەم.. چۆن شتی وا دەبێت!؟ نەبووە نەکراوە.. بەتایبەتی ئێوە.. ئەوە هەر نابێ.. نەعووزو بیللا!

ئاغا: حاجی ئەوە خێرە؟ چ ڕوویداوە؟ دەفەرموو دانیشە!

حاجی: دانانیشم.. دانیشتنی ماڵەکەشتان حەرامە.. ئیدی ئاوی ئەم ماڵەش ناخۆمەوە.. هەر نایەم و سەر بە ماڵتاندا ناکەم.

بێچوو: منیش.

قادرەفەنی: مامە حاجی! فەرموو قوربان! جارێ تۆ ئیسراحەتێك بکە.. وەڵڵاهی بەخێرهاتنەکەشمان لەبیر چۆوە.. یاخوا بەخێر بێی.

حاجی: بەخێر نەیەم.. وس! تۆ.. تۆ هەر قسە نەکەیت باشە.. گوناحەکە هی تۆیە قادرە فەنی!.. دەزانیت؟ ئا..تۆ..ئا!

ئاغا: ئاخر حاجی مەلا! تۆ تۆزێ لەسەرخۆبەو.. تێمان بگەیەنە قادرەفەنی کوڕم چ گوناهێکی کردووە؟

حاجی: هیچ بابە هیچ! جا چی ماوە بیکات!؟ (بە تووڕەیی بۆ ئاغا) ئاغا عەبدوڵڵا! گوێبگرە! گوناحەکە هەمووی گوناحی تۆیە.. ئا ئا.. تۆ! تێگەیشتی؟ گوناحی ئەو تولفە نییە، ئەوا وتمان ئەو بە جاهێڵیەو نەفامی خۆی غەڵەتی وایکرد" تۆ چۆن قبووڵیدەکەیت؟ ئەوە ئەو فڕی بەسەر شەرعو دیانەتەوە نییە" خۆ تۆ ئەهلی جەماعەتیتو سەرت سپی کردووە.

ئاغا: (بۆ قادر) ئەفەنگی! چی ڕوویداوە؟ چیبووە؟ قسە بکە!

قادر: (بۆ حاجی) مامە حاجی! قوربان.. تا ئێستە نەمانزانی جەنابت لەبەرچی وا خۆی سەغڵەتکردووە؟! ئەوەش بزانە من فرم بەسەر شەرعو دیانەتەوە هەیەو.. دە تۆ جارێ فەرموو فەرموو دانیشە! ساوەڵڵا وامدەزانی هاتوویت موبارەکبابییم لێبکەیت.

حاجی: موبارەکبایی چی ئەفەندی؟

ئاغا: ئەی نەتزانیوە شوکور قادرەفەنی کراوەتە مەئمووری خەزێنە!؟

حاجی: ئاغا ئەی خۆ شێت نەبووم! ئەی جەنابم بۆچی تەشریفم هێناوە!؟ دیارە.. ئەی ئەم سکەدڕییەم لەپای چییە؟ ئەی بۆ دەڵێم نانو ئاوو مەرحەباییتان حەرامە؟! ئەرێوەڵڵا بۆ ئەم جۆرە موبارەکباییکردنە هاتووم!

ئاغا: خوا ئاگای لێیە.. خەریکبوو دڵم بەربێتەوە.. وتم تۆ بڵێی خوا نەخواستە قادرەفەنی کوڕم ئەتوارێکی ناشیرینی لێوەشابێتەوە!! وامزانی بەچاوی خراپ سەیری.. خوایە تۆبە...

حاجی: جا ئەوە چییە؟ شەڵڵا هەزار ئەتواری ناشیرینی لێبوەشاییتەوەو ئەمەی نەکردایێ.

بێچوو: شەڵڵا!

قادر: (**بە کەمێ تووڕەییەوە**) مامە حاجی! دەمەوێت تێبگەم.

حاجی: دەڵێم تۆ وسبە! تەداخولی قسەی پیاوان مەکە! (**بۆ ئاغا**) ئاغا عەبدوڵڵا! ئێستە کوڕەکەت.. جەنابی نا قادرەفەنی نەبۆتە مەئمووری خەزێنە؟

ئاغا: بەخۆشی سەری هەمووان.. ئەلحەمیللا..با.. ئێستە ماڵمودیرە.

حاجی: ئاغا پیاوی چاکبە دەهەریم مەکە! ئەوا خەریکە لە کەواو سەڵتەکەم دێمە دەرەوە, بەخۆشی سەرو ئەلحەمیللای چی؟

قادر: دەباشە مامە حاجی! نەبەخۆشی سەرو, نە ئەلحەمیللا.

بێچوو: ئەرێوەڵڵا نە ئەلحەمیللا!

حاجی: (**تووڕەیە**) من دەڵێم با نەچمو هەقم بەسەریانەوە نەبێ.. ئەم هەتیووە! (**بۆ بێچوو**) ئەم حەرامزادەیە نەیهێشت.. ئەگینا هەر سەرم بەم کاولەدا نەدەکرد.. جوانە!! ئێستە ئەوەتا لە جیاتی قەدرو ئیحتیرام قەشمەریم پێدەکەن!

(**دەیەوێت بڕوات**)

ئەی.. تیزم پێوەدەکەن!

ئاغا: (**لەگەڵ قادرەفەنیدا باڵی دەگرنو دەیگەڕێننەوە جێی**)

کوڕە حاجی! خوا عافووتکا.. ئێستە چیت پێگوتراوە؟! خوا نەخواستە شتێکی ناشیرین وتراوە تا دڵتەنگ بیت؟ تۆ خۆت بە شەڕەوە هاتوویت.. دەڵێی فیشەکە شێتەیت هەڵدەچیت! ئاگات لێیە بەختو خۆڕایی چیمان پێدەکەیتو ئێمە سەرفینەزەردەکەین، ئێستە چیبووە؟ ماڵ دزراوە! ئابڕو بڕاوە! پیاو کوژراوە! چی؟

حاجی: ئاغا من لەگەڵ تۆدا قسەدەکەم رازیم نییە ئەو (**بۆ قادر**) لە رووما هەڵبداتێ

ئاغا: حەددی چییە!؟ هەستە! (**بۆ قادر**) هەستە دەستی حاجی مەلا ماچکە!

بێچوو: هەستە ماچیکە!

حاجی: (**دەستی بۆ رادەگرێو دوایی دەیکێشێتەوە**)

نا..نا ..نامەوێت نامەوێ دەستم بەریکەوێت

(**بۆ بێچوو**)

هەتیوو! وەرە ئەملاوە.. توخنی نەکەویت!

ئاغا: فەرموو حاجی قسەی خۆتبکە!

حاجی: ئەوەی ئێوە کردوتانە فەرمەسۆنیش نایکات.. چۆن هێشتووتە قالەی کوڕت وەزیفەی حکومەتی ئینگلیز قوبوڵبکات ها؟

ئاغا: وەڵڵاهی حاجی.. ئێمە ئەمەمان بەلاوە شتێکی باشبوو.. پێشمان خۆشبوو قادر دەستی لە وەزیفەیێك گیربێت..

حاجی: ئاخر خوا لە قورعاندا دەفەرمووێت (عسى ان تحبوا شيئا فهو شرا لكم. صدق الله العظيم) کورتو موختەسەر ئەم ماڵە مەعاشی قالەی تێ نایەت؟

ئاغا: با!

حاجی: مەعاشەکەیشی لە خەزێنەی ئەو کافربابانە وەرناگرێت؟

ئاغا: بێگومان!

حاجی: خەزێنەیش پارەی تیاترۆخانەکەی تێناچێت کە کافربابەکان کردوویانەتەوە؟

ئاغا: با..بەڵام !

حاجی: بەڵامو مەڵامی ناوێت.. کەواتە مەرحابیشتان حەرامە.

ئاغا: حاجی! خۆت دەزانیت تەشکیلاتی ئیداری کراوەو.. ئەو خەزینەیەش هی دەوڵەتەو هەموو جۆرە پارەیێکی تێدەچێت.. پارەی خێرو حەسەنات.. هی ئەوقاف.. باجو خەراج..هی دی.. هەمووی تێکەڵاوە, سەرەڕای ئەمانەش قادرەفەنی کوڕم مەئموورێکەو هەقی ئیشی خۆی وەردەگرێت.

حاجی: وتم ئەی پارەی تیاترۆخانەکەیشی تیناچێت؟

ئاغا: منیشم وتم با..بەڵام ..

حاجی: ئێ! تەواو! ئیللەڵڵاو بڕاییوە! ئیدی بەسە بەس! باوابێ ئاغا عەبدوڵڵا! هەرزوو زانیم.. ئەو وەختەی کردت بە مەکتەبلی عاقیبەتەکەی وازیح و موتەوەقیعبوو کە ئەم کەتنەش دەگێڕیت, جارێ تۆ پێمبڵێ.. نیازتان نییە قەراربدەن بچێت خۆی فنیشکات؟

قادر: نەخێر مامە حاجی! من خۆم لەم کارەدا حسێبم

بێچوو: تۆ.. تۆ لە قسەی پیاواندا هەڵمەدەرێ!

حاجی: ساوەڵڵاهی وەبیللاهی وەتەڵڵاهی.. ئەم قەسەمە گەر بە درۆ بخورێ تەلاقی پێدەکەوێت، تا قالە ئەو مەعاشی چڵکی سەگە وەرگرێت و" تا منیش لە حەیاتا باقیبم لەبزم لە لەبزتان ناگەڕێت. **(دەڕوات)**

بێچوو: **(بە دوای باوکیدا)** ساوەڵڵا منیش!

قادر: تۆیش چی؟

بێچوو: وەك ئەو..وەك ئەو..**(دەست بۆ باوکی رادەکێشێت)**

حاجی: **(بەدەم ڕۆیشتنەوەو, لەبەر خۆییەوە)** ئاوا..واوا...واو ...وەو..

بێچوو: وەك ئەو...ئەو...ئەو..وەو..وەو..

**(هەدوکیان دەڕۆن)**

**دیمەنی پێنجەم**

**(دڵسۆزو هیوا دێنەوە)**

**دڵسۆز: (بۆ بینەران)**

**بەڕێزان!**

**لەبیرتانە کە میرزا حوسێن غولام شیرازی دوای گەماڵو تووتکەکەی کەوت.. لەودیو شانۆوە سەواومامەڵەی خۆی کرد.. هەروەهاش دیتان کە حاجیو بێچووەکەی لە ماڵی ئاغا عەبدوڵڵا چ گۆبەندێکیان گێڕا! جا وەکو لە سەرەتاوە وتمان.. ئەم جۆرە هەواڵدزانە نەك هەر زیرەك نین" بەڵکو توانای ئەوەشیان نییە بە ڕێگەیێکی شەڕەفمەندانە پارووەنانێ پەیدابکەن, بە تایبەتی لەم هەرێمەدا, ئینجا فەرموون ئێوەو کەینو بەینی حاجیو میرزا شیرازی.. ببوورن! حاجیو مستەر مێجەرسۆن.**

پانتۆمایم

**مێجەرسۆن: (بە بەرگی ئەوروپاییەوە لەگەڵ حاجیدا پێکەوە دەدوێن.. (سۆن) کاغەز لە گیرفانی دەردێنێتو.. پیشانی حاجی دەدات، بێچوویش بە دەوریاندا دێتو سەر دەباتە پێشەوە.. سۆن مۆڕەیێکی لێدەکات)**

**حاجی: (چەپۆکێك بە سەری کوڕەکەیدا دەکێشێ.. دووریدەخاتەوەو.. خۆی دێتەوە نزیك سۆنو.. بێچوویش لاسارانە دەیەوێت فرسەت بێنێتو.. سەیر بکاتو گوێبگرێت)**

**سۆن: (پەنجە دەخاتە سەر کاغەزێکیانو لێوی دەجوولێنێتو ئیشارەت بۆ جێیێکی دوور دەکات)**

**حاجی: سەیری کاغەزەکە دەکاتو لەگەڵ ئیشارەتی سۆندا سەر هەڵدەبڕێتو سەری تێگەیشتن دەلەقێنێت)**

**حاجیو بێچوو: (پێدەکەنن)**

**سۆن: (دەمانچەیێك بە دزییەوە دەردێنێتو دەیداتە دەست حاجی)**

**حاجی: (لێی وەردەگرێتو خۆی قیتدەکاتەوە.. وەك بیەوێت تەقەی پێبکات)**

**(ئەمان بەردەوامنو دەنگ لە جێیێکی دوورەوە دێت)**

**دەنگ: ئەو شەخسە کە دەیکرد بە دووعا مەنعی موسیبەت**

**ئێستاکە بەڵایێکە دەگا دەستی بە وەروەر**

**ئەو پیرە کە ئوفتادەیی مەسجید بوو لەبەر فەیز**

**هەڵساوە وەکو فیتنە قەدی میسلی سنەوبەر[1]**

**حاجی: (دەمانچەکە دەخاتە بەر باخەڵی)**

**بێچوو: (دەچێتە پێشەوە.. ئیشارەت بۆخۆی دەکاتو.. داوای شت لە سۆن دەکات کە ئیشی پێبسپێرێت)**

---

[1] – **حەمدی ساحێبقڕان**

سۆن: (بە دوو پەنجەی لە تەك یێك..تێیاندەگەیەنێت کە هەردووکیان پێکەوە کاربکەن.. ئەمجا دەست بەسەریدا دێنێت)

بێچوو: (قونەییێك دەکاتو.. چمکی کەواکەی حاجی دەگرێت)

حاجی: (چمکی چاکەتی سۆن دەگرێتو رایدەوەشێنێتو.. وای پیشاندەدات کە ئەو بەرگە باش نییە، دەست بۆ جبەکەی خۆی دەباتو بە پەسندییێوە نیشانیدەدات.. کە ئەویش هەر بەرگەکەی جارانی لەبەربکات باشە)

سۆن: (سەری تووڕەیی بادەداتو ئیشارەتیان بۆ دەکات بڕۆن کاری خۆیان بکەن، پەنجەی هەڕەشەشیان نیشاندەدات.. ئەمجا بە حەوت پەنجە تێیاندەگەیەنێت پاش هەفتەییێکی دی بێنەوەو.. بە دوو پەنجە وەك پارە بژمێرێت بۆیان.. پیشانیاندەدات کە هەقەکەیان وەردەگرن، ئەمجا دەیەوێت بڕواتو ئەوانیش بە دوایدا قونەقوندەکەن.. بێچوو چمکی جبەکەی حاجی گرتووە، حاجیش چمکی چاکەتەکەی سۆن...دەخولێنەوە.. دەوەستن.. بەریدەدەنو دەیگرنەوە.. ئیقاعێك هەیە.. سۆن ئیشارەتی بەس دەکات.. بەدەست خواحافیزی –بای بای– دەکات)

حاجی: (دەستی خواحافیزی بەرزدەکاتەوە)

بێچوو: (هەروەها.. دەستیشی هەر بە جبەکەی حاجییێوەیە...بە دوای یێکدا دەڕۆن)

## دیمەنی شەشەم

هیـوا: بیتاقــە ...دەردەچـێت.. هــەموو شــتەکان وایــان لێهــاتووە وەك بیتاقــە دەردەچــن، هــەر بیتاقــەیێکیش بــە جۆرێك.. ئاخۆ حاجی بیتاقە ئەمجارە بۆ کێ دەربچێت! ؟

حــاجیو بێــچوۆکەی: **(لــەم کاتــەدا حــاجیو بێـچوۆکەی لەگــەڵ چــەند جەندرمەیێکـدان.. حــاجی ئیــشارەت بــۆ یێکێکــی دوور دەکــاتو جەندرمــەکان پەلاماریــدەدەنو, حــاجی خــۆی بــۆ تەقــە ئامادەدەکــات، کەلەبــچە دەکرێتە دەست گیراوەکەو دەبرێت)**

هیــوا: حــاجی بیتاقــە.. بــۆ زۆر کــەس دەردەچــێت، هــەمووتان بەســەرتان هــاتووە, چــۆن دەرگــەی ماڵتــان پــێگیراوەو.. کـوڕ لـە دایـكو, مێـرد لـە ژن سـەنراون و.. کەسـیش نـەیزانیوە تاوانیـان چـییەو، بۆکـوێ بـراون! هــەموو بەســەرتان هــاتووە.. یــان دیوتانــە.. چــۆن کرێکــار لەســەر کــارو کاسـپی خـۆی پــەلاماردراوەو, مـاڵو منداڵی وێڵو سەرگەردان بوون.

**(حــاجیو بێــچوۆکەی لەتــەك جەندرمــەدان.. حــاجی ئیــشارەتی سەنگتاشــێك دەکــات کــە بــە پیکەکــەی خــەریکی بــەرد نەققارپیکردنــە.. جەندرمــەکان پەلاماریــدەدەن، سەنگتاشــیش پیکەکــەی بەســەری یێکێکیانــدا دەکێـشێت.. حــاجیش لەپــەناوە فیـشەکێك بــە سەنگتاشــەوە دەنێــتو دەیکوژێـت, ئــەوجا بــە هانــای جەندرمــە بریندارەکەوە دەچێ)**

بــەڵی حــاجی بیتاقــە دەرگــەی پێگرتــوون.. لــە مــاڵو جێکــارو کێڵگــەو تەنانــەت لــە مزگەوتیــشدا.. چــەندان پیاوی هەژارو ڕەنجدەری بێتاوان کوژران یان سەرنگومکرانو.. چەندان ماڵو ژنو منداڵیش سەرگەردان

بــوون. گــرنگ ئەوەیــە لەتــەنیا یێــك هەفتــەدا ئەمەنــدەی لــە دەســت بێــت، ئــاخۆ تــا دەمرێــت چــیهای دیکــەی کردبێــت! ؟ ئــەی دوای خــۆی؟ بێگومــان بێچووەکەیــشی ئــەوەتا لــە ئێــستەوە پرۆڤــەدەکات.. بەهــەر حــاڵ تــا حاجی بیتاقە دێتەوە سەر شانۆ بۆ وەرگرتنی هەقدەستەکەی زۆری پێدەچێت. **(بۆ دڵسۆزخان)**

دڵسۆزخان! بـا ئـەم کاتـە بـە فـیڕۆ نـەڕوات هـا فـەرموو! **(بیتاقـەیێکی بـۆ رادەگرێـت)** خـۆ تـۆ بیتاقـەیێکت هـەر لێ وەرنەگرتم.

دڵسۆز: هیوا تکادەکەم.. شانۆ جێگەیێکی پیرۆزە جێی بیتاقەو قومارکردن نییە.

هیـوا: دڵـسۆزخان شـانۆ بـە فیکـرو هونـەرو بەرهـەمی مرۆڤایەتیانـە پـیرۆز دەبێـت, جـاران وا نـەبوویت بەرامبـەرم.. ئەگـەر زەهـرم بـۆ رابگرتیتایـە لـە دەسـتت وەردەگـرتمو دەتخـواردەوە.. ئێـستە بیتاقـەیێکم بـۆ راگرتوویـتو لـێم وەرناگریت.

دڵسۆز: **(بە تووڕەیێوە)** هیوا وتم ئێرە جیگەی بیتاقە فرۆشتن نییە،

هیوا: **(بە هێمنی)** دڵسۆزخان! کێ دەڵێ من بیتاقە دەفرۆشم؟

دڵسۆز: ئەی گوایە وەك گوێزەبانە دەیانبەخشیتەوە؟!

هیوا: بەڵێ وەك گوێزەبانە دەیانبەخشمەوەو.. بەرلەوەی بێمە ئێرەش بەنێو بینەراندا بەخشیمنەوە.

دڵسۆز: ئەمە دەچێتە ئەقڵەوە؟!

هیوا: بەڵێ دڵسۆزخان! چونکە بیتاقە فرۆش نیم.

دڵسۆز: ئەی چی دەکەیت؟ کارو کاسپێکەت چییە؟

هیوا: بە دوای کاردا دەگەڕێم

دڵسۆز: ئەی قوتابخانە؟

هیوا: تازە قوتابخانەی چی!؟ ئاگاداریت نەیانهێشت پۆلی یێکەمی کۆلێژ تەواوبکەم خۆشت باشدەزانیت چۆن نەققارێکم!؟ لە باوکمەوە فێری سەنگتاشی بووم.. باوکیشم لە باپیرمەوە فێربوو.. ئەوە بوو باپیرم لەسەر کار بە گوللەی ناپاکێك کوژرا.. هەر ئێستە دیمان.. باوکیشم هەر لەسەر کار بوو کە بۆی هاتن.. باوکم پیلانەکەیانی دەزانی, بۆیێ بە ناچاری هەلآت.. بە ناچاری بووە گورگ! بێگومان کە پیاو ناچار بوو.. باشتر وایە لەو شاخانە ببێتە گورگ نەك لێرە ببێتە سەگ!

دڵسۆز: (بە خەندەوە) .. باشە هیوا ئەی کە نەققاریو بەردتاشیتان بە ویراسەت بۆ مابێتەوە بۆ دەستت داوەتە بیتاقە فرۆشتن؟ (بە جدییەوە) هیوا تۆ لە کوێو ئەم پیشەیە لە کوێ؟ جاران شتێکی دی بوویت.

هیوا: هەر هیواکەی جارانم و بەزیادیشەوە.. دڵسۆزخان! بە یادی ڕۆژانی ڕابردوومان, هەر بۆ ساتێك وا بزانە ئەو سەردەمەیەو نامەیێکی دڵداریم لێوەردەگریت، مەترسە! ها بۆ میوانەکانی بخوێنەرەوە!

دڵسۆز: (بە سڵەمینەوە وەریدەگرێت) شتی لەسەر نووسراوە؟!

هیوا: مەترسە بیخوێنەرەوە دەبوایێ ئێوەی هونەرمەند ئەم ئەرکەتان لە ئەستۆ بگرتایەو هەقیقەتتان بۆ خەڵکی ئاشکرا بکردایە.

دڵسۆز: (بە سۆزەوە دەیخوێنێتەوە)

هۆ ڕابەرە خۆفرۆشەکان!
هۆ شاعیرە دووڕووەکان!
لەژێر سایەو بیرو هۆشی پووچو ئیفلیجی ئێوەدا
هەموو ڕۆژێك بێشەرمانە
بەدزییەوەو بەئاشکرا
هەزارەها ئافەرینو دەستخۆشانە
لە جیاتی نەفرەتو تۆڵە.. لە جیاتی تف!
هەزارەها دەستخۆشانەی نامەردانە
لە جەللادو پیاوکوژ دەکرێ
لە کچکوژو ژنکوژ دەکرێ
لە قەمەو لە خوێنمژ دەکرێ..
ئەوەی نامەو بروسکەیان بۆ نەنێرێ
ئەوەی چەپڵەی ئافەرینیان بۆ نەکوتێ

ئەوەی نەیانکاتە بتێ!

ئەوەی سەری نامەردیان بۆ شۆڕ نەکا

زەحمەتە بواری بدەن.. پاروە نانێ پەیدابکا

کۆرس: **(سێ کەسن لەپشت شانۆوە دێنە نێوەڕاستی شانۆ)**

هەوڵو رەنجو تێکۆشانمان

تەنیا بۆ پاروەنان نییە

بەڵکو لەپێش پاروەناندا

کەرامەتی زەوتکراومان دەوێتەوە

بیرو هۆشی بەنجکراومان دەوێتەوە

(1) لە کۆرس: دەنگێ کە دەنگی ویژدانی جەماوەرە

(2) لە کۆرس: وا دێتە گوێمو پێمدەڵێ:

(3) لە کۆرس: عیززەتی نەفسم وەهایە ئاسمان بارانەکەی

بێ بەمنەت بۆم بباریێ, شەرتو عەهدە نامەوێ[1]

هیوا: **(بیتاقەیێك لێدەکاتەوەو دەیخوێنێتەوە)**

بۆ ئاگاداری! بۆ ئاگاداری!

کێشەکەمان کێشەی مرۆڤە ئەمجا خاك.. بەلاّم ئەوە بزانن مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە شێرو بێچووە شێرو پڵینگو هەڵۆی ئاسمان نین.

کۆرس: بە درۆو بوختان..

ئێمەی ئینسانی بەسەزمان.

گشت کراینە شێری مەیدان!

خراینە نێو گیانداری دڕندەوە.. چەشنی حەیوان

هیوا: هاوڕێکانم!

ئەم نیشتمانەیش بەهەشتی سەر رووی زەمین نییە، مشتێ خۆڵو بەردو دارە.. بست بەبستیشی بە تاپۆی رەشەوە.. بە بڕوانامەی رەسمیو نارەسمییەوە, موڵکی چەند کەسێکە.

کۆرس: موڵکداری بە جارێ عەیشی تاڵکردووین

نیشتمان کەی هی ئێمەیە

تا لە رێیدا بژین بمرین!

لە هەر کوێیێك نانمان هەبێت.. کارمان هەبێت

لە هەر کوێیێك ئازادبین و رێزمان هەبێت!

ئەوە نیشتمانێ مەیە

---

[1] – **میرزا مارفی شاعیر**

لەوێ دەبین.. لەوێ دەژین.

هیوا: بۆ ئاگاداری!

کۆمەڵێك مرۆڤی لە کاروان جێماوین, هەرچی تواناو چەکمان هەیە لەسەرپێیە, بەرامبەر زانستو بیروباوەڕی مرۆڤایەتیو ڕەوشتو شارستانییەت.. دەزانن بۆ؟ چونکە لەو باوەڕەداین کە هەرچی لە ئامێزی کاروانە جێماوەکەماندا سەر هەڵنەدات" ئەوە لە ئەستێرەیێکی دیکەوە هاتووە.. ئیدی چی مووشەکی زەمین بە هەواییمان هەیە پێوەیدەنێین.. بیرو ڕەوشت و ڕەفتاری کەڕوو هەڵهێناوی خۆمان بە کلووری زانستو فیکرو ڕەوشتی جیهان ناگۆڕینەوە.

(1) لە کۆرس: ئازایێتی لە فەرهەنگی چرووکماندا بێك کوشتنە

(2) لە کۆرس: ئابڕوو نێوگەل! سەربەرزێتی خوێنڕشتنە

(3) لە کۆرس: زیرەکیو دیپلۆماسیەت.. خۆدۆڕاندن ! خۆ فرۆشتنە

کۆرس: (پێکەوە)

ئەی ئەو مرۆڤە ڕەنجدەرەی!
بەنرخترین سەرمایەیتو..
بەشت گوللەو قەمەو خوێنە.
بە بیری مەزنانی مێژوو
گلپەی شۆڕشی هەقیقی هەڵگیرسێنە!

هیوا: (بیتاقەیێکی دی لێدەکاتەوەو دەیداتە دەست دڵسۆز)

هۆ شاعیرە شەهیدەکان!
هۆ پێشەوا نەمرەکان!
هۆ رابەرە دڵسۆزەکان!
هۆ سەربازە ونبوۆکانی کاروانی ڕێگەی ئازادی!
بەگژ تەورو کۆڵەوژو مشاری کولدا چوونەوە
بەگژ درەوشو کێبڵو زەردەواڵەدا چوونەوە
هەتا ئێستەش خوێنی گەشتان
بە وێنەی کانیی چوار وەرزە
بە رووی قەمەی فرۆشراوا هەڵدەقوڵێ
بە گشت بێئابڕووان دەڵێ:

کۆرس: دەستی زۆردار سەد سەر دەکاو ناگاتە دڵێ
دەستی زۆردار سەد سەر دەکاو ناگاتە دڵێ[*]

هیوا: (بیتاقەیێکی دی دەخوێنێتەوە)

---

[*] – گۆرانی مەزن

هۆ رابەرە مەزنەکان! هۆ پێشەوا شەهیدەکان!

هۆ شاعیرە نەمرەکان!

ئەی ئەوانەی وشەی (بەڵێ)ی سەرشۆڕیتان

گۆڕی بە (نەء)ی راپەڕین

بە بیری نوێ.. بە دەرسی مرۆڤایەتی

کێشەییێکی نوێتان خوڵقاند

تۆوی هەقیقەتی ئاڵی ململانێی چینایەتی

لەنێو چاوانەی برینی کۆنو نوێی ئەم خەڵکەدا چاند!

(1) لە کۆرس: رێی هەقیقەت بگرە تا ماوی نەکەی لادەی لە هەق

(2) لە کۆرس: هەق بڵێ! ناهەق مەڵێ! نەکەی لە هەق سەرفینەزەر!

(3) لە کۆرس: ئاخری هەر ئەمکوژی نابێ لە دەستت دەربچم

هیوا: ئەمکوژی جارو جەهەنەم وەی بەفیناری سەقەر[1]

کۆرس: (پێکەوە)

ئەوەی بە درێژایی مێژوو

بەهێز لێمان زەوتکراوە

بەبێ سیو دوو

وەك چارەنووسێکی حەتمی

دەیسێنینەوە بۆ هەموو.

(1) لە کۆرس: ئەوسا ئیدی کۆمەڵگەیێك پێکدەهێنین

(2) لە کۆرس: لە بەرهەم و داهێناندا

کۆرس: (پێکەوە) هەر هەموومان هونەرمەندبین! (بەرەودوا دەکشێنەوە)

هەر هەموومان هونەرمەندبین.

دڵسۆز: هیوا بەسە!

هیوا: دەترسیت؟

دڵسۆز: ئەی چۆن ناترسم؟ وادیارە تۆ هەر لەسەر فاکو فیکی خۆتیت

هیوا: ئەمە ناودەنێیت فاکو فیك؟ زۆر هەڵەیت، ئەمە هەر رێبازو کاروانەکەی پێشوومانە لەبیرتە!؟

دڵسۆز: (خەیاڵاوی دەدوێ)

هیوا! بروانە سەیری دنیا بکە! بروانە چەند گۆڕاوە؟! لەو شەش ساڵەدا کە تۆ لە تاریکیدا دەژیاییت" هەموو شتەکان گۆڕاون ئێستە دنیاییێکی دیکەیە.. (دێتەوە سەر خۆی) کەچی تۆ هەر وەکو خۆتیت!

---

[1] – شێخ سەلامی شاعیر

هیوا: من هیچ شتێك نابینم گۆڕابێت.. گۆڕانی هەقیقی ئەوەیە لە بنەڕەتەوە خۆمان دەیگۆڕین، دڵسۆزخان! تۆ هاتوویتە سەر ئەم شانۆیە تا خەڵکی وریابکەیتەوە یان سەریان لێبشێوێنیت؟ ببوورە من وا هەستدەکەم تۆ گۆڕاویت.

دڵسۆز: هیوا! ئەم قسە ڕەقانە چییە تێمدەگریت؟ وامدەزانی بۆ پیرۆزبایی لێکردنم هاتوویت

هیوا: پیرۆزبایی چی؟ ئۆه دڵسۆزخان! دوای پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە بێگومان پیرۆزبایی دەورەکەت لێدەکەم.

دڵسۆز: **(بە خەندەو ئەمجا بەپێکەنینەوە)** کوڕە کەی مەبەستم ئەوەیە؟! ها..ها..ها..دیارە نەتزانیوە! **(ئەڵقەی پەنجەی دەستی ڕاستی پیشاندەدات)**

هیوا: **(بە ماتییەوە)** کێ هەیە نەیزانیبێت کە قەشەنگترین ئاهەنگی دیاریکردنت بۆکراوە؟

دڵسۆز: چۆنت زانی؟

هیوا: دایکم **(بە ماتییەوە)** دایکم کە دواجار هاتە سەردانم پێیوتم.

دڵسۆز: لە بەندیخانەدا پێیوتیت؟ باشە لەو شوێنەدا بەپەلەپەل ئەم هەواڵەی چۆن دایتێ؟ سەیرە.. دیارە چاوەڕوانی ئەمە نەبوویت؟!

هیوا: دڵسۆزخان! هەواڵی شووکردنەکەت ئاسایی بوو.. بەڵام.. بەهەرحاڵ.. **(دەیەوێت بڕوات)** کاری من لێرە تەواوبوو.. دیارە مانەوەم دەبێتە مایەی دڵتەنگیت.

دڵسۆز: نا هیوا! تۆ هەرگیز نەبوویتو نابیتە مایەی دڵتەنگیم, نازانم لەگەڵ تۆدا هەست بە شتێك دەکەم.. وەك.. وەك شەرمەزاری.. خەتا.. یان شتێك لەو جۆرە.. خۆ ئەگەر پیرۆزبایی شووکردنەکەشم لێبکەیت ئەوە زێتر هەست بە شەرمەزاریدەکەم.

هیوا: نا..نا! پیرۆزباییت لێناکەم.. تا ئەو ڕادەیە گێلێ نیم و.. ناشمەوێت درۆ لەگەڵ ویژدانی خۆمدا بکەم.

دڵسۆز: هیوا! تۆ هەر هیواکەی جارانمیت بەڵام.. **(دەوەستێت)** بەڵام بەتەمای ئەوە نەبووم بەمزووانە بەربیت.. **(دەوەستێت)** تۆیش هێندە سەربەگۆبەندی.. **(دەوەستێت)** ئەوەی ڕاستیبێت نازانم بڵێم چی!

هیوا: **(لێی دووردەکەوێتەوەو بەماتییەوە گۆرانی –تاوان= دەڵێ)** [*]

ئەی نازەنین! ئەی بەرگ ئەرخەوانی!
وتەی گەرمم لەگەڵ تۆیەو ئەیزانی
سەوداسەری ئەو گفتوگۆ دێرینەم
لەپسوتاوی ئەو یێکەم دەستگوشینەم
لەو دەمەوە تۆم کردووە بە تاسە
بێ مەودایە کۆی دوکەڵی هەناسە
بێ دواییە ئەشك با سوورو سوێر بێ
نایێ لەبن ئەگەرچی دیدە کوێر بێ

[*] – شیعری محەمەد ساڵح دیلان.

ئیتر بۆچی ئەمدەیتە دەست تیخی دەم؟
هیچ ناترسی بتسوتێنێ هەناسەم؟!
* * * * *

ئەی نازەنین! ئەی دوور لە نووکی ڕێباز!
لەو دەمەوە تۆم کردووە بە هامڕاز
هێجگار سەیرە هەر وەك تەرازوو وایە
هەڵسەنگاندن لەلای ئا ئەم دنیایە
دنیا سەیرەو سەر شێواوە بۆ کێشان
قورس بۆ زەوی‌و سووك ئەچێ بۆ ئاسمان
زەهر شیرە.. مار ئەهێنن بۆ بێرە
گا لە شۆخی‌و خاوەن خەرمان بۆ گێرە
گورگ پاسەوان شوان دانی لە گۆشت جیڕە
مر..بۆ چەقەل مل درێژە بێ قیڕە
ئەی نازەنین! ئەی بەرگ .. هتد..

دڵسۆز: (**بە کەمێ تووڕەییێوە**) هیوا من تاوانم چییە؟

هیوا: (**بە هێمنی**) خاتوون تۆ دەتەوێت لەسەر ئەم شانۆیە, کێشەییێکی پیرۆزو گرنگ بۆ خەڵکی روونبکەیتەوە.. بەڵام ستەمە وەك هونەرمەندێك هەر قسەی رووتتان هەبێت، لە ژیانی خۆتاندا رەفتاری پێوە نەکەن.

دڵسۆز: (**تووڕەیە**) ئەوە تاوانە دەیدەیتە پالم.. چیمکردووە؟ من ئازادم.. تۆم خۆشویستووەو.. تۆش ئەوە حاڵت بوو.. خۆ پرچی رەش‌و سپی بەدیارتەوە ناهۆنمەوە.. دەزگیرانی خۆم هەڵبژاردووەو پێی رازیبووم‌و....

هیوا: ( **بە تووڕەییێوە**) دەزانیت دەستگیرانەکەت کێیە؟

دڵسۆز: ئەی چۆن نازانم؟!

هیوا: دەشزانی چی بەسەر باوك‌و باپیرو خێزانەکەیشمان هاتووە؟

دڵسۆز: هەمووی دەزانم.

هیوا: باشە هەر هەموو سەرگەردانییێکمان بەهۆی حاجی‌و بێچووەکەی‌و ئەمساڵی ئەوانەوە نەبووە؟

دڵسۆز: ئەمجا ئەوانە چ پەیوەندییێکیان بە دەزگیرانەکەمەوە هەیە؟

هیوا: ئەی جەنابی دەزگیرانەکەت وەچەی ئەو بنەماڵەیە نییە؟ ها؟

دڵسۆز: (**بە تووڕەیی**) جەنابت وا ئەزانی پیاوخراپی بە ویراسەتە؟

هیوا: (**بە هێمنی**) بەڵێ دڵسۆزخان! بە ویراسەتیشە.. بەڵام کەی من وتومە پیاوخراپی بە ویراسەتە؟

دڵسۆز: تۆ پلارم تێدەگریت؟

هیوا: من تەنیا ساڵێك لەگەڵ تۆدا لە كۆلێژی پزیشکی خوێندوومە.. خۆ شوکر تۆ كۆلێژت تەواوکردووەو ئێستە پزیشکیت!

دڵسۆز: ئاخر تۆ وا دەزانیت زانست دەڵێ هەواڵدزی بە ویراسەتە؟ نەخێر! زانست ئەوەی سەلماندووە کە شێوەی لەشو رەنگی پێستو چاوو هەڵکەوتی ئەندامی مرۆڤ بە ویراسەتە.. بەڵام رەفتاری جوانو ناشیرین بە ویراسەت نییە تێگەیشتیت!؟

هیوا: باوانەکەم! زانستو ژیان دەڵێت.. ئەو کارو رەفتارە جوانانەی لە بنەماڵەی دەزگیرانەکەت دەوەشێنەوە پێوەندی راستەوخۆیان بە پەروەردەکردنو گۆشکردنو لاساییکردنەوەو فێرکردنەوە هەیە.. واتا دەوروبەر کارێکی گەورە دەکاتە سەر رەفتارو رەوشت, سەرەڕای کارتێکردنە ویراسییێکەیش...بەڵێ ویراسیشە!

دڵسۆز: **(بە خۆهەڵکێشانەوە)** ئاخر هیوا! دەزگیرانەکەم وەك ئەوان نییە، ئەم رۆشنبیرە.

هیوا: باپیرە گەورەشی لە سەردەمی خۆیدا رۆشنبیرو شاعیریش بوو.

دڵسۆز: **(بە تووڕەیی)** یەعنی دەتەوێت پێم بسەلمێنیت کە ئەمیش هەواڵدزێکی پیاوخراپە؟! گوێبگرە هیوا! حەز ناکەم لە ئیشی تایبەتی خۆمدا خۆت تێهەڵقورتێنی.

هیوا: سوپاس خانم! بمبەخشە! **(دێتەوە نێو بینەران)** ئێوەش بمبەخشن! بیتاقە.. یانسیب دەردەچی! **(بیتاقە دابەشدەکات)**

دڵسۆز: هیوا! هیوا! تۆ.. **(بە دوایدا دێتە خوار شانۆ)**

هیوا: **(لە پشت بینەرانەوە)** دڵسۆزخان! ئەوە حاجی هاتەوە.. خەریکی ئیشی خۆتان بن!

## دیمەنی حەوتەم

حاجی: (**بەپرتاو دێتو بێچووەکەی بەدوایێوە لاسابیدەکاتەوە**) ئەوە کوا؟ چی لێهات

مێجەرسۆن: (لە سووچێکی شانۆوە دێتە پێشەوە)

حاجی: (بەشادییەوە بەرەوڕووی دەچێت) ئەوەتا ! خۆیێتی..

بێچوو: خۆیێتی ..ئەوەتا !

حاجی: هەموو ئەعدا لە خۆفی تۆو, تیژی ئەم جووتە چاوانە

وەنەوز ناچێتە جفونیان, حاڵیان فرە پەرێشانە

هەر ورتەیێکیان لێوەبێت, دەیگەیێنم بە زیادەوە

فیداتبم فاتیحی دەربەند.. عەجەب لەو شەوکەتو شانە !

سۆن: ها..حاجی ئەم شیعرە خۆشانەیش دەزانیت؟

حاجی: قوربان ! ئەوە پارسەنگی موخلیسیمە بۆ جەنابتان.. گوێبگرە !

لە حوسنا یووسفی سانی.. لە ئەحکاما سلێمانی

لە عیلما بەحری عوممانی.. بە حیکمەت عەینی لوقمانی

هۆ مێجەرسۆن ! هۆ شیرازی ! باوکم بکەم بەقوربانی.

مێجەرسۆن: ئەڵڵاه ! ئەڵڵاه ! ! لەگەڵ ئیشەکەتدا شیعریش بڵێ زەرەر نادات (**پارچە کاغەزێك دەردێنێت**)

حاجی: ئەوە شیعرەکانم دەنووسیتەوە قوربان ! ؟

مێجەرسۆن: نا.. مەلا ! من زۆر لێت رازیم.. پیاوانە جێبەجێتکرد، ها.. (**کاغەزەکەی دەداتێ**) ئەوە پسووڵەی سەدوپەنجا روپێیە.. بچۆ لە خەزێنە سەرفیکە !

حاجی: لە خەزێنە (**دوودڵە**) یەعنی.. لای قادرەفەنی ئاغا عەبدوڵڵا؟ !

سۆن: (**بە توندی**) دەڵێم لە خەزێنە.

حاجی: تووڕە مەبە قوربان ! دەزانم.. یەعنی لای قادرەفەنی.. وەڵڵاهی هەر ئێستە ئەم شیعرەم بۆهات..

سوبحانەڵڵا ! ئیلهامی شیعر وەختو سەعاتو مەکانی بۆ نییە گوێبگرە !

من کە موخلیسی قادرم..نۆکەری غولام شیرازیم

لە بەحری بەخشندەییتان...بە زاتی خوا گەڵێ رازیم

کەشتیی موعجیزەی ئێوەیە ...کە بۆتە مایەی شانازیم

سۆن: ئافەرم حاجی ! قافیێکەی بە قووەتە.. فەرموو ئێستە برۆ فریاکەوە !

حاجی: خوا حافیز ! (**بێچوو بە دوایێوە بەدەم رۆیشتنەوە**) بەزاتی خوا گەڵ رازیم.. کەشتی ...بەحری ..قادرەفەنی..ئاخ.. بۆتە مایەی شانازیم.. ئاخ چیمکرد بەخۆم؟ ! شانازیی چی؟ ! چۆن بچم ! ؟

سوبحانەڵڵا ! ئەو رۆژە بۆ وام پێکردن؟ (**بە دەنگی بەرز**) هەی ئەحمەق ! هەی جاهیل ! هەی نەفام ! هەی کەری کوڕی کەر !

بێچوو: من چیم کردووه.. هەر لەخۆتەوە جوێنم پێدەدەی؟

حاجی: **هەتیو!** بەتۆ نالێم

بێچوو: ئەی بەکی دەڵێی کەرو ئەحمەق؟

حاجی: هەتیوو بەخۆم دەڵێم.. ئا.. باشە **هەتیو!** تۆ لەخۆتەوە بۆ قسەدەکەیت؟ لاحەولەوەلا.. تۆ هەر سەیر بکەو گوێبگرەو شت فێربە

بێچوو: من چیم وتووه؟ ئەی چی فێربم؟ جا ئەوە چییە؟ هەمووی فێربووم, ئەسڵەن لەتۆ باشتری دەزانم.

حاجی: دەڵێم دەمت لێکنێ! **(لەبەر خۆییەوە)** دەبێ ئەقڵو بیری خۆم بەکاربێنم.. دەبێ چارەسەری ئەم موشکیلەیەش بکەم.. ئەمە ئەقڵو ماریفەتی گەرەکە **(دەڕۆن)**.

دڵسۆز: **(دەیەوێت بدوێت ناتوانێت.. دوای کەمێك)**

ببوورن! دەڵێی دەمم چۆتەکلیلە.. یان بە تەڵەی تەقیووەوە بووە.. خۆشەویستان! لەوانەیە هەندێك جار ئێمەی هونەرمەند زۆر شت بە پێچەوانەوە بخەینە روو, یان هەڵەی فیکریو زانستی بکەین..بێگومانم لە نێوتاندا کەسانێکی وا هەن، هەڵەکانمان راستدەکەنەوە, ئێمە نەمانزانی ئەم رەفتارو کردارە بەدو چرووکانە ئایا بەمیراتی لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمێننەوە! واتا تێکەڵی کرۆمۆسۆماتەکانی ئاولەمەی نێو سکی دایك دەبن!؟ یان بە پەروەردە کردن دەمێننەوە!؟ بەلآم ئەوە بوو دیتان ...هیوا.. (**هەناسەیێك هەڵدەکێشێت**) هیوا بەرچاوی روونکردینەوە.. ئاشکرایە ئەوانەی لە ئامێزی ئەم بنەماڵانەدا پەروەردەبن، نایێڵن بە وجاغکوێری بمێننەوە.. لەوانەیشە کرۆمۆسۆماتەکانیش شتێك لە رەفتار بگوێزنەوە.

بەرێزان!

ئەم باسە مشتو مڕێکی زۆر هەڵدەگرێت.. بەلآم دەبێت ئەو هەقیقەتەش بزانین کە تەنانەت سیفاتە جەستەیێکانی زیندەوەرانیش, لە بنەڕەتدا بەهۆی کارتێکردنی دەوروبەرەوە بووە، جارێکی دی ببوورن! فەرموون لەگەڵ ئەم بەزمە خۆشەدا!

**دیمەنی هەشتەم**

حاجی: (**دێتو بێچوۆکەی بە دواوەیە...قادرەفەنی دانیشتووە)**

من موخلیسی قادرەفەنیم...نێردراوی غولام شیرازیم

لە بەحری بەخشندەییتان...بەزاتی خوا فرە رازیم

ئەسسەلاموعەلەیکوم قادرەفەنی!

قادرەفەنی: (**لەبەری هەڵدەستێتو سەرسامە)**

عەلەیکەسسەلام.. مامە حاجی!

حاجی: تو زاتی خوا دانیشە! مەحجوبتکردین

قادر: فەرموو فەرموو! گەورەتکردین حاجی.

حاجی: خوا بەرخوردارتکا.. باوکت چۆنە؟ خوا عەلیمە زۆر موشتاقی ئاغای باوکتم.. خوا بەو سەرەوە شایەتە.. سەرقاڵیو مەشغەڵەت مەجالی نەداوم.. بەزاتی خوا تۆزێکیش ناساغبووم.. ئیدی پیریو هەزار عەیب.. توخوا باوکت چۆنە؟

قادر: تەشەکور! مەمنوون! مامە حاجی

(**سەرسامەو دەخولێتەوەو دەچێتە نزیکی حاجییەوە)**

حاجی! ئەوە خێربوو تەشریفتهانی؟

حاجی: (**دەست بەباخەڵیدا دەکاتو کاغەزەکە دەردێنیت)**

فیداتبم فاتیحی قاسە.. عەجەب کوڕێکی جوانخاسە!

خەزێنە گشتی پۆلایە.. کلیلی عەینی ئەڵماسە

نەیکەیتەوە بۆ ئەو کەسەی.. بێئیمانو خوانەناسە

قادر: مامە حاجی! خۆ ئەوەی فەرمووت لە شیعر دەچێت!

حاجی: کوڕەکەم! من لەمێژە شاعیرم مەختوتەم زۆرە.. بەڵام دەڵێی چی! تا حاڵی حازر ئیمکان نەبووە تەبعیانبکەم

قادر: ئەی ئەو کاغەزەش شیعری تیایە؟

حاجی: نا.. کوڕم نا!..ئەمە لە باوکی شیعر زەریفترە.. لە عیلمو فنوون لەتیفترە.. لە ڕۆح و گیان ئازیزترە.. ها! فەرموو بیبینە بزانە خیلافی هەیە؟

قادر: (**دەیخوێنێتەوە)**

سەدو پەنجا رووپیێ!! ئێ! ئێ! حاجی لێتدا! ئەم تەمغەو ئیمزایەش هی..هی..

حاجی: هی جەنابی مێجەرسۆن بەگە.

قادر: حاجی! تێناگەم.. تۆو مێجەرسۆن کوجا مەرحەبا؟

حاجی: کوڕی ئازیزم! تۆ هەقت بەسەر ئەم حەلوفەسڵەوە نەبێت چاکە.. تۆ مەئموورێکی حکومەتیت کاری خۆت بکە!

قادر: ڕاست دەفەرموویت.. بەڵام.. (**بیردەکاتەوە**) بەڵام ئەو پارەیەی لە خەزێنەدا ماوەتەوە هەمووی..

حاجی: (**بەپەلە**)

**هەمووی چی؟**

بێچوو: (**بەپەلە مل درێژدەکات**)

**هەمووی چی؟**

حاجی: هەمووی چی؟! قادرەفەنی! هەمووی سەدو پەنجا رووپێی تیانابێت؟! حکومەتێکی زەبەلاحو موعەزەمە.....

بێچوو: حکومەتێکی زەبەلاحو موعەزەمە!

حاجی: سەدو پەنجا رووپێی پێ تەدبیرنابێ؟ چۆن!؟

بێچوو: چۆن؟!

حاجی: چۆن ئا ئەو بەحری ئیحسانە!

ئەو گەنجینە ئاوەدانە!

لەو مەبلەغە هاکەزاییە.. دەستەوستانە؟!

خەریکە ئیلهامی شیعرم وشکدەبێت..

بە زاتی خواو ئەو قورعانە!

قادر: جوانە! جوانە!

(**پێدەکەنێت**)

مامە حاجی! مەقسەدم ئەوە نەبوو.. هەیە شوکور هەیە ...زۆریشە.

حاجی: (**دەست بە دڵییەوە دەگرێت**)

چووزانم

بێچوو: چووووزانم!

حاجی: ان بعـض الظـن اثـم). خەریکبوو بەنگی جەرگم بپچڕێت.. هەناوم بەربێتەوە.. ئەی باوکی باوکم بە قوربانتبێت! مەخسەدت چیبوو؟

قادرەفەنی: مامە گیان! مەخسەدم ئەوە بوو عەرزی جەنابت بکەم کە هەرچی پارەی ئەوقاف و هی حەڵاڵو زوڵاڵ لە خەزینەدا بوو, لەسەر فەرمایشتەکەی جەنابت.. لەبیرتە!؟ ها ئەو ڕۆژە؟

حاجی: ئی کوڕم! دە بیرم مەخەرەوە.. دەڵێی چی! شەیتان پێیکردم، (**تفێ لە بێچووەکەی دەکات**)

تف شەیتان بەلەعنەتبێ!

بێچوو: (**رادەپەڕێت**)

ئێ.. دە من گوناحم چییە؟

حاجی: هەتیوو! دەبوایێ پێت بووتمایە، ئەی تۆم بۆچییە!؟ وەك كلك بە دوامەوەیت، بۆ شتێكی وا باشبوویتو نەبوو، قەیناكە ئێستە شوكر هیچ نەبووە، ئێ قادرەفەنی! پارەی حەلاڵی خەزێنەت چی لێكرد؟

قادر: لەسەر فەرمایشتەكەی ئەو ڕۆژەی خۆت.. هەموویمان كردە مەعاشو مووچەو باربوویی خەڵكو خواه.. ئێستەش تەنیا پارەی تیاترۆخانەكەی تێدا ماوە.. ئەگەر دەفەرموویت هەر ئێستە لەو پارە حەرامەی خۆت واتەنی كە دەڵێی چڵكی سەگە! مەبلەغەكەت بۆ دەژمێرم

حاجی: قادر وانەڵێیت!

بێچوو: قادر وانەڵێیت!

حاجی: بۆ خاتری خوا! تۆ بزانە.. قاصەكە باش بگەڕێ.. لە پەنایێكدا.. لە ژێرەوە.. لەسەرەوە.. لەملاوە.. لەولاوە.. باش بگەڕێ!

(سەرەوەو ژێرەوەو ئەملاو ئەولا بە پێچەوانەوە بە دەست ئیشارەتدەكات)

قادر: بەسەری مامە حاجی.. فەقەت ئەوەی تێدا ماوە، كە لە چڵكی سەگ حەرامترە.. ئەگەر سەبریش دەفەرموویت, ئەوا یێك دوو مانگی دی هەر چۆنێك بێ لەبەرخاتری ئەو قورعانەی لە سنگتایە, پارەی حەلاڵت بۆ لادەدەم.

حاجی: (لەبەرخۆییەوە)

یێك دوو مانگی دی؟ چۆن دەبێت!؟

بێچوو: نەوەڵڵا نابێت.

حاجی: تا دوو مانگی دی مێجەرسۆن بەگ.. دوو ئەوەندەی ترم بۆ دەنووسێت

(بۆ بێچوو) وا نییە؟

بێچوو: دە ئەوەندەی تریشت بۆ دەنووسێ.. بۆ منیش دەنووسێت.. ئەرێوەڵڵا وایە.. بۆ منیش دەنووسێت.

قادر: (بۆ بێچوو)

تۆیش؟

بێچوو: ئەی چۆن؟! منیش.

حاجی: (بۆ قادر)

كوڕم! دوو مانگی دی هەر نەو..

قادر: ساوەڵڵا ئیدی كەیفی جەنابتانە..

(دەچێتە لای قاسەكەوە بەدەم قسەكردنەوە پارە دەردێنێت)

ئەگەر دەفەرموویت.. لەم پارە حەرامانەی تیاترۆكان بۆت دەژمێرم!

حاجی: (لەگەڵ بێچوودا زماندەلێسنەوە)

كوڕم! تۆ وامەڵێ! تیاترۆی چی؟ ئەوە پارەیە پارە! مەصدەرەكەی موهیم نییە.. پارە هەزار دەست دەبینێو هیچی لێنایەت.. نەحەڵاڵ نە حەرام! ئەوە موهیم نییە گیانە!

**(دان بە وشەکاندا دەنێت و زماندەلێسێتەوە)**

موهیم ئەوەیە چۆنی حەڵاڵدەکەیت.

قادر: ئەشەمبیللا مامە حاجی ئەم فەرموودەیەت حەقیقەت کوڕی هەقیقەتە.

حاجی: نا کوڕم! نا..هەقیقەت موئەنەسە دەبێ بڵێیت هەقیقەت کچی هەقیقەتە!

قادر: **(بۆنی پارەکە دەکات)**

ساوەڵڵا مامە حاجی راستدەکەیت! پارەکان هەموویان بۆنی سووراوو سپیاویان لێدێت. **(دەیژمێرێت)**

حاجی: کوڕم باشی بژمێرە!

**(زماندەلێسێتەوە)**

تووبی خوا قادرەفەنی! با دەستم بەریان نەکەوێت بۆم بخەرە ئەم گیرفانە

**(گیرفانی دەکاتەوە)**

بێچوو: نا بیخەرە ئەم گیرفانە

**(گیرفانی بۆ دەکاتەوە)**

قادر: **(پارەکەی بەدەستەوەیە, لە بەینیاندا دێت و دەچێت)**

بێقەزا بن! ساغیکەنەوە بۆ کامتانە؟

بێچوو: تۆ بیخەرە ئەم گیرفانە (لەگەڵ بێچوودا دەستدەدەنە یێك)

بێچوو: دەبێ بیخاتە ئەم گیرفانە!

حاجی: کەری ئەحمەق! بەشتدەدەم.

**(بۆ قادر)**

بەنێوی منەوە نەنوسراوە!؟ کەواتە بۆم بخەرە ئەم گیرفانە!

قادر: ئەمە سەدو پەنجا رووپێ.. نە زیادەو نە نوقسانە

**(بە پێکەنینەوە دەیخاتە گیرفانی حاجییەوە)**

بێچوو: **(ئەمسەرو ئەوسەر دەکات و خۆی بۆ راناگیرێت**

ئەی من؟ هەر ئێستە منیش دەستپێدەکەم.. ئەوە چییە؟ خۆ من لە تۆ باشتری دەزانم **(دەیەوێت بڕوات)** دەڕۆم.

حاجی: هەتیوو مەڕۆ! پەلەمەکە!

بێچوو: نا.. دەڕۆم.. جا ئەوە چییە؟ منیش دەتوانم بیکەم.. تەنانەت دەزانم ئەو شیعرە قۆڕانەش دابنێم کە تۆ دایاندەنێیت.. بزانە لەوەشیاندا بۆڕتدەدەم یان نا!؟ **(دەڕوات)**

حاجی: هەتیوو مەڕۆ! مەڕۆ!

**(لەبەر خۆییەوە)**.. العجله من الشیگان.. دەترسم ئەم هەتیووە خۆی بە قەڵبەیێکدا بدات

**(بە دوایا دەڕوات)**

پەلەمەکە! مەڕۆ! وا هاتم..

**هیوا: (دەنگی دێت)**

بیتاقە یانسیب! دەردەچێت.

دڵسۆز: هیوا گیان! ئەوە تۆیت؟ نەڕۆیشتوویت!؟

**هیوا: (بەرەو شانۆ)** نا.. نەڕۆیشتووم.. تا پیرۆزبایی دەورەکەت لێنەکەم ناڕۆم.. **(بۆ بینەران) هاوڕێکانم!** ڕەنگە بپرسن ئایا ئەنجامی ئەوانە بەچی دەگات؟ ئایا تۆڵەی خەڵکی بێتاوانو سەرگەردانکراوان دەسێندرێت؟ بێگومانین دەسێندرێت! بەلاَم کەی؟ نازانین کەی! ئەوەتا ئێمە لەسەر ڕێبازو لەتەك کاروانە مەزنەکەدا بەردەوام دەڕۆین.

دڵسۆز: هەموو ڕۆژێك.. هەموو ساتێك.. تاوان بەلێشاو دەبینین, بەلاَم سزاکەی نابینین.. بەڵکو گەورە تاوانباران خەلاَتدەکرێن.

**هیوا:** هەروەها هەموو ڕۆژێك.. هەموو ساتێك.. سزا بەلێشاو دەبینین.. بەلاَم تاوانەکەی نابینین.. چونکە هەر بێتاوانانەو, سزادەدرێن.

دڵسۆز: **(دێتە تەنیشت هیواوە, ئەڵقەکەی توورڕەداتو دەستدەخاتە دەستیو پێکەوە سروودی کۆتایی دەڵێن):**

کاروانمان هەر بەردەوامە
ئاسۆی ئاڵو ڕووناك دیارە
گەرچی ڕێباز مەرگو زامە
تا بێتاوان سزابدرێ
تا ڕەنجی شان بەزۆر بخورێ
تا تاوانبار خەلاَتبکرێ
تا ئەو ڕۆژەی چەوسانەوە
لەسەر زەوی گسکدەدرێ
کاروانمان هەر بەردەوامە
گەرچی ڕێباز پڕ هەڵدێرە
بەلاَم ئەنجام یێك ئەنجامە
ئاسودەگیو خێرو بێرە
کاروانمان هەر...
هتد

**(یێکە یێکەو دوو دوو هونەرمەندەکانی دی بۆ سلاَوی جەماوەر لەگەڵ وتنی سروودەکەدا دێنە سەر شانۆ)**

# مرۆڤێکی ئاسایی

**(مێزو کورسییێك لە نێوەڕاستی شانۆدایە.. هەندێك کەلوپەلی مەیخواردنەوەی لەسەرە.. لەگەڵ چەند پەڕە کاغەزێك.. سێ ئەکتەر پێکەوە لە لایێکی شانۆوە دانیشتوونو.. گفتوگۆی خۆیان دەکەن.. لە کاتی دیاریکراودا هەڵدەستن)**

3: (**بۆ 2**) گلۆپەکان.. ئا.. گلۆپەکانی سەر شانۆش! زۆر چاکە.

2: (**دوای کوژاندنەوەی گلۆپەکانی هۆڵەکەو داگیرسانی سەر شانۆ.. دەگەڕێتەوە.. یێخەی ئەکتەری (1) دەگرێتو رایدەوەشێنێت**) ئەوە چییە؟ بۆ ناچیتە شوێنەکەی خۆتو ئامادەبیت؟ بینەران چاوەڕوانی ئێمەن.

1: (**دەستی بەسەرییێوەیەو.. لەسەرخۆ بەرەو مێزەکە دەڕوات**)

3: جارێ لێیگەڕێ! سەری.. نازانێت ئەم سەریەشەیە چی پێدەکات؟

1: (**پێکەکەی هەڵگرتووەو قومێکی لێدەدات**) فەرموون! من ئامادەم

3: دەبا لەسەرەتاوە خۆمان بە بینەران بناسێنین

2: هاوڕێیانی خۆشەویستم! ئێمە...

1: نا..نا من..(**قومێ لە پێکەکەی دەدات**) تەنیا..من

2: ئێمە

1: باشە با وابێ! بەڵێ من نا.. ئێمە!

**هەرسێکیان: (دێنە بەردەمی شانۆ)** ئێمە هەموومان یێك کەسین.. جیادەبینەوەو یێکدەگرینەوە..بەلاَم ...

3و 2: (**پەنجە بۆ 1 رادەکێشن**) بەلاَم لە مرۆڤێکدا کۆدەبینەوە.

3: (**بەدەم ڕێوە بۆلای چەپی شانۆ**) ئازارەکانی دەورووژێنین

# مرۆڤێکی ئاسایی

2: (**بەرەو راستی شانۆ**) بیرەوەرییێکانی نوێدەکەینەوە

1: (**پشتی لە بینەرانە**) هەمووتان..هەمووتان..برینەکانم دەکولێننەوە.. (**دەڕوات.. لەسەر کورسییێکەی بەرامبەر بینەران دادەنیشێت**) سوێ دەکەنە جەرگمەوە.

3: من گریانی ئەوم.. دلۆپ دلۆپ فرمێسکەکانی ئەوم.

2: پیاو ناگری..

3: پیاو بەبێدەنگو بێفرمێسك دەگری..

2: ئەی چۆن دەڵێیت من فرمێسکەکانی ئەوم!؟

1: نا خەیاڵتان خاوە، کار لە بێدەنگیو بێفرمێسکیدا نەماوە.

2: من پێکەنینو خەندەکانی ئەوم

1: (دەست بەمێزەکەدا دەکێشێتو هەڵدەستێت) نا.. ئەوەیان نا! پێکەنینو خەندەی چی؟ بۆ پێکەنین لەم هەوارەدا ماوە؟ نا.. بیرم نایەت، دواجار کەی بوو پێکەنیم! نا بیرم نایەت..

2: دانجیڕکردنەوەش بە پێکەنین دەژمێردرێت.

3: پێکەنین دەبێت لە دڵەوە هەڵقوڵێتو بڕژێتە سەرلێو.. دەبێت وەك كانییێكی روونی بەر تریفە پڕشنگداربێت.

1: مێشك كرۆشتن لە چرچو لۆچ خستنە سەر روو زێتر هیچی دی بۆ نەهێشتوومەتەوە

3: (بۆ بینەران) هاوڕێیان! من پرسیارەکانی ئەوم.. نایەڵم ساتێك بە دڵنیایی دانیشیت، لە ساتێكدا سەدان پرسیاری لێدەکەم

2: من وەڵامەکانیم.. لە ساتێکدا سەدان وەڵامدەدەمەوە

1: وەڵام؟! هەرگیز وەڵامت نەداومەتەوە

2: هیچ نەبێت دڵنیامکردوویتەتەوە.. بە دڵدانەوەییێکی دابنێو بەس!

1: بڵێ خۆ هەڵخەڵەتاندنو بەس! درۆکردنو بەس! لێمگەڕێ چاکترە! (خۆی بەنووسینەوە خەریکدەکات) با بنووسم!

3: با جارێ لێیگەڕێین (بۆ بینەران) لەوەدەچێت تا ئێستە نەزانن ئەم مرۆڤەی ئێمە لە ناخیدا کاردەکەین کێیە!؟ با پێتانبڵێم (بەچرپە) ئەم مرۆڤە خۆپەرستە!

2: (بەچرپە) ئەم مرۆڤە شێتە

3: (بەچرپە) ئەم مرۆڤە درۆزنە

2: وەك هەر یێكێك لە ئێوە!

3: کەواتە مرۆڤێکی ئاساییە

2: نا! مرۆڤێکی ئاسایی نییە

3: نەخێر! ئاساییە

2: ئاسایی نییە.. چونکە مرۆڤێکی هەست ناسکە.. ئاسایی نییە چونکە هەندێك جار دەبێتە شاعیر!

3: دەبا شیعرێکمان بۆ بخوێنێتەوە, ئەوسا بڕیارێکی لەسەر ئەدەین

2: (بۆ 1) شیعرەکەت تەواو نەکرد؟!

1: (پەڕەکاغەزێکی پێیەو بە هێمنی لە جێی خۆی هەڵدەستێتو بەئاوازێکی هێمنو چرپەدارەوە دەیخوێنێتەوە)

رووبارەکان بەدزییێوە دەڕژێنە کۆشی دەریا
دڵدارەکان, ئەڵقەی پەنجە.. بەدزییێوە دەگۆڕنەوە
بەنهێنی شمشاڵەکان فووی پیادەکرێن
توخوا تەنیا ناڵێن نەبۆتە نەوای نەی؟
ئەی بۆ بەدەنگی بەرز نەیڵێم
چی تیا ماوە تا بەچرپەچرپ بوترێت؟
ناڵێن زێتر گوێم لێ نەبووە

تێنوو دەبێت بەدزییەوە, بەقومێك ئاو لێوی تەڕكات

بەنهێنی كلووی بەفر, ماچی لوتكەو نشێو بكات

چی ماوە بەچرپە بیڵێم!؟

بەنهێنی رەشوڕەجاڵ دەبێت رووتبن

سەرمایان بێو هەڵنەلەرزن

خەونەكانیش بەچرپەوە

بۆ ئەویدی بگێڕنەوە!

2: هاژەی چەمو رووبارەكان هەر دەبیسترێ

3: زرەی ئەڵقەی دڵدارەكان هەر دەبیسترێ

2: گریان و ناڵەو نەوای نەی

3: شنەو خەندەی نێو خەونەكان

2: ترپەی بەفرو ماچی لوتكەش

3: هەر دەبیسترێنو دەبینرێن

2: كەواتە!

3: دە كەواتە ئەم شیعرەمان پێویست نییە

2: تۆ شتێكت نەوتوە نەزانرابێت

3: تۆ شتێكت نەوتوە نەبیسترابێو نەبینرابێ

1: (پەڕەكە دەدڕێنێتو توورپیدەداو.. دادەنیشێت)

2: بینیتان!

3: بینیتان مرۆڤێكی ئاساییە.. وەك هەموو یێكێك لەئێوە

2: وەكو ئێوە.. هەستێكی زۆر ناسكی هەیە

3: وەك ئێوە.. لە شەقامەكاندا بە دوای پاسدا رادەكات

2: رادەكاتو ئەگەر پیایا نەگات جنێودەدات.. ئەی چۆن؟ جوێنی زۆر ناشیرینیش دەدات!

3: وەك ئێوەش.. سەیری باخچەو درەختو ئافرەتو گشت شتە جوانەكان دەكات.

2: وا سەیریاندەكات هەروەكو هەرگیز تێریان لێ نەخوات

3: بەڵێ! هەروەكو تازە لە بەندیخانە بەربووبێت، یان وەك یێكێك فەرمانی كوشتنی بەسەردا درابێتو, لەو بڕوایەدا نەبێت جارێكی دی بیانبینێتەوە

1: نا نا ئاگاتان لێ نییە! نایەڵن تەسكینی دڵم بشكێت.. بە هەر كوێدا دەڕۆم, سەگەڵ بەدوامەوەن, بۆنی قۆندەرەكانیان كردووم، لە هەر كوێدا پێ دادەنێم" لووتی سەگێك بۆنیدەكاو دوامدەكەون.. بەسەر قۆندەرەكانمەوە دەلەپێنەوە.

2: لەنێو قۆندەرەکانتا بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن.. لە ڕێی قۆندەرەکانتەوە قەسابخانەو گۆشتی لاکیان دۆزیوەتەوە

3: بەڵام تۆ.. لە نیگای نازدارانداو, لەسەر شەقامو نێو کۆڵانەکاندا بەدوای پرسیارو وەڵامی خۆتدا وێڵیت.

1: **(هەڵدەستێت)** پرسیار..پرسیار! **(بێزارە)** پرسیار دادەبارێت.. وەڵام دادەبارێت، پرسیاری نوێ وەڵامی کۆن، پرسیاری کۆن وەڵامی نوێ، نابڕێتەوەو نابڕێتەوە!

3: وەڵامی کۆن وتەی رووتبوو.. وەڵامی نوێ بیرکردنەوەو کارکردنە **(بۆ بینەران)** ئەم مرۆڤە لە پرسیارو وەڵامەکان بێزارە.. ناهەقیشی نییە! چونکە ژیان هەمووی پرسیارو وەڵامە گیروگرفتو چارەسەرکردنە.. بەردەوامەو نابڕێتەوە.

2: بێزارییێکەی لە ژیانو پرسیارەکان نەخۆشییە، ئەم مرۆڤە نەخۆشە! وەك وتم **(بەچرپە)** شێتە!

3: بەڵام لەم هەوارەدا بەئاسایی دەژمێردرێت.. گەر لە هەوارو مەڵبەندێکی پاکدا مرۆڤی وا هەبێت ئەوا..

2: ئەوا دەبێت تا چاکدەبیتەوە لە نەخۆشخانە, یان لە شێتخانەو لەژێر چاودێری پزیشکی دڵسۆزدا چارەسەربکرێت.

3: هاوڕێکانم!

مادام لەم هەوارەدا دەژی, ئێمە هەردووکمان.. ببوورن! ئەکتەری دیکەمان نەبوو.. دەنا دەبوایێ هەزاران ئەکتەر بووینایەو.. هەر هەموومان دەوری ناخی ئەومان ببینیایەو.. بەتەواوی بۆتانمان یێکالاُبکردایەتەوە, بەڵام هەر وازی لی ّناهێنن و, بە پرسیارو وەڵام دایدەگرینەوە, تا بەلاییێکدا دەکەوێت.. تا خۆی دەدۆزێتەوە (بۆ 2) دەی! با تێکەڵاوی بینو, سەربکەینە سەری و بەناخیدا بگەڕێین!

2و 3: **(بەرەوڕووی دەڕۆن.. هەر یێکەیان پەلێکی رادەکێشێت.. دەیهێننو دەیبەن.. ئەمجا باوەشی پیادەکەن، شانۆ تاریکدەبێت.. هەر یێکەیان لەملاوئەولای شانۆوە, لەودیو پەردەوە خۆیان دەشارنەوە)**

**دەنگی** 2: پرسیار!

**دەنگی** 3: پرسیار!

**دەنگی هەردووکیان:** پرسیار! پرسیار! پرسیار!

1: **(لەگەڵ دەنگەکاندا بە ئازارەوە دەتلێتەوەو ئەمسەروئەوسەری شانۆ دەکات.. لەگەڵ خاوبوونەوەی دەنگەکاندا هێمندەبێتەو دادەنیشێتو.. قومێك لە پێکەکەی دەدات)**

**دەنگی** 3: **(بە سەداوە)** تۆ بۆ ماویت؟ هاوڕێ ئازیزەکانت زۆریان نەماون.. تۆ بۆ هەتا ئێستە ماویت؟ **(1 لەگەڵ دەنگەکەدا وریادەبێتەوە ئەمجا لەگەڵیاندا گینگڵدەدات)**

**دەنگی** 2: **(بە سەداوە)** بیر لە تەمەنت بکەرەوە! ساڵانێکی زۆر ژیاویت.. کەچی هێشتاوەکو ماویت.. پێمان بڵێ بەتەمای چیت؟

**دەنگی** 3: پێکەنین لە ژیانتا کوژاوەتەوە

**دەنگی** 2: خۆشەویستی لە ژیانتا لە گیانەڵادایە

**1: (هەڵدەستێت پێکەکەی دادەنێت)** خۆشەویستی؟! نا.. نا.. خۆشەویستی لە گیانەلاّدا نییە، **(وەك دانسێکی سلۆی دووقۆڵی بکات)** خۆشەویستی؟! نا نا لە گیانەلاّدا نییە.

**دەنگی 3:** خۆت بەتەنیایت **(بەدەم ئاوازێکی بۆ لێدەدات لەگەڵ دانسەکەی بگونجێت)** کەس ئاگای لیت نییە، لەگەڵ خۆتدا راستگۆبە!

**1: (خاودەبێتەوە)** دەمەوێت راستگۆ بم.

**دەنگی 2: (لەپڕ )** کێ تۆی خۆشویستووە؟ وەلاّمی راست بدەرەوە!

**1: (دەوەستێت)** راهاتووم.. لەسەر خۆشەویسی پێکلایەنی راهاتووم.. من پەرییێکی قەشەنگم خۆشدەویست.

**دەنگی 3:** ئەی ئەو؟

**1: (ماتدەبێت)** ئەو؟! نا! هەرگیز ئەو منی خۆشنەویستووە.. ئەو فێری خۆشەویستی نەکراوە

**دەنگی 2:** ئەو لە ژیانتا بۆتە جادووبازترین کەسێ بەرامبەرت.. کەواتە تاکەی لەسەر ئەم سەمتە دەڕۆیت؟

**1:** هەتا دەمرم!

**دەنگی 3:** لەم جۆرە خۆشەویستیەدا چیبەچیدەکەیت؟ ئەنجام بەکوێ دەگەیت؟ گەر وەلاّمت پێیە راستوڕەوان وەرەپێشێ!

**1:** بەهەموو دڵوگیانمەوە خۆشمویستووە

**دەنگی 3:** بەهەموو دڵوگیانیشتەوە رقت لێی بۆتەوە.. وانا؟

**1: (سەر دادەخات)** ئەوەیان نا... نا..

**دەنگی 2:** رقت لێی نەبۆتەوە.. لێی زوویربوویت‌و, دڵی رەنجاندوویت و, لێی جیابوویتەتەوەو.. ئەمجا گەڕاویتەوەلایو, بەمجۆرە تا ئێستە دوا بڕیارت نەداوە.

**1:** دوابڕیار دەدەم، دوابڕیارم داوە، بەجێمهێشتووەو.. جارێکی دی ناگەڕێمەوە لای.. بۆ کوێ بگەڕێمەوە؟

**دەنگی ئافرەتێك: (یان ئافرەتەکە خۆی بەبەرگی کوردییەوە)** راست ناکەیت! بیر بکەرەوە! دوای هەموو بەجێهێشتنێك چیت بەسەرهاتووە؟ ها؟ لە روخساری هەموو شۆخێکی سەر رێگەوباندا روخساری کێت بەدیکردووە؟ لەو دەشت‌و بنارانە.. لەو نزارو بژوێنانە.. ئەگەر جارێکی دی کیژۆڵەکان بچنەوە مازووچنین.. کیژۆڵەکان بچنەوە گێلاخەو بەنگۆکەکردن.. گەر پاوپوزی ئافرەتانی گوێ کانیاوەکان ببینیت.. لەشولارو لەنجەولاری کێیان تێدا دەبینیت؟ راستبڕۆ! لە ئاوازو گۆرانییێکاندا دەنگو چریکەی کێ دەبیسیت؟ راستدەکەیت بەجێتهێشتووم, بەلاّم تا دوورتر کەوتبیتەوە لێم“ زێتر شەیداو پەرۆشی ئامێزم بوویت.. گەر ئامێزی من جێبێڵی تۆ لەکوێدا ئارامدەگریت؟

**1:** تۆ ئامێزت نەبووە تا ئارامی تیا بگرم

**ئافرەت:** ئافرەت نییە، ئامێزی جێئارامی نەبێت

**1:** من نەمدیوە.. من هەستم پێنەکردووە.

**ئافرەت:** هەستت بەگەرمیو دڵسۆزی ئامێزمان نەکردووە.. چیبکەین!؟ گوناهی ئێمە نییە، نەخۆشیی.. نەخۆشییێکانی ئەم هەوارە گەرمیو دڵسۆزی پی نەهێشتووین.. چاکدەزانیت لەمەدا مەبەستم چییە؟

**1**: (سەر دادەخات) بەڵێ! بەڵێ! چاکدەزانم گوناهی ئێمەیشی تیایە.

**ئافرەت**: پەشیمانیت پێوە دیارە

**دەنگی 2**: ها پەشیمانیت؟ وا دیارە

**دەنگی ئافرەت**: (بەدەم رۆیشتنەوە) پەشیمانیت بەئاشکرا پێوەدیارە.. جێتناهێڵم.. هەر دەگەڕێمەوە لات.. (دەڕوات)

**دەنگی 2**: تۆ ویستت ئەم هەوارە جێبهێڵیت، بچیتە هەوارێکی دیو ئامێزێکی دی بۆخۆت بدۆزیتەوە.. بۆ ئەمەیان چیت کرد؟ گەشتەکەت هەر نەکرد.. بۆچی؟

**1**: ویستم گەشتێکی دوور بکەم.. تا هەواری دیو خەڵکی ئاسایی ببینم تا بزانم تاموچێژی ژیان چۆنە؟

**دەنگی 3**: نا! راستبڕۆ! بۆ ئەوە نەبوو.. بەڵکو تەنیا مەبەستت سێکسو دڵداری بوو.. تا لەگەڵ ئافرەتانی هەندەراندا تێنوێتیە مەزنەکەت لە لێشاوو کەفوکوڵی لەشولاریاندا دامرکێنیتەوە.

**1**: راستە.. ئەوەبوو مەبەستم

**دەنگی 2**: ئەی بۆ پەشیمانبوویتەوە؟

**1**: (بە تووڕەیی) پەشیمان! پەشیمان! من پەشیمان نەبوومەتەوە من هەموو ژیانم پەشیمانییە، بەقەدەر ئەو هەناسانەی داومن پەشیمانم من لە هیچ شتێکی ژیانمدا سەرنەکەوتووم.. تەنیا لە شتێکدا نەبێت

**دەنگی 3**: لەخۆرەنجاندن و خۆخواردنەوەدا تۆ لە هەموو کەس چاکتر دەزانیت لەگەڵ خۆتدا بدوێیت.. تا رادەی سڵەمینەوە لە خۆت!

**دەنگی 2**: وادەزانیت خەڵکی ئاگای لێتە.. قسە لەگەڵ خۆتدا دەکەیت.. لەوە دەترسیت بڵێن ئەم کابرایە شێتە.. تۆ لەمەدا سەرکەوتووی.. ها وانییە؟

**1**: نا! من تەنیا لە پەشیمانبوونەوەدا سەرکەوتووم

**دەنگی 3**: کەواتە پێمانبڵێ لە گەشتەکەت بۆچی پەشیمانبوویتەوە؟

**دەنگی 2**: دیارە لەو بڕوایەدا بووی کە ئافرەتێکت تووش نابێت تۆی خۆشبوێت!

**دەنگی 3**: واتا ئافرەتێك نەبینیت تێنوێتییەکەت بشکێنێت

**1**: نا! هاوڕێکانم! ئەمەم بەخەیاڵدا نەهاتووە, لەوە بێگومانبووم بەئاسانی ئافرەتو سێکسو دڵداریم چنگدەکەوێت بەڵام ..

**دەنگی 3**: بەڵام چی؟

**دەنگی 2**: دەی بیڵێ! شەرم مەکە!

**1**: (بە ئازارەوە) دەیڵێم.. باشە دەیڵێم.. لەبەرئەو پەشیمانبوومەوە چونکە.. چونکە، دەترسام.. دەترسام!

**دەنگی 3**: لەچی دەترسایت لەچی دەترسیت؟

**1**: لە دوو شت

**دەنگی 2**: یێکەمیان؟

**1**: (بە ئازارەوە) لەوە دەترسم لە ئاستی ئەو ئافرەتانەدا لە پیاوەتی بکەوم چونکە چونکە...

**دەنگی 3:** چونکە لەم هەوارەدا خەسێنراویت

**1:** بەڵێ! هەموومان.. پیاوو ژن.. نێرو مێ.. هەر یێکە بەجۆرێك خەسێنراوینو هەست بە خەساندنەکەشمان....

**دەنگی 2:** ناکەین

**دەنگی 3:** دەیکەین

**دەنگی 2:** نایکەین

**دەنگی 3:** دەیکەین

**1:** هەستی پێدەکەینو هەستیشی پێناکەین.. تاقیکردنەوەکان ئەمەیان دەردەخات.

**دەنگی 3:** باشە ئەی هۆی دووەم؟ ترسی دووەمت لەچیبوو؟

**دەنگی 2:** وای دابنێ لە ئاستی نازدارێکدا, وەك ئەسپەشی حیلکاندتو مایینی لەشیت لەئامێزگرت..

**دەنگی 3:** ئەگەر چەشنی هەڵۆ چنگی تیژت لە ماسی لەشی گیرکرد.. هەر دەترسیت؟

**1:** (**بە ئازارەوە**) بەڵێ دەترسم! دەترسم گەر لافاوی ئارەزووی پیاوەتیم رژاندە نێو کۆشیخاتوونێك.. ئەویش (**زۆر بەئازارەوە**) ئەویش وەك خۆم ژەهراویکەمو یێکسەر بمرێت، چونکە.. چونکە.. (**بەپەلە**) ئەو.. ئەوان وەك ئێمە مەناعەیان پەیدا نەکردووە (**بە ئازارەوە**) تاوانە! زۆر تاوانە! ئەو هەموو میکرۆبەی لە هەناوو هەناسەو نێو شانەکانی لەشماندا پەنگیانخواردۆتەوە.. تاوانە بەنێو بەهەشتی لەشو گیانی ئەواندا بلاَویانکەینەوە.. تاوانە تاوان!

**دەنگی 2:** (**لەپڕ**) تۆ مرۆڤێکی ئاسایی نیت

**دەنگی 3:** ئۆه! ئێمە لەم کێشەیە بووینەوە

**دەنگی 2:** نەخێر! ئەمە بیرو بۆچوونو رەفتاری مرۆڤێکی ئاسایی نییە

**1:** (**پێکەکەی بەدەستەوەیە دێتەپێشەوە**) راستە! من مرۆڤێکی ئاسایی نیم, بەلاَم (**بەدەنگی بەرز**) فەرموون! لەم هەرێمەدا تاکە مرۆڤێکی ئاساییم نیشانبدەن! تەنیا مرۆڤێك ئۆه.. ببوورن! واملێهاتووە نازانم مرۆڤی ئاسایی چۆنە؟ بەراستی نازانم دەپێمبڵێن! لە رایی خوادا.. ئەگەر بڕواتان پێیەتی پێمبڵێن مرۆڤی ئاسایی چۆنە؟ ئەگەر یێکێکتان تا ئێستەش هەر ئاساییە.. یان دەزانیت مرۆڤی ئاسایی چۆنە.. با بێتە سەر ئەم شانۆیە.

(**سەیری ئەملاوئەولای شانۆ دەکات**)

هاوڕێکانم! کوان؟ وەرن! با شانۆ چۆڵکەینو بچین لە هۆڵەکەدا دانیشین.. با یێکێك لە بینەران.. یێکێك لەو خەڵکە بێتە ئێرەو دەوری مرۆڤیکی ئاساییمان بەکردەوەو بە بیرکردنەوەوە نیشانبدات. (**دەیەوێت بچێتە نێو هۆڵەکە**) دەخێراکەن وەرن! خەریکی چین؟

**3:** (**خێرا دێتە سەر شانۆ**)

ئەوە چی دەکەیت؟! بگەڕێرەوە بێئەقڵ! جا ئەگەر مرۆڤە ئاساییێکان خۆیان دەربخەن" مانای وایە ئاسایی نین

**2:** (**دێتە سەر شانۆ**) نەموت!؟ تەنانەت دەیەوێت شانۆگەرییێکەمان لێتێکبدات.

2، 3: **(پەلیدەگرن‌و دەیگەڕێننەوە)** ماسی لە ئاوکرا کردەوەی ئاسایی چۆن دەمینێت!؟

3: باڵدار ئاسمانی شین‌و بەرین‌و باخچەو کانیاوەکانی لێ سەندراییوە لە باڵەفرە دەکەوێت.

**دەنگی ئافرەت:** (یان خۆی دێت) مرۆڤ خۆشەویستی‌و دڵنیایی لێ قەدەغەکرا لەسروشتی مرۆڤێتی دەکەوێت.

1: ماسی بەتەمای ژیان نامیننێت.. سەمایێکی بێئیقاعی مەرگ دەکات، باڵندەش دەکەوێتە پەڕوباڵ هەڵوەرانی خۆی

**ئافرەت :** مرۆڤیش دەیەوێت هەڵبێت.. هەڵاتن بە هەموو جۆرەکانییەوە **(دەڕوات)**

2: تۆ دیوتە ماسیێك بەدەم قولاپەوە, لە ماسیگر بپارێتەوە بۆئەوەی بیگەڕێنێتەوە نێو رووبار؟!

3: بینوتانە باڵندە لەنێو قەفەزدا, سکاڵانامە پێشکەشی خاوەن قەفەز بکات بۆ سەربەستی؟

1: ئەگەر کردیان سەرناگرێت, بەڵام ئایا ئەمە کارێکی ئاساییە یان نا؟

2: **(بۆ بینەران)** **هاوڕێیانم!** ئەم ئاوەڵەمان بەدوای ئەوەدا وێڵە, مرۆڤێك یان رەفتارێکی ئاسایی لەم هەرێمەدا ببینێت، بەڵام تەنانەت پاشای ئەم هەرێمە لە هی شوێنانی دی ناچێت.. جا بۆئەوەی بزانێت ئاسایی لەم هەرێمەدا چۆنە!؟ وا ئاواتەکەی دێنینەدی (بۆ 1) فەرموو! بڕۆرە نێو هۆڵەکەو, لەگەڵ میوانەکانماندا سەیرمانبکە!

1: زۆر زۆر سوپاس.. **(دەڕواتە نێو هۆڵەکە)**

2: **(لەبەردەم 3دا دەنوشتێتەوە)** فەرموون گەورەم! دانیشە پشوێکبدە! وادیارە زۆر ماندوویت؟

3: **(بەفیزەوە)** هـا...مـن..مـن؟ ئەوەندە سەرم قاڵە کەچی؟ **(دادەنیشێت‌و 2 بەدەوریدا دێت)** کەچی سوبحانەڵڵا! هەست بە ماندوێتی ناکەم.. چونکە پیاوی تەواو دەبێت لە خزمەتگوزاری دوانەکەوێت.. وڵات لە پیاوخراپان پاکبکاتەوە، هەر ئەمڕۆ سی کەسم موحاکەمەکردو.. دادپەروەریم بەرکەماڵکردو.. کەچی.. کەچی ئەو خەڵکە سپڵەیە پێمدەڵێن دڵڕەقە! دیکتاتۆرە!

2: گەورەم! سەغڵەت مەبە! تۆ خوات لەپشتە.. ئەوانە نەفامن لێیانمەگرە! **(بەسەرسامییەوە پەنجەی 3 دەگرێت‌و, سەیریدەکات)** ئەوە پەنجەی موبارەکت سوورهەڵگەڕاوە! چییتی؟

3: نا نا! خوێن نییە.. لەوانەیە مەرەکەب بێت!

2: توخوا حەیف نییە پەنجەی نازدارت مەرەکەباوی بێت؟!

3: بەسەری تۆ.. ئا.. پێویست ناکات.. خۆت ئاگاداریت.. هەر ئەمڕۆ دووسەد ئیمزای خەتەرم کردووە.. سی دانەیان بەپاندانە سوورەکەش!!

2: ماشەڵڵا! دوو سەد ئیمزا! مەگەر شکۆمەندی‌و نێوبانگی تۆ لە هەموو جیهاندا دەنگی نەدابێتەوە؟! چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە.. قوربان! بیاندە بەدەم رووبارەوە!

3: تەنیا سی دانەیانم دا بەدەم دیجلەوە.. ئێستە ئاوو سابوون بێنە پەنجەم بشۆ! دوایی خۆت...

2: بەڵێ گەورەم! دوایی خۆم دەزانم.. بە شێنەیی پەنجەکانت دەشێلم **(لەم کاتەدا 2 دەڕوات‌و 3 بەخاوی هەڵدەستێت تا دەگاتە ئەوسەری شانۆ.. 2 بە شەپقەوە وەك گەورە دەسەڵاتداری وڵات دێت)**

3: فەرموون گەورەم فەرموون! **(بەدەوریا دێت‌و خزمەتیدەکات)**

**2: (کەمێك خۆی بادەداو, ئەمجا دێتەپێشەوەو شەپقەکەی دادەگرێت)**

**هاورێیانم!**

مرۆڤی ئاسایی لەم هەوارەدا وایە.. دەبێت یا فەرمانبدات یا گوێلەقێن بێت، دەبێت یا سەرۆكو ئاغا بێت یا نۆکەرو بەردەست!

2: بەلاَم بەبێ بیرکردنەوە.. بەبێ رەتکردنەوە.. ئەوەی نۆکەریش دەکاتو ملکەچە.. هەر بۆئەوەیە دوایی پێبگات.

3: بۆئەوەی خۆی ببێت بەفەرماندەو نۆکەرانی لەدەوربێت

2: بەمەرجێك هیچ هەلێك لەکیس خۆی نەدات **(بەرەو راستی شانۆ دەڕوات)**

3: بەمەرجێك هیچ هەلێك لەکیس نەدات **(بەرەو چەپی شانۆ دەڕوات)**

**دەنگی 3:**(بۆ **1**) هاوڕێ! بگەڕێرەوە سەر شانۆو, لەبەر چاوی بینەراندا لەخۆت بپرسە ئایا تۆ ئاساییت یان نا؟

1: **(بەدەم رێوە)** بۆ من لەخۆم بپرسم؟! ئاسایی بم یا نەبم، ئەم حاڵەی ئێستەم لەو جۆرە ئاساییانە لەلا چاکترو پیرۆزترە.. بەلاَم بۆ هەر بەتەنیا من لەخۆم بپرسم؟

**دەنگی 2:** چونکە هەر تۆ وادەزانیتو بەس!

دەنگی 3: بەلاَم لەم ژینە ناهەموارەدا هەر بەتەنیا تۆ نیت .

1: بەڵێ! من دەزانم ئەم زیندەبەچاڵییە.. ئەم ساختەچیەتییە.. ئەم وشکیو برینگی خۆشەویستیە.. ئەم هەوا پڕ لە میکرۆبو ڤایرۆسەی هەموو رۆژێك هەزاران جار هەڵیدەمژم.. دەزانم ئەو میکرۆبانەی دێنە نێو لەشو خوێنو هەناومەوە کارم تێناکەن، دەچنە هەناوی ملیۆنەهای تریشەوەو کاریان تێناکات!

**دەنگی 3:** کەواتە بەتەنیا نیت

1: خەڵکی لەگەڵیا راهاتوون.. وادەزانن ژیان وایە، هێندە هەوای پیسیان هەڵمژیوە وا دەزانن هەوا لە سروشتدا هەر وابووە، ئەگینا ئاوا نەدەبوون.

**دەنگی 2:** هەستپێکردنی قووڵو هی بێموبالاتانەهەیە.. بەلاَم تۆ دەتەوێت چیمان پێبڵێیت؟

1: دەمەوێت بڵێم.. من مادام هەناسەدەدەم.. مادام من ئەو میکرۆبانە هەڵدەمژم و نامرم کەواتە هەم!

**دەنگی 3:** ئەمە کێشەکەمان نەبوو.. ئەمە کۆجیتۆیێکی تایبەتە بەخۆتەوە.. کۆجیتۆی خۆپەرستیو ورەبەردانە!

1: کێشە لای من هەر ئەوە بووە.. بۆیێ تاکو ئێستەش ماوم.. ئا ئا ماوم.. کاروانی کۆچکردوان بەلامدا گوزەردەکاتو هێشتا من ماوم..ئایا مانەوە بۆخۆی کێشە نییە!؟ گوماندەکەم.. نازانم ئەگەر کێشەمان ئەمە نەبێت" ئەی کێشەکەمان چییە؟

**دەنگی 3:** بیربکەرەوە!

**دەنگی 2:** بیربکەرەوە!

1: باشە! بیردەکەمەوە.. ئاوا.. من هەم و هەوای میکرۆباوی هەڵدەمژم.. هەوای ژەهراوی هەڵدەمژم و کارم تێناکات.. من هەم و ماوم.. ئەمە کێشەیەو, دەشێت کێشەش نەبێت!

**دەنگی 3:** بیربکەرەوە! دەبێت وەڵامی پرسیارێکی دی بدەینەوە.. پرسیارێك بەرچاوت روونبکاتەوە, وەڵامێك ژیانو دوارۆژ ئاسوودەو ڕووناکبکاتەوە.

**دەنگی 2:** لێرەدا قاڵبوون لەنێو میکرۆبدا ناچارییەو تەنانەت پێویستیشە.. بەڵام تاکەی؟

**دەنگی 3:** میکرۆبەکان زاوزێدەکەن, گەرادەخەن و زۆردەبن.. ڕەنگەکانت لەبەر چاو تەڵخدەکەن، ڕەنگو بۆی گوڵەباخەکان بەلاکی تۆپیو دەگۆڕن، ئەڤین و سۆز دەکەنە رقو کینە.

**دەنگی 2:** کەواتە گرنگ نییە، بەمجۆرە ماوینو هەین

**دەنگی 3:** مانو نەمانی ئاوەها.. هەر چۆن یێکن

**دەنگی 2:** ئەی!؟

**دەنگی 3:** کێشەکەمان پرسیارێکە

**دەنگی 2:** وەڵامێکە

**دەنگی 3:** پرسیارێكو وەڵامێکە

**1:** ئیدی بەسە! با پێکەوە ئەو پرسیارە لەخۆمانکەین!

**دەنگی 2:** پرسیارەکە (دێتە سەر شانۆ) لە هەموانکەین

**3:** **(دێتە سەر شانۆ)** بۆ وەڵامەکەی کاربکەین

**2:** پرسیارێکی جیاواز... جیاواز

**3:** هەینو ماوین کێشە نییە

**2:** ئەی چی؟

**هەموو:** باپرسین لەگەڵ کێداین؟ دڵو گیانو تێکۆشانمان بۆ کامە چینو بەرەیە؟

**1:** وەڵام!

**2:** (لە 1 نزیکدەبێتەوەو.. مۆمێك دادەگیرسێنێت) وەڵام!

**3:** **(دێتە ئەولای 1 هوەو مۆمێك دەدەگیرسێنێت) وەڵام!**

**1:** **( مۆمەکان بەرزدەکەنەوە)** وەڵام ئەوە دیاریدەکات! یا درێژە پێدانی مەرگە... یا سەرتاسەر بەختیارییە

**هەرسێکیان:** وەڵام ئەوە دیاریدەکات!

بەغدا: ئایاری **1979**

# نەورۆزی ئەلکان

ئـەم نیمـچە ئۆپـەرێتـە, بەبۆنـەی جـەژنی نـەورۆزەوەو.. بـۆ گۆڤاری میدیا لە شەوێکدا نووسراوە..

لە ئاهەنگی پەردەلادان لەسەر پەیکەری (زەکیٚ ئەلکان) لە سەرچناریش پێشکەشکرا .

نەورۆزی ئەلکان

**(چوار کچ بەبەرگی کوردییەوە.. مەشخەڵە دانەگیرساوەکانی دەستیان**

**لەبەردەم شانۆدا دادەنێن)**

کچ 1: چاوەڕوانبن؟

کچ 2: بێگومان

کچ 3: لەوانەیە دوا بکەوێت

کچ 4: کاوە هەرگیز دوا ناکەوێت

کچ 2: کەواتە هێشتاکە زووە

کچ 1: تاکو دێت با نێرگز بچنین

کچ 3و 4: دەی!

هۆی نێرگز..نێرگز...نێرگز...

**(هەر چواریان لەگەڵ گۆرانییەکەدا (بەئیقاێکی تایبەتییەوە, گوڵە نێرگزدەچننەوە هەریێکە چەپکێکی بۆخۆی پێیە)**

کچ 1: **(بەراکردن دێتە بەردەم شانۆ**

جەژنی نەورۆزمان پیرۆز بێت!

هەموو: پیرۆز..پیرۆز!

کـچ 1: **(چـەند تـەڵێ نێرگزەکـەی دەکاتـە شاباشـی ئامـادەبووان، دەسـتدەداتە مەشـخەڵە دانەگیرسـاوەکەی بەپەلـە دەچێتەوە جێی خۆی)**

کچ 2:**(بەپەلە دێتە بەردەم شانۆ**

جەژنی بەهارو سەریساڵمان پیرۆز بێت!

هەموو: پیرۆز.. پیرۆز!

**کچ 2: (وەك 1 مەشخەڵەکەی هەڵدەگرێتەوەو دەگەڕێتەوە)**

کچ 3: **(دێتە بەردەم شانۆ)**

جەژنی کوردو کوردستان پیرۆز بێت!

**هەموو:** پیرۆز.. پیرۆز!

کچ 3: **(بەمەشخەڵەکەییەوەدەگەڕێتەوە)**

کچ 4: **(وەك ئەوان)**

جەژنی ئازادیو سەرفرازیمان پیرۆز!

**هەموو:** پیرۆز.. پیرۆز!

کچ 2: **(لەپڕ)**

ئەها..ئەها..تروسکاییێك دەبینم

**(دێتە پێشترەوەو بۆ دوور دەڕوانێت)**

ئەوانی دی: **(لەپشت کچی2 بۆ دوور دەڕوانن)**

کچ 1: **(دێتە پێشیانەوە)**

ئەها! شۆڕەسوارێك لە دوور دیارە.. خۆییێتیو مەشخەڵی پێیە

کچ 3: **(دێتە پێشترەوە)**

مژدەی مەرگی زوحاکو سەرکەوتنی کارگەرانە.. ئەها چەکوشەکەی دەستی!

**(هەر چواریان هەلهەلەدەکێشنو, بەمەشخەڵە دانەگیرساوەکانیانەوە هەڵدەپەڕن)**

کاوە: **(بەمەشخەڵو چەکوشەوە سەردەکەوێتە سەر شانۆ)**

مژدە.. مژدە! مژدەی سەرفرازی!

هەر چواریان: **(نێرگزبارانی دەکەنو سروودی _ ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە_ی پیرەمێرد دەڵێنەوە)**

کاوە: **(بەمەشخەڵەکەی.. یێکە یێکە مەشخەڵەکانی ئەوان دادەگیرسێنێت.. سروودەکەشیان لەگەڵ دەڵێتەوە.. بەدەم سروودەکەوە کاوە لێیان دووردەکەوێتەوە)**

دەڕۆم مەشخەڵەکانی دی دادەگیرسێنم.

کچەکان: **(بەمەشخەڵەکانیان ماڵئاوایی لێدەکەن.. ئەمجا هەموویان بەدەم سەماوە.. دوانیان دەڕۆن و لە پێشەوە دادەنیشن, هەر یێکی سوچێکی دامێنی ئاڵای کوردستانیان بەدەستێکەوەیەو مەشخەڵ بەدەستەکەی دیکەیانەوە.. دوانیشیان لە دواوە بە پێوەنو, سووچەکانی دیکەی ئاڵاکەیان بەرامبەر بینەران راگرتووە، بە بزووتنەوەیێکی ئیقاعدار, ئاڵاکە بە تەختەی پشت شانۆوە هەڵدەواسن, دوابەدوای ئەمە, تەقەی فیشەك لە هەموو لاییێکەوە دەبیسترێت.. کچەکان وریادەبنەوە, بە مەشخەڵەکانیانەوە بەنێو یێکدا دێنو دەچنو..دەقریشکێنن.. ئەمجا دەڕۆن و هەر یێکە لە پەناییێکدا خۆی دەشارێتەوە)**

سەربازێك: **(بەچەکەوە سەردەکەوێتە سەر شانۆ)**

کوا؟ چی لێهات؟ بۆ کوێ چوو؟ ئەم دەمشرە ئەسلۆفەسلی عەرەبەو کەچی..

**(ئاڵاکە دەبینێت)** ئا.. ئا! ئەوە چییە؟!

**(دەچێتە بەردەم ئاڵاکەو لێی ورددەبێتەوەو دایدەگرێت)**

جەندرمەیێك: **(بەپرتاو دێتە سەر شانۆ)** هەی وەحشی! هەی تورکی کێوی، دەبێت ماڵیتبکەم.. هەی تیرۆریستی جانەوەر! داوای جیابوونەوەش دەکەیت؟**(دەچێتە لای سەربازەکەو ئاڵاکە ئەمدیووئەودیو پێدەکات)**

مێزەربەسەرێك: **(بەچەکەوە دەچێتە لایان)** هەی مەجووسی ئاگرپەرست! کوان؟ بەشەرع و دیانەت قەتڵوعامتان هەم جیهادەو هەم غەزایشە.

پۆلیسێك: **(بەچەکەوە لەبەردەم بینەراندا لە هۆڵەکەدا)** هەی گێرەشێوێن! تۆیش!؟ تۆیش چاو لەوان دەکەیت؟

**(ئاوڕ لە ئاڵاکەی دەستیان دەداتەوە)** ئای ئەوە چییە؟!

**(سەردەکەوێتە سەر شانۆو دەچێتە لایان)**

**هەر چواریان: (بەپێکەنینەوە ئاڵاکە پارچەپارچەدەکەن.. هەرچواریان لە یێکدی دەڕوانن ولێویان دەجووڵێنن.. بەدەوری یێکدا دەسووڕێنەوە, وەك ئەوەی سڵ لەیێکدی بکەنەوە.. لە یێکدی مۆڕدەبنەوەو چەکەکانیان بەرامبەر یێك ئامادەیە)**

سەرباز: ئەشهەدو ئەوەی لای ئێمە نەبێت" ئەوانی دی هەموو کوردن.. ئێوە غەدریان لێدەکەن.. ئەمانەی لای ئێمە عەرەبن‌و وەسسەلام!

جەندرمە: **(بە تووڕەیێوە)**

تۆ یاغنیشیت زۆر یاغنیشیت! تا سەرەنێزەی تورك هەبێت، لەلای ئێمە کورد وجودی نییە.

مێزەربەسەر: **(بە مۆنییێوە)**

زۆر سەهون! ئەوانەی لای من نەبێت فارسن ئیدی ئەوانی دی کوردن.

پۆلیس: هەی.. بەخوا جوانە! ئەی ئەوانەی لای ئێمە!؟

**هەر چوار کچەکە: ( بە مەشخەڵەکانیانەوە شاڵاو دێنن, هەریێکەیان بۆ یێکێکیان, تەپڵەو مێزەرو چەکەکانیان لێدەکەونە خوارەوە.. بەشپرزەیی هەڵیاندەگرنەوەو دوای کچەکان دەکەون.. بەرەو ئەودیوی شانۆ، ئەمجا هەر جارەی لە سووچێکی شانۆوە کچێك دەردەکەوێتو, داگیرکەرەکەی بەدوایێوە ئەمسەروئەوسەری شانۆی پێدەکات، ئەویش جارجار بە شاپڵێتەکەی راویدەنێتەوە، کچ2 و سەرباز بەدوای یێکەوەن‌و لە ململانێدان)**

سەرباز: **(بە دوایێوە)** تۆ عەرەبیت!

کچ 2: **(بە شاپڵێتەوە)**

من کوردم!

**(پارچەیێك لە ئاڵا دڕاوەکە هەڵدەگرێتەوە)**

سەرباز: **(جارێکی دی راویدەنێتەوە تا لەو دیو شانۆوە وندەبێ)**

جەندرمە: **(بەدوای کچ 1 دا)**

تۆ تورکیت! تورکی شاخاوی وەحشی!

کچ 1: ئەز کرمانجم!

**(جەندرمەکە راو دەنێت پارچەیێکی دی لە ئالآکە هەڵدەگرێتەوە)**

کچ 4: **(وەك کچ 2 و 1 دووبارە دەبێتەوە)**

مێزەربەسەر: **( بەدوای کچ 3 یەمەوە)**

تۆ فارسیت!

کچ 3: ئەمن کوردم!

**(لەگەڵ ململانێکەدا پارچەکەی دیکەی ئالآکە هەڵدەگرێتەوە)**

هەرچوار کچەکە: **(بەدوای یێکدا بە چەپکە نێرگزەوە دەردەکەون)**

کچ 1: سالّی دوو هەزارو **(لەسەر کاغەزێك نووسراوە(2)**

کچ 2: **(لەسەر کاغەزێك نووسراوە (6) بەرزیدەکاتەوە)**

شەش سەدو..

کچ 3: **(لەسەر کاغەزێك نووسراوە (9) بەخێرایی بەرزیدەکاتەوە)**

نەوەد

کچ 4: **(لەسەر کاغەزێك ژمارە (.) نووسراوە بەخێرایی بەرزیدەکاتەوە)**

سالّی 269.

**(بینەران ژمارەی 269. بە گەورەیی دەبینن)**

کچ1: نەورۆزی ئەمسالّمان قەدەغەکرا

هەر سی کچەکە: **(بەدەوریدا دێنو دەخولێنەوە)**

فاشستەکان دەیانەوێت ئاگرو بلّێسەی خەباتمان

بکوژێننەوە.. با هەموو جیهان ئاگاداربێت.. ئاگری

نەورۆزی ئەمسالّ بەجەستەی خۆمان دەکەینەوە.

هەموو: ئاگری نەورۆز بە شاپلّیتەو پەڕۆ ناکرێتەوە

زوو ببێتە خۆلّەمێشو تینی دامرکێتەوە

ئاگری نەورۆز بەگیانو دلّ ئەبێ واخۆشکرێ

گەر بەخورِ دیجلەو فوراتی کەیتەسەر نەکوژێتەوە

دەستو پێ ئێسکی شکاو چیلکەو چەوێلّی چاوگە بێت

لاشە هەروەك داری زەندەقلیشە کۆبکرێتەوە(*)

**(بەدەم وتنی ئەم سروودەوە دەڕۆنە ئەودیو شانۆوەو رووناکی نامێنێت)**

**(لەنێوتاریکاییدا قاوقیژ دەبیسترێت)**

---

* – **شیعری شێخ نوری شێخ سالّح**

زەکیێ ئەلکان: **(وەك بەرگی فریشتە یا هی بووکێنی لەبەردا بێت شاپلێتەیێکی بەدەستەوەیە بەرەو پێشی شانۆ دێت.. لە هەموو لاییێکەوە کچان‌و کوڕان بەرەوپیری دەچن)**

کچێك: چییە؟ شاییە؟

کوڕێك: لەوە دەچێت زەماوەند بێت

کوڕێکی دی: زەماوەندی چی؟

کچیك: ئەی ئەوەنییە بەرگی بووکێنی پۆشییوە؟

کوڕێك: من ناتوانم جیاوازی کفن‌و بەرگی بووکێنی بکەم؟

کچێك: وادیارە کەستان نایناسنەوە!

کوڕێك: نەوەڵڵا! بەڵام زۆر نازدارە

کچێك: دە گوێبگرن! ئەها ئەوەتا قسەدەکات

ئەلکان: من زەکیێ ئەلکانم!

کچ 2: زەکیێ ئەلکان! تۆ.. تۆ!

زەکیێ ئەلکانی هەموو ولأتی

کچ 1: زەکیێ ئەلکانی مایەی نەجاتی

کچ 3: زەکیێ ئەلکانی دایك کوردستانم

کچ 4: زەکیێ ئەلکانی نەورۆزو جورئەت.. قوربانیدانم.

کچ 1: زەکیێ ئەلکان لە دنیا دەنگیدایێوە

جارێکی دی زیندووبۆوەو گەڕاییێوە.

زەکیێ ئەلکان: **(شاپلێتەکەی بەرزدەکاتەوە)**

هەتا مرۆڤێك لەسەرتاپای کوردستانی مەزندا ژێردەستەو چەوساوە بێت، لە گۆڕەکەشمدا ئۆقرەناگرم، تا بستە خاکێکی ولأتم بندەستی بێگانە بێت لە گۆڕیشدا ناحەوێمەوە، با گشت جیهان باش بزانن! با فاشستەکان لەدوای مەرگم نەکەونە بوختان هەڵبەستن! بۆیێ خۆم سووتاند، چونکە فاشستەکان ویستیان گڵپەو بڵێسەی نەورۆزی ئەمساڵمان بکوژێننەوە, لەجیاتی ئەوەی بە دارو چیلکە ئاگری نەورۆزەکەم بکەمەوە" گرم لە جەستەی خۆم بەردا, بە لەش‌و گیان‌و دڵم ئاگری نەورۆزی 269.م کردەوە، کاتێ داگیرکەر قەدەغەی ئاگرە دێرینەکەی کاوەمان لێدەکات.. خۆ ناتوانێت قەدەغەی خۆسووتاندنمان لێبکات! من نەسووتێم تۆ نەسووتێی...ئەی چۆن ڕیگەی کاروانی تێکۆشانمان ڕووناك و پڕشنگدارترکەین؟!

**(مەشخەڵەکەی بەرزتردەکاتەوە)**

کچەکان: **(ئاڵأی کوردستان لەژێر مەشخەڵەکەی زەکیێ ئەلکاندا بەرامبەر بینەران والأدەکەنەوە)**

زەکیێ: **(وەك تارماییێك دەڕوات‌و مەشخەڵەکە بەدەست هەر چوار کچەکەوە دەمینێتەوە)**

کچەکان: **(بەماتەمینییێوە وەك کۆرس, بە بزووتنەوەییێکی ئیقاعدارەوە ئەم گۆرانیە دەڵێن)**

زەکێ ئەلکان، کوردستان

**هەموو:** کوردستان کوردستان

**کچەکان:** لەسەر تەختی سینەی ئاسمان,

نازدارترین کیژی جیهان..

گەشترین ئەستێرەی نەخشان

**هەموو:** کوردستان.. زەکێ ئەلکان!

**کچەکان:** ژاندارکی کورد, رەمزو ئینسان!

**هەموو:** زەکێ ئەلکان، کوردستان

**کچەکان:** رۆح و گیانی سەدەی بیستەم!

بەزێنەری خوای شەڕ, ستەم

فریشتەکەی زەوی‌و ئاسمان

هاوڕێی کاوەو کارگەران..

**هەموو:** کوردستان.. زەکێ ئەلکان،

**کچەکان:** بووکی نەورۆز.. گوڵاڵەسوورەی نیشتمان!

**هەموو:** زەکێ ئەلکان، کوردستان.. کوردستان.. زەکێ ئەلکان!

**(لەگەڵ دووبارەکردنەوەیدا, جارێکی دی نێرگزبارانی جەماوەر دەکەن)**

سلێمانی
1992

# دیداری سەرەك کۆمار

## 1

**لێپرسراوی دارایی (ل. د) و لێپرسراوی ڕێکخستن (ل.ر)ی باندەکە, لە دەوری مێزێکی بە چەندین جۆر قاپی مەی و مەزەو, پەرداخ ڕازاوە.. دانیشتوون.. وادیارە هۆڵی ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەییە.**

ل.د: ناهەقیان نییە وا لە مەوعیدەکە دواکەوتن.. دەمێکە ژنەکانیان نەدیوە.. شەش مانگ دەبێت.. وا نییە؟

ل.ر: تۆ زۆر ساویلکەیت! بۆچی وا دەزانیت لە نیوەڕۆوە تا ئێستە خزاونەتە پاڵیان!؟ بەو سەرەی جەنابت.. کە وابزانم لە پووش و جەدوەلی زەڕب زێتر هیچی دیکەی تێدا نییە! لەماوەی ئەم شەش,حەوت سەعاتەشدا, کەسیان چاویان بەویدی نەکەوتووە.. مەگەر بە نوستوویی.. هەردوو خانم هێند شەکەتبوون, فریای دوشێکیش نەکەوتن! ئەوانیش لە هۆڵەکەی خوارەوە هەر خەریکی واستەو واستەکاری خەڵکین.

ل.د: کەواتە خۆیان بۆ ئەمشەو هەڵگرتووە.

ل.ر: من دەڵێم پووشی تیایە! ئەمشەو بەرنامەکەمان بوو بە دوو بەرنامە.. یێکەمیان بۆ پێشوازیکردن و دانیشتن لەسەر شەرەفی خانمان و.. دووەمیش وتووێژ لەمەڕ دیداری سبەینێی سەرەك کۆمار.

**(سکرتێری گشتی(سکر.گ) باندو یاریدەدەرەکەی (ی.سکر) دێن.. ئەوان لەبەریان هەڵدەستن)**

سکر.گ: شەوتان باش! هەموو شتێك ئامادەیە؟!

ل.د: فەرمون! بەڵێ.. بەڵی ئامادەیەو.. تەنیا ئەوە ماوە دەستپێبکەین.

ی.سکر: وادیارە زۆرتان پەلەیە! ئەی چاوەڕوانی هەردوو خانم نەکەین!؟

**سکر.گ:** جا تا ئەوان خۆیان ڕێکدەخەن زۆر دەخایێنێت.. با تا دێن ئێمە سەرو پێك نۆشکەین! خوا دەیزانێت کەی ئامادەدەبن! ئێمە هەر فریای ئەوە کەوتین, سەرو کارتیان بۆ دابنێین تا بۆ سەعات نۆ ئامادەبن.. ئەوان لە پرخەی خەودابوون.

**ی.سکر:** ئاخر ئەوان مەیی تایبەتییان بەدیاری بۆ هێناوین!

**سکر.گ:** دەڵێم تێیکە! ئەمەیش و ئەوی ئەوانیش دەخۆینەوە.

**دەنگی ژنی سکرتێری گشتی (ژ.سکر):** نەکەن! واهاتم.. پەلەی چیتانە!؟ شەوگار درێژە.. **(بەدوو بوتڵەوە دێت)** شەوتان باش! **(بوتڵەکان لەسەر مێزەکە دادەنێت)** ئەمە نایابترین مەیی هەموو ئەوروپایە! ئێمە لەوێ هەر لەمەمان دەخواردەوە.. **(بوتڵێکیان هەڵدەگریت)** ئەمەیان تایبەتی خانمانە.. گەرچی جیاوازییێکی ئەوتۆیشی لەگەڵ ئەوی دیکەدا نییە!

**سکر.گ:** بەخێربێنەوە بۆخۆتان و دەست و دیاریتان! دەی با دەستپێبکەین.. درەنگە.. کاری زۆرمان لەپێشە.. کوا! ئەو کوا؟

**ژ.سکر:** هەر ئێستە پەیدادەبێت.. قژی چاکدەکات.. بەڕاستی ماندوو بووین. شەش سەعاتێکی نێو فڕۆکە.. دوو,سێ سەعاتی چاوەڕوانیی فڕۆکەخانە.. باشبوو سێ چوار سەعاتێ نوستین.. دوشێکمکردو.. هاکا ئەویش پەیدایوو.

**ی.سکر:** دەزانی من هێشتا نەمدیوە! کە هاتمەوە لە پرخەی خەودابوو.. تا ئێستەیش لە خوارەوە, لەگەڵ هەڤاڵی بەڕێزدا چەند میوانێکمان پێشوازیکرد.. گرفت و کێشەی تایبەتییان هەبوو.. بەڵکو لە دیداری سبەینێی بەڕێز سەرۆك کۆماردا.. ئەوانەیش بخەینە بەر چاوو چارەسەریانبکەین.. ئێستەش بابچم.. **(هەڵدەستێت)** بیهێنم..

**سکر.گ:** **(توند باڵی دەگرێت و دایدەنیشێنێتەوە)** دانیشە دەی! بەخوا ناچیت! خۆی بەپێی خۆی دێت.. دەزانم وەختە زیرەکەی بۆی!

**ی.سکر:** کوڕە خواوبێت! ئەوە شەش مانگە نەمدیوە.. هەر ئێستە دێمەوە.. بابزانم چۆنەو.. هیچی دی..

**سکر.گ:** نا.. مەزانە چۆنە! ناچیت یێعنی ناچیت.. لە دەستت ڕاناکات.. ئەمشەو وای دەبینیت لەژیانتدا وات نەدیبێت.. هەر نایناسیتەوە! من بە هەزار حاڵ ناسیمەوە.

**ژ.سکر:** نا.. نا! من هەروەکو خۆمم.. ئەویش.. هەر ئەوەیە تۆزێ دەستی بەخۆیدا هێناوە.. بە هەرحاڵ.. باشە بابزانین لەم ماوەیەدا چیتان بەچیکرد!؟ وا دیارە هێشتا هەر چاوەڕوانن!؟

**(بۆ مێردەکەی _سکر.گ)** کەیبوو تەلەفوونتکرد!؟

**ل.د:** **(هەڵدەداتێ)** خانم! بە حساب هێندەی نەماوە.. هاکا بەئاواتەکەمان گەیشتین.

**ل.ر:** بڕوا بە حساب و مسابی ئەم مەکە.. هەموو ڕۆژێك وادەی ئەمڕۆ وەفەردامان دەدەنێ.. خودا دەزانێ فەردای ئەوان کەی بێت!

**ژ.سکر.:** دەڵێی بێزووی پێوەدەکەن! هێندە پەرۆشی دیداری بەڕێز سەرۆك کۆمارن!؟

**هەموو:** (پێدەکەنن)

**سـکر.گ:** ئێـستە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە کۆبووینەتـەوە.. باشـبوو ئێـوەش ئـەمڕۆ گەڕانـەوە.. خۆشـیێکەمان بـوو بـە دوو خۆشیو..پێویستیمان بە بیرو بۆچوونی ئێوەشە.

**ژنـی یاریـدەدەری سـکرتێر _ ژ.ی _:** **(بەوپـەڕی قەشـەنگییەوە خـۆی بـە ژووردا دەکـات و _ بـەنازەوە _) بـێم!** بمبەخشن کەمێك دواکەوتم..

**(تەوقەیان لەگەڵدا دەکات)** شەوتان باش!

**هەموو:** **(بەپێوە)** شەوباش.. بەخێربێنەوە !

**ژ.ی:** **(بوتڵێـك هەڵدەپـچڕێت و پێکـەکان تێـدەکات)** لەبەرئـەوەی هـەمووان بڕوامـان بەیێکـسانی هەیـە.. بـا یێکـەمین پێکی هەموومان شەرابی خانمانەبێت!

**ی.سکر:** گەرچی ئەمە زوڵمیشەبەڵام تۆ وەرە لامەوە بزانم ئێستە چۆنیت؟

**سکر.گ:** بە رەنگ و روویدا وادیارە عەلەمی تێدا نەماوە.. بەڕاست ئێستە چۆنیت؟

**ژ.ی:** گـەلێك سـوپاس.. مێرسـی! وەڵڵاهـی ئەجزاخانـەیێك داودەرمـانم لەگـەڵ خۆمـدا هێناوەتـەوەو هیچیـشی بـەکارناهێنم.. بڕوابکـەن.. **(پێکەکـەی بەدەسـتەوەیە)** بەخۆشـیتان! **(قـومێکی لێـدەدات)** بڕوابکـەن هەرچـی دەردو نەخۆشـی هەیـە.. هـەمووی هـی ئـەم کاولخانەیەیـە.. هـەر کـە لـە سـنوور دەرچـوویت.. دەبیتـەوە بـە گـوێزی سـاغ.. ئەگـەر خـانمی هـەڤاڵی بـەڕێز لـەوێ لەگـەڵم نـەبوایێ.. ئـەوا هەرچـی نـاوی دکتـۆرو دەرمانیـشە هـەر بـیرم نەدەکەوتنـەوە.. ئێـستەیش فـەرموون.. بـابزانین کارەکـەتان بەچـی گەیـشت! **(بـۆ سـکر.گ)** خەبەرتان چییە؟

**سـکر.گ:** زۆر باشـە! ئـەمڕۆ گفتـی تـەواومان پێـدراوە.. سـبەینێ بـەڕێز سـەرۆك کۆمـار دەبیـنین.. تـا ئێـستە بەڕاسـتی لەدیدارەکەی بەگومان بووین.. بۆیێ هیچ قسەو باسێکی جددیمان لەو بارەیێوە نەکردووە.

**ی.سـکر:** کەواتـە ئێـستە بـا بەکۆمـەك و بیروبۆچـوونی هـەر هـەمووان.. بەرنامـەیێکی پوخـت و تێروتەسـەل بـۆ دانوستانی سبەی لەگەڵ سەرۆکدا دابڕێژین.

**سـکر.گ:** بـۆ کـاتی وا ناسـك و مێـژوویی گـرینگ.. دەبێـت زۆر بـە وردی لـە هـەموو روویێکـەوە بـیری لێبکەینـەوە.. نابێـت ئـەم هەلـە لەدەسـتبدەین.. دوو شـتی زۆر گـرینگ هـەن .. **نقـوودو نفـووز!** واتـا پـارەو دەسـەڵات.. ئەمانە ئەساسن.. با لەو سنوورەدا وتووێژبکەین و بەرنامەکەمان ڕێکبخەین!

**ل.د:** مـن وەك لێپرسـراوی دارایـی.. هـەموو شـتە ئەساسـیێکان بـۆ نقـوود دەگێڕمـەوە.. تەنانـەت دەسـەڵاتیش بەشـێکەلە نقـوود.. هـەڤاڵی بەڕێزیـشمان بـە وردی مەبەسـتەکەی پێکـا! دەبێـت تـا بۆمانبکرێـت پـێ لەسـەر پـارە دابگـرین و ئـەم هەلـە لـەکیس نـەدەین.. بڕێکـی وای لێ داوابکـەین, بتـوانین بـەهۆییێوە حـوکمی ناوچـەکە بکەین.

**ی.سـکر:** **(سـەردەلەقێنێت)** بێگومـان ئـەوە راسـتە! وەلێ دەبێـت لـە حاڵـەتی ئاوهـادا وریـابین و.. راسـەوخۆ داوای پـارە نەکـەین.. ئەمـە کـارێکی پەسـەند نییـە.. وەك هەمووشـتان شـارەزان.. لـەم هەلومەرجانـەدا دەبێـت دوو بەرنامـەی پوختمـان لەبەردەسـتدا بێـت.. یێکـەمیان: ئەوپـەڕی داواکارییێکانمـان Maximum.. کـە دەیکەینـە بنـچینەی دانوسـتانمان لەگـەڵ بـەڕێز سـەرۆك کۆمـاردا.. دووەمیـشیان: ئەمپـەڕی Minimum..

کەمترین دەستکەوتێك کە ئیدی مەجالی تەنازول و کەمکردنەوەی تێدا نەبێت.. (بۆ ل. ر) کاغەزو قەڵەم ئامادەیە؟

ل.ر: بەڵێ! هەر ئێستە! **(بەدەم دەرهێنانی کاغەزو قەڵەمەوە– لەبەرخۆییێوە)** خۆ ئەمانە هەر خەریکی سواڵن **(بە پێکەنینی تەوساوییێوە)** وەڵڵا ئافەرین! من وای بە باشدەزانم وەك Minimum .. داوای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە ناوچەکەدا لێبکەین! بەمسقاڵیش لێی دانەبەزین.. وەك Maximum یش.. وا چاکە راستەوخۆ بە بەڕێز سەرەك کۆمار بڵێین: توخوا بێزەحمەت ئەو کورسییەی خۆتمان بۆ چۆڵبکە!

ی.سکر: **(بەتووڕەییێوە)** تۆ دەزانیت بەجارێك شوولت لێهەڵکێشاوە!؟ ئەوەی لەم دە,پانگزە رۆژەدا تۆ بە ئێمەت کردووە" دوژمنانمان پێیان نەکردووین.. دەبێت سنوورێك بۆ ئەو گاڵتەجاڕییەت دابنێین و وەڵێ ئێستە کاتی نییە.

سکر.گ: منیش لە گاڵتەو توانجەکانت پڕم.

ل.ر: هەڤالان! ببوورن و خۆشتان سەغڵەت مەکەن! مەبەستم گاڵتەپێکردن نییەو, بگرە حەددی ئەوەم نییە..

ی.سکر: ئەگەر ئەو شەکرانەی دەیانشکێنیت.. بەمەبەستی توانج و گاڵتەو قەشمەری نین؟! ئەدی چین؟!

ل.ر: نەخێر مەبەستم هیچیان نین! دەمەوێت کەمێك بەوریاییێوە بدوێین.. با جارێ بزانین ئایا ئێمە بەڕاستی دەتوانین سەرەك کۆمار ببینین!؟

سکر.گ: ئەدی بۆچی هاتووین!؟ بۆچی تا ئێستە ماتڵیانکردووین؟! خۆ دەیانتوانی هەر لە یێکەمین رۆژەوە پێمان بڵێن: ببوورن! بڵێن: بڕۆن ملتان بشکێنن! ئەوان بە پێی خۆیان هاتنە ئوتێل و گفتی سەددەرسەدیان بۆ سبەی پێداوین.

ل.ر: زۆر چاکە.. وایدانێ بینیمان.. ئایا سەرەك کۆمار ئامادەیە لەگەڵماندا بکەوێتە بێنەو بەرەو دانوستانێکی واوە کە داواکاریی پێشکەشبکەین؟! ئائەمەیە مەبەست و دڵەڕاوکێی من.

**سکر.گ:** توخوا ئەوە عەقڵە! ئەی نازانیت بینینی هەموو پیاوێکی گەورە.. واتا داواکاری و دەستکەوت!؟

ژ.ی: نا.. ببوورە! قسەکانی هەڤاڵ زۆر راستن.. من دەزانم لە کوێوە قسەدەکات.. ئایا ئێوە لە هەڵوێستێکی هێندە بەهێزدان تا داواکاریشتان هەبێت؟!

ل.د: ئەی بۆ نا؟! ئەوەی ئێمە بۆمانکردوە" کەس بۆی نەکردووە.. هەرچی دوژمن و بەرهەڵستکارانێتیو" لەو ناوچە عاسیانەدا هەبوون.. هەموویانمان بۆ گسکداوە.

ژ.سکر: ئائەمەیە گرفتە گەورەکە.. هێندەی ئێمە لە ئەورووپاوە ئاگاداربووین.. هەڵوێستەکەتان بەگشتی نالەبارو لاوازە.. هێرش و کوشتارەکانتان جێی بێزاریو رەتکردنەوەی رایگشتی خۆماڵیو جیهانیش بوون.. تەنانەت هێندە جوێن و فەزیعەت لە بەیاننامەی کۆڕو کۆمەڵەکاندا نوسرابوون" من رووم نەهات هەندێکیانتان بۆ فاکسبکەم.

ژ.ی: بەڵام من نیو جانتام لێ پڕکردن و هێنامنەوە.. چونکە بێگومانم هەڤاڵی هاوسەرم **(ئێماژە بۆ یاریدەدەری سەرۆکی گشتی دەکات)** پێویستی پێیاندەبێت و لەکاتی لەباردا.. وەك یاداشتنامەی خۆی بڵاویاندەکاتەوەو.... بێگومان.... وەڵامیشیاندەداتەوە!

ل.ر: ببـوره خـانم! وتـت هاوسـەرت جـوێن و فەزیعـەتێك کـە پێمـانکراوە.. بڵاویاندەکاتـەوە!؟ بـڕوا ناکـەم.. ئەمـەیان هەشتەمین مەحاڵی دنیایە!

ژ.ی: (کـــەمێك دەشـــڵەژێ) ئـــاخر وتم وەڵامیاندەداتـــەوەو ڕەتیـــشیاندەکاتەوە.. مـــن دەیناســـم.. تۆڵەیـــشیان لێدەکاتەوە.. ئەی چۆن!؟

ل.ر: ئـاووا! بەهـەرحاڵ.. باجـدديتر بـدوێین و.. لەسـەر ئـەو ڕاسـتییە قـسەبکەین کـە هەڵوێـستەکەمان بەرامبـەر جەماوەرو حکوومەتیش لاوازە.

ل.د: مـن بڕواناکـەم هەڵوێـستمان بەرامبـەر حکوومـەت لاوازبێـت.. بـۆ جـەماوەریش.. ئـەوە سـبەینێ هـەوڵێکی باشـدەدەین.. تـا دەسـتکەوتێکی باشـیان لەلایـەن بـەڕێز سـەرۆك کۆمـارەوە بـۆ مـسۆگەربکەین و.. گڕوکفیـان دابمرکێنینەوە.

ل.ر: ئەمەیـە نێـرە بیدۆشـە! دەسـتکەوت و تەڕەماشـی چـی؟! تـا ئێـستەش کەسـتان نـەتانتوانی قەناعـەت بەخۆشتانبکەن, کە داخۆ ئەو ئامادەیە لەو بارەیێوە وتووێژمان لەگەڵدا بکات یان نا؟!

ل.د: ئێمـە قـسەی لەگەڵدادەکـەین.. هەرچـیمان دەسـتکەوت نەعمـەڵڵا.. نەشـبوو چـش! جـەماوەر هـەر مێگەلەکەیـە!؟ وەك هـەڤاڵی بـەڕێزیش وتـی پـارە ئەساسـی هەرهـەموو ئەساسـەکانە.. خـۆ هەرچـیچ نـەبێت دەتوانین داوای بڕێکی باش پارەی لێبکەین و ئیللەڵڵاو بڕاییێوە!

سـکر.گ: ئافـەرم! ئـەوەیان وا.. بـۆ مەسـەلەی دەسـەڵاتیش.. قەناعـەتی پێدەکـەین.. کـە حکوومـەت بەتـەنێ خـۆی نـاتوانێ ئـارامیی ناوچـەکە بپـارێزێ.. خـۆ ئەگـەر ئیـدارەیێکی هاوبـەش هـەبێت, بۆخۆیـان باشـترە.. جـا ئیـدی ئەو ئیدارەیە هەرچۆنێك بێت, سوودی ئێمەی تێدایەو.. نفووزو لایێنگرانمانی پێ زێتردەکەین.

ی.سکر: خۆ ئەگەر بە فیفتی _ فیفتی لەگەڵماندا بیکەن" ئەوە هەر بێکاوییێکە!

ل.ر: بێگومانبن! لە ئاغاو نۆکەرێتی زێتر نابێت.. ئەویش ئەگەر قبوڵمانکەن!

ل.د: تۆ هەرگیز دەمت باش ناهێنێت.. حسابەکە هێجگار وا تۆخیش نییە!

ل.ر: ئـەی حـسابەکە چـۆنە گیانـە!؟ بەداخـەوە.. زۆر درشـت و سـەرپێیانە قـسەدەکەن.. بـەبێ بەرنامـەو بـەبێ ئامـانج و بـەبێ بیرێـك لـە پاشـەڕۆژی خۆمـان! ئێـوە ئـەوە باشـدەزانن , ئـەوان بـۆ شـەڕو کوشـتارەکان و کاتێـك زۆر پێویـستیان بەئێمـە بـوو, وەك ئاغـا ئـەمریان بەسـەردا دەکـردین! ئـاخۆ بـۆ دەسـەڵات و بـەڕێوەبردنی ناوچـەکە چۆنبن!؟ کە هیچ ئیشێکیان پێمان نەماوە!

سـکر.گ: مـن پێمـوتن.. وانییـە! ئیـشی زۆریـان پێمـان مـاوە.. ناوچـەکە شـڵەژاوەو, حکوومـەت بەتـەنیا ناتوانێـت ئارامیی رابگرێت.. بە هاریکاریکردنی ئێمە, باری سیاسیو عەسکەری سەقامگیردەبێت.

ل.ر: هیـوادارم وابێـت! بـەڵام مـن وای بۆدەچـم کـە پـەڵپ و بیانوویێکمـان پێبگـرن و ئێمـەیش تەفروتوونابکـەن.. چـونکە وەك سـڵقی رووتمـان لێهـاتووەو.. لـە حکوومـەت زێـتر کەسـی دیمـان بەخۆمانـەوە نەهێـشتۆتەوە.. ئـــەوەتانێ.. تاریکـــە شـــەو ســـەرلەئێوارە دیـــارە.. پـــانگزە رۆژە بـــۆ دیـــدارێکی ســـەرەك کۆمـــار چ دەسیدەسییێکمان پێدەکەن!

سکر.گ: ئێستە کۆتایی بەم مشت و مڕە بێنن! شتی لەمانە گرینگتر هەیە باسیبکەین.. ئێوە وەك من شارەزاییتان لە ڕێوڕەسمی دیدەنی سەرۆکەکاندا نییە.. جارێ دەبێت بزانین چۆن دەچینە خزمەتی.. چۆن تەوقەی لەگەڵدا دەکەین؟! چۆن باوەشی پێدابکەین!؟ ئایا باوەشی پێدابکەین..یان نا؟ چۆن ماچیبکەین؟! لە کام لاوە؟ چەپ یان ڕاست؟ چەند ماچیبکەین؟! ئایا ڕێگەماندەدات ماچیبکەین؟! هەروەها چ جۆرە بۆنێك لەخۆمانبدەین؟! ئایا بۆن لەخۆمانبدەین یا...

ژ.ی: ئەی جەنابی سکرتێری سەرۆك کۆمار هیچی لەم بارەیێوە پێنەوتن؟!

سکر.گ: نەوەڵڵا! هەر ئەوەندەی وت.. پاکوخاوێن بین.. خۆمانبشۆین و تەراشبکەین.

ژ.ی: خەمتان نەبێت! من و خانم هێندە بۆن و کۆڵۆنیای پاریسیمان هێناوە.. چ بۆ ژنان و چ بۆ پیاوان.. بەشی شارێك دەکەن.

ل.ر: خانم! دەترسم یێکسەر سەرەك کۆمار بەبۆنبکەوێ‌ و, تووشی بەلەفیڕێ ببێت و.. نەتوانێت لە دیدارەکەدا دانوستانمان لەتەکدابکات!

**هەردووخانم: (پێدەکەنن).**

ل.د: هەر بۆ قسەی قۆڕ ئازایت!

ژ.سکر:من وای بەباشدەزانم ئەگەر سکرتێری جەنابی سەرۆکتان بینی..لەم..

**سکرتێری سەرۆك کۆمار"س.س.کۆ": (لە دەرگەدەدات و بەپەلە دێتەژوورێ.. هەموو بەشڵەژاوییێوە لەبەری هەڵدەستن) ببورن..ببوورن! لەناوەختدا هاتم.. بەڵام کارەکەمان زۆر پەلەیە.. (دەستی سکر.گ دەگوشێت) ببوورن! (ئێماژە بۆ ئەوانی دی دەکات) بەیارمەتی ئێوە.. (سکر.گ دێنێتە بەردەم شانۆو.. بەچرپە) هەر ئێستە لە کۆشکی کۆمارییێوە چاوەڕوانی هەردوو خانم دەکەن!**

سکر.گ: ئەدی ئێمە؟!

س.س.کۆ: پێموتیت.. ئێوە سبەی.. نزیکی نیوەڕۆ.. خۆم دێم بەدواتانداو دەتانبەم! جەنابی سەرۆك سڵاوی بۆتان هەیەو.. تەنانەت دیارییێکانیشی بۆ ئامادەکردوون.. ئێستە کاتی ئەمە نییەو پەلەمانە.. لەخوارەوە چاوەڕوانی هەردووخانمین بەدووعا! **(بەپەلەو بەدەست ئێماژە بۆ هەموویان دەکات)** شەوێکی شاد.. بای بای! **(دەڕوات)**

سکر.گ: **(شڵەژاوانەتر دێتەوە ناویان و, بە هەردوو خانمدا هەڵدەڕوانێت و چاوانی لەسەر ژنەکەی دەگێرسێنەوەو, هێشتا هەموو بەپێوەن)**

ژ.سکر.: **ها چیبووە! بۆ وا تێکچوویت؟**

سکر.گ: نا.. نا.. هیچ.. هیچی ئەوتۆ نییە! **(قومێك لە پێکەکەی دەدات, بۆ هەردوو خانم)** لە کۆشکی کۆمارییێوە بەپەلە داوای هەردوکتان دەکەن.. هەر ئێستە!

**ژ.سکر: باشە.. باشە! ئەدی بۆ وا سەغڵەتبوویت؟!**

**سکر.گ: ئەی چۆن!**

ژ.ی: منیش؟ **(هەڵدەستێت)** باشە ئێمەیان بۆچییە؟!

سکر.گ: نازانم! دەبێ هیچی وانەبێت.. بەس.. جەنابی سکرتێر لە خوارەوە چاوەڕوانتانە! ( **هەردوو خانم و مێردەکانیان بۆ یێکدی دەڕوانن)** دەی فەرموون! با ماتڵ نەبن! ( **هەرچواریان دەڕۆن)**

ل.د: **(هەناسەیێك هەڵدەکێشێت و قومێك دەخواتەوە)** ئۆخخەیش!.. بەڕاستی هەنگاوێکی مەزنە.. مادام لە کۆشکەوە داوای ژنەکانیان کردو بردیانن بێگومان سبەی بە ئاواتی خۆمان دەگەین و.. بە دیداری شاددەبین .

ل.ر: هەر ئەمەمان کەمبوو ژنەکانیشمان بەرن!

ل.د: **(هەڵدەستێتەوە)** هەڤاڵی ئازیز! دەزانی تۆ زۆر کەریت؟! لەبەر دوو هۆ یێکەمیان: خۆ ژنی تۆیان نەبردووە تا نیگەرانبیت.. دووەمیان:ئەوە نیشانەی ئەوەیە هەموو شتێکمان مسۆگەربووە.

ل.ر: چیمان مسۆگەربووە.. هەڤاڵی بلیمەت!؟

ل.د: بینینی سەرۆك.. ئەیچۆن! ئەوان دەیانزانی ئەمڕۆ خانمەکان دێنەوە..بۆیێ تا ئێستە دیدارەکەیان دواخست.

ل.ر: باشە! وایدانێ توانیمان بەهۆی خانمەکانەوە سەرۆك ببینین.. ئەی داواکارییێکان! ئەوانیش هەر مسۆگەرن؟

ل.د: مسۆگەرە.. ئەویش کاتی خۆی دێت.. گرینگ دیدارەکەیەتی.. ئەوسا **(قومێك لە پێکەکەی دەدات)** ئەوسا.. هەڤاڵی سکرتێری گشتیمان خۆی دەزانێت چۆن قسەی لەگەڵدادەکات.. ئەو لە هەزار ئاوی داوەو قولەپێی تەڕنەبووە!

ل.ر: **(هەڵدەستێت و گوێی دەگرێت)** باش گوێم لێبگرە! نەك قولەپێی.. بەڵکو ئاودامان و تا بینەقاقاشمان تێناوە. **(گوێی بەردەدات)** سەرەك کۆماریش هێندە گەمژە نییە, لە کورسییێکەی دابەزێت و.. پێمان بڵێت: فەرموون! بڕۆن لەناوچەکەدا ئێوە پاشابن!.. نا.. دەزانیت چیمان پێدەڵێت؟ **(دێتە بەردەم شانۆو.. لاسایی سەرۆك دەکاتەوە*)** ئحم..ئحم..ئێمەو ئێوە براین.. ئەم وڵاتە وڵاتی هەمووومانە.. وانییە!؟ ئێوە ئەرکێکی نیشتمانی سەرشانی خۆتان راپەڕاندووە.. بەس.. ئەوەش باش بزانن.. ئێوە لە من زێتر هەقی خۆتان وەرگرتووە.. لە هەموو سەرێکەوە قازانجتانە.. ها؟! پارەی باشتان وەرگرت.. چەکی نوێتان وەرگرت.. من .. منیش چاکترین و شارەزاترین ئەفسەرو دەرەجەداری خۆمم بە بەرگی پێشمەرگەوە لەتەکتاندا ناردە شەڕ.. بە بەرگی خۆتانەوە.. ها.. وانییە!؟ ئێ.... دوایش.. ئێمەو ئێوە پێکەوە سەرکەوتین.. لووتی هەموو موخەڕیبەکانمان شکاند!.. تەفروتووناامانکردن.. وانییە!؟ ئەوانە چەند دوژمنی من بوون.. واتا چەند دوژمنی خاك و وڵات بوون.. سەد ئەوەندە دوژمنی ئێوەش بوون.. وەلحاسڵ.. ئێستە ساحەکەتان بۆ چۆڵوهۆڵ بووە.. ئیدی چیتان گەرەکە!؟ وا.....

سکر.گ , ی.سکر: **(بەشپرزەیی دێنەوە)** تێناگەم.. سەیرە!

ل.د: **(بەپیریانەوە دەچێت) ها!** خێربوو؟!

سکر.گ: **(وەڵام ناداتەوەو.. بە ماتەمینییەوە لەسەر نزیکترین کورسی دادەنیشێت)**

ی.سکر: **هیچ..هیچ..** هەر ئەوەبوو.. هەردوو خانمیان برد!

ل.د: ئاخر! ئاخر نەیانوت بۆچی؟! ئیشی چیان پێیانە؟! **(بۆ سکر.گ)** هیچیان نەوت؟

ی.سکر: (**سەری هەڵدەبڕێت**) من بزانم خانمی سەرۆك کۆمار دەخوازێت بیانکاتە دەستەخوشکی خۆی و.. (**چی لە پێکەکەدایە بینی پێوەدەنێت**) لەوە زێتر زەینم بۆ هیچ ناچێت!

ل.د: لەوانەیشە وەك بارمتە لای خۆیان گلیانبدەنەوە.. تا دیدارەکەمان تەواودەبێت.

ل.ر: (**بەپێکەنینەوە**) قابیلە لەوە بترسن ئێمە لەکاتی دیداردا کارەساتێك بقەومێنین! ئەوە پانگزە ڕۆژە چاوەڕوانین.. هیچ دڵدارێك هێندە پەرۆشی دیداری دڵدارەکەی نەبوە.

ل.د: باشە.. باشە! ئەی کێ ناڵێت پاش سەعاتێکی دی نایانهێننەوە! قابیلە ئەوان نەزانن ئەوە پێنج,شەش مانگە ئێوە (**بۆ سکر.گ و ی.سکر**) یێکدیتان نەبینیوە؟! سەرەڕای ئەوەش دەزانن هەردوو خانم چەندێك ماندوون!

ل.ر: خۆ بۆ کۆڵکێشانیان نەبردوون! من بێگومانم ئەوانەی ئێوە دەیانڵێن هیچیان نین.. ئەو قسانە تەنیا بۆ دڵدانەوەی خۆتانە!

ی.سکر: (**بە تووڕەییەوە**) تۆ هەر بەدگۆیی دەزانیت.. قابیلە دوو ژن چی لێدەکەن! ئیعدامیاندەکەن؟!ها!.

ل.ر: ئەها هەڤاڵی بەڕێز! دڵەڕاوکێکەت لە چ ئاستێکدایە!؟ ناهەقیشت نییە.. بەڵام خەمت نەبێت! ئێمە هێندە گرفت و گۆبەندمان بەدواوەیە.. ئەمە لەچاویاندا هەر هیچ نییەو.. بێگومانم هیچیان لێناکەن و.. تەنیا ئەوەندە هەیە.. لەوانەیە کارێکی گرینگیان پێیان هەبێت.

ل.د: بەچیدا دەزانیت کارێکی گرنگیان پێیان هەیە..ها؟!

ل.ر: تۆ جارێ وەك فیشەکەشێتە لێم هەڵمەچۆ!

ل.د: (**زێتر قورگ درێژدەکات**) ئاخر بابزانم تۆ ئەم ڕمڵانە چۆن هەڵدەدەیت و بەچیدا دەزانیت!؟

ل.ر: بەوەدا کەوا زۆر بەپەلەو, بەم نیوەشەوە بەدوویاندا هاتن.

ی.سکر: (**بەهێمنییەوە**) بۆچوونێکی دروستە.. بەڵام ئاخۆ ئەو کارە بەکەسی دی ناکرێت, بە ژنەکانمان نەبێت!؟

ل.ر: پێدەچێت ئەو کارە هەر بەمان مەیسەر بێت و.. کەم تا زۆریش پێوەندی بە دیدارەکەوە بێت.. کە نیازوایە سبەی جێبەجێ بێت.

سکر.گ: (**چاویلکەکەی دادەگرێت**) ئێ.. ئێ! ( **لەچاویدەکاتەوە**) کەواتە ئێستە قەناعەتتکرد کە دیدارەکەی سبەی مسۆگەرە! زۆر باشە! ئەدی ئەو کارانەی بەهەردوو خانمیان هەیە.. خێرلی دەبێت یان....

ل.ر: ئەوەیان نازانم! دڵنیا نیم خێرلی بێت.. چونکە کاری باش ئەو پەلەپرووزێو چاوڕاوەی ناوێت.. بە هەرحاڵ.. مادام لە دیدارەکەی سبەی دڵنیاین.. با سووکە بەرنامەیێك ئامادەکەین.. یان هیچ نەبێت باسێکی وەزعی خۆمان بۆ سبەینێ بکەین.. خۆ تا ئێستە هیچمان (**کاغەزە سپییێکانیان نیشاندەدات**) بە هیچ نەکردووە.

سکر.گ: بەرنامەو وەزع و تەڕەماشی چی؟!.. لە حاڵەتی وادا مێشك و دەماغ چۆن کاردەکەن!

ل.د: یانی هەروا بەدەستبەتاڵی بچین و بەدەستی خاڵی بگەڕێینەوە؟

سکر.گ: ئەم مشتومڕە داخەن! پێویست بە بەرنامەو مەڕنامە ناکات.. بەدەستی خاڵی دەچین و, بە هەگبەی پڕەوە دێینەوە.. شتی زۆر باشیش بۆ کۆمەڵانی خەڵك دەبەینەوە. خۆم باشدەزانم چۆن لەگەڵ سەرۆك

کۆماردا قساندەکەم و, دەزانم چی پێدەڵێم و چی پێناڵێم.. ئێوە کارتان بەمەوە نەبێت.. لێگەڕێن بۆخۆم! (بەچرپە) هەزاری وەك ئەوم بردوونەتە سەر ئاوو.. ئاوم نەداون و.. بە لێوی وشکەوە بەرەوباوانم کردوونەتەوە.. ( **پێك نوێدەکاتەوە**).

ل.ر: ئاخر هەڤاڵ! ماری مارانخۆریش هەیە! ئەی ئەگەر ئەو هێندەی ئاودواین.. ئاوبەنگی بە هەمووماندکردو.. هیچیشمان بۆ میللەت نەبردەوە!!

سکر.گ: وادیارە هێشتا تۆ باش لە سیاسەت حاڵی نەبوویت! بەس باسی میللەت و زیللەت بکەن! ئێمە لە هەموو سەرێکەوە دەسکەوت و قازانجی چاکمان بووە.. ئەم کارانە لە سیاسەتدا کتومت جۆرێکە لە قۆنتەرات.. تەندەرمان لێداو گرتی.. ئیدی میللەت و خەڵکی بۆ کاتی خوتبەو دروشمکاری باشن.. باندەکەمان خۆی گەل و میللەت و کۆمەڵانی خەڵکیشە.. ئەوانی دی دوژمنن.. یان گاگەلن! گاگەلیش بە دوو قسەی قۆڕ قەناعەتدەکەن. دوایی دەچینەوە.. پێیاندەڵێین: بەڕێز سەرۆك کۆمار, ددانی بەهەموو مافەکانتاندا ناوەو کاغەزی سپی بۆ ئیمزاکردووین.. ئەوەتا لە تەنکەی باخەڵمدایەو.. ئیللەڵڵاو بڕاییەوە! **(دوا قومی لێدەدات)** شەویش درەنگەو سبەی کاری زۆر گرینگمان لە پێشە.. ئیدی من خەومدێت.. گەرچی زۆریش نارەحەتم **(هەڵدەستێت و تا لای دەرگەکە دەڕوات و ئیستێکدەکات)**.. ئا .. سبەی.. تەراشدەکەن.. خۆتاندەشۆن.. لەگەڵ نانی بەیانیدا, هیچی وا ناخۆن بۆنی دەمتان بێت! چونکە بەر لە دانوستان پێدەچێت ماچومۆچیشمان لەگەڵ سەرۆکدا هەبێت.. شەوتان شاد! **(دەڕوات و دەگەڕێتەوە)** دەی! ئێوەش هەڵسن.. بڕۆن ئیسراحەتێك بکەن باشترە.. **(دەڕوات)**

ی.سکر: من خەوم زڕاوە.. لەوانەیە تا بەیانی بێداربم و لێکیبدەمەوە! **(دەیەوێت بڕوات)**

ل.د: **(بۆ ی.سکر)** وەڵڵاهی حەزدەکەیت تا سبەیو کاتی دیدارەکە لەگەڵت دادەنیشم و دەخۆمەوە .

ی.سکر: **(خێسەییێکی لێدەکات و دەڕوات)**

ل.د: **(بۆ ل.ر)** ئێوە چاك خۆتان سەغڵەتکردووە! من هەر نەك بەخەیاڵیمشدا نایێت" بەڵکو حەزمدەکرد دیداری سەرۆك سەد ساڵی دی دوابکەوتایێو.. هەر لەم بەهەشتەدا بووینایێ.. جێی وامان لەکوێ دەستدەکەوێت!؟ خۆ تا ئێستە هەر خەریکی شەڕە سەگ و بگرەوبەردە بووین.

ل.ر: فیعلەن! بەنیسبەت تۆوە وایە..**(هەڵدەسێت وپێکەکە دەداتێ)** ئەوە قوزەڵقورتکەو.. هەستە!.. من وا هەستدەکەم ئەم دوو هەفتەیە دوو هەزار ساڵە لە دۆزەخدام.. دوو سەد هەزار تف و نەفرەتم لەخۆم و ئاژداوو ئاباومکردووە.. من دەچم دەخەوم.. نەك سبەی لە حزووری جەنابی پاشادا وەنەوزبمباتەوەو.. لە تەلەڤزیۆندا بە ئێجگاری ببینە پەنگ! **(دەڕوات و ئەویش بەدوایدا)**.

**2**

**(هەر چواریان لە هۆڵێکی رازاوەدان.. تەپڵەکەکانی بەردەمیان چوار پیاڵەو پەرداخی بەتاڵیان لەسەرە.. بەلاچاو سەیری یێکدی دەکەن.. ئەمجا بە دارودیواردا هەڵدەڕوانن و.. هەروەها... )**

ل.ر: **(بە باوێشکدانەوە)** وادیارە.. لێرە..

سکر.گ: **(بە مۆڕەییێك قسەکەی پێدەبڕێت و بەچرپەوە)** ها! وا دیارە ئەو سەرە سەری خۆت نییە.. وادیارە لێرە چی؟!

**ل.ر:** خۆ کفرم نەکرد! دەڵێم وادیارە لێرە لە چاخواردنەوە زێتر هەناسەدانیش قەدەغەیە!

**ل.د:** **(بەچرپە)** نا! وادیارە لێرە.. جەنابت نیازی وایە گێچەڵێکمان بۆ بنێتەوە! هەڤاڵی بەڕێزمان بە چرپە دەدویَو کەچی تۆ دەڵێیت بڵندگۆیان خستۆتە قورقوڕاگەتەوە.. چیت دەوێت! ؟ چا دەخۆیتەوە.. هەناسەدەدەیت.. ئاو دەخۆ...

**ی.سکر:** **(بەچرپە پێیدەبڕێت)** باشتر وایە کەمێك ئارامبین!!.. ئەها!!.. **(بەچاو ئێماژە بۆ بنمیچەکان دەکات)**.. ئەو هەموو کامێرا تەلەڤزیۆنیانە!! لە هەموو سووچێکدا دانەیێك بەرامبەرمانە.

**ل.ر:** **(بەدەنگی ئاسایی)** قوربان! خۆ کوێر نیم! بەرلەوەی بێینە ئێرەیش هەر دەمزانی وایە.

**ل.د:** ئەی بۆوا بەدەنگی بەرز قسەدەکەیت؟!

**ل.ر:** جیاوازی نییە..ئەم ناوەش هەمووی لاقیتەی نهێنیەو هەناسەشمانیان گوێلێیە.. ئەوە دوو سەعات زێترە دەڵێی خۆڵی مردوومان بەسەردا کراوە.. قسەیێك .. باسێك.. ئەریَ دەمتان بۆگەنی نەکرد؟!

**ل.د:** بەرێوەڵڵا! بەڵام وەك هەڤاڵی یارمەتیدەر فەرمووی.. تا ئارامتربین بۆخۆمان باشترە.. با خۆمان وا نیشان نەدەین, لە چاوەڕوانی بەڕێز سەرۆك کۆماردا بێزارو بێتاقەتین!

**سکر.گ:** وایە! دەبێت چاوەڕوانکردنی بەڕێز سەرۆك کۆمار بەپیرۆزترین و خۆشترین ساتەکانی ژیانمان بزانین.. دەممان بەخەندەو پێکەنین بێت.. ئەوسا هەموو داواکارییێکانمان جێبەجێدەبن.

**ل.ر:** کەواتە لەبەر خاتری داواکارییێکانمان... با هەر ئێستە هەڵسین و پێکەوە دەستبگرین و بیکەینە سەماو ئاهەنگ و چەقەنە! هەستم لە خۆشیاندا بایێکی پیادەم!! **(هەڵدەسێت)**

**ی.سکر:** **(چاوێکی لێ زەقدەکاتەوە)** ئاخر هەی! واشمان نەوت! تۆزیَ بەئوسووڵ! دانیشە.. دەی!

**چایچی:** **(دێت و ریزێك چاییەو پەرداخە ئاو لەبەردەمیاندا دادەنێت و بەتاڵەکان هەڵدەگرێتەوەو.. دەڕوات)**

**ل.ر:** **(بەدەم شێواندنی چاکەیێوە)** دەترسم ئەمڕۆش.. لەجیاتی بینینی پاشا, لەچاییەو ئاو هەڵقوڕاندن زێترهیچی دیمان دەستگیر نەبێت!

**سکر.گ:** **( پەرداخە ئاوەکە هەڵدەگرێت)** نا... نا.. هەڤاڵ! خەمت نەبێت.. ئەوەشیان مسۆگەرە..**(پەرداخەکە بەسەرەوە دەنێت)**

**ل.ر:** لە سەدا سەد! وانا؟

**سکر.گ:** نا.. لەسەدا ملیۆن.

**ل.ر:** یانی لە باخەڵتدایە؟!

**سکر.گ:** بەڵیَ! لەتەنکەی باخەڵماندایە.

**ل.ر:** **(دەست بەباخەڵیدادەکات و لەبەرخۆیێوە)**

وەڵڵاهی ئەوەتا سەوزەڵەگیانم دەڵێت!

**(بە دەنگی نزمەوە بۆ سکر.گ)**

باشە قوربان! تکایە زویرمەبە! من دەخوازم راست و رەوان بزانم کاتیَ سکرتێری سەرەك کۆمار هات و هەردوو خانمی برد, چی پێوتیت؟

**سکر.گ:** **(هەراسان و تووڕەیە, بەڵام ددان بەخۆیدادەگرێت)**

خەڕەکە..خەڕەك! ئەدی ئەوە نییە لێرەین؟! سەرەك كۆمار دەبینین و ئیللەڵڵاو براییوە! قابیلە ئا ئێستە پیوازمان پاككردووە؟!

**( جار جار دەست بۆ نێوگەڵی دەبات و بۆ ئەملاوئەولا دەڕوانێت)**

**ی.سكر:** قوربان! كارەكەمان زۆر دواكەوت.. لە ئوتێل چەند چاوەڕوانبووین تا بەدووماندا هاتن.. ئەوە لێرەیش چەند سەعاتە هەر چاوەڕوانین! لە مێژە كاتی نانی نیوەڕۆ تێپەڕیوە.. **هەر** چایەو ئاوو...

**(دەست بۆ نێوگەڵی دەبات)**

من.. من وەزعم پەرێشانە!

**ل.د: (فرسەت دێنێت)** وەڵڵا من رووم نەدەهات و, ددانم بەخۆماگرتووە..دەنا **(دەست بۆ نێوگەڵی دەبات و هەڵیدەگلۆفێت)** هێندەی نەماوە میزەڵدانم بپچڕێت.

**سكر.گ: (بە هەمان شێوە دەستی هەر لەنێوگەڵیدایە)** ئەدی من بۆ ناڵێن! بەخوا لەمە زێتر بەرگەناگرم.. بابزانین..

**س.س كۆ: (لەنكاو دێت و,هەموو لەبەری هەڵدەستن)**

بفەرموون بۆ ئەودیو!

**هەموو: (بێدەنگ دوایدەكەون)**

# 3

**( هۆڵێكی دیكەیەو لەوی پێشوو دەچێت.. بەڵام كورسییێكی شاهانە لەوبەریانەوەیە)**

**س.س.كۆ: (لەپێشیانەوە دێتە ژووری)** فەرموون! ئا لەمبەرەوە دانیشن! چاوەڕوانبن! هێندەی نەماوە بێت. **(دەیەوێت بڕوات)**

**سكر.گ: (بەدوویدا تا بەردەرگەكە)** بێزەحمەت! ببوورە! دەتوانم لێت بپرسم دەستشۆر لەكوێدایە؟

**س.س.كۆ: (بەزەردەخەنەوە)** بێقەزابیت جەنابی سكرتێری گشتی! جاریٚ بۆ نانی نیوەڕۆ زووە.. لێرە پاش سەعات پێنجی پاشنیوەڕۆ ئەو ژەمە دەخورێت.. **(سەیری سەعاتەكەی دەكات)** هێشتا دوو سەعاتی ماوە. **(دەڕوات)**

**سكر.گ: (لە نزیك دەرگەكەوە)** ئاخر.. گەورەم! تۆ.. بوەستە! مەبەستم ئەوە... **(دەست بە نێوگەڵیێوە دەگرێت و.. سەیری ئەوان دەكات)** وەك تێسكەی تفەنگ بۆی دەرچوو! چیبكەین!؟

**هەرسێكیان: (دەستیان لەنێوگەڵیاندایە)**

**سكر.گ: ( چاویلكەكەی دادەكەنیٚ و.. بە بۆینباخەكەی دەیسرێت و.. دەیكاتەوە چاوی و بەملاو ئەولادا دەڕوانێت.. دایدەكەنێتەوەو بەدەسەسرەكەی خاوێنیدەكاتەوەو.. دەیكاتەوە چاوی و.. دەست بۆ نێوگەڵی دەباتەوە)** ئادەی! نامەردتان نەكەن! ئێوە چاوتان تیژە.. بە هەموو لایێكدا بڕوانن! بزانن لە كوێدا نوسراوە.. دەبلیووسی.. مەرافیق.. توالێت.. دەستشۆر.. هەر شتیٚ لەم بابەتە؟!

ی.سکر: قوربان! ئەوە تۆ دەڵێیت چی؟! من سەعاتێکە چاودەگێڕم.. تەنانەت قوژبن و پەناییێکیش نییە.. لە کامێرا زێتر هیچی دی نییە.. من وا خەریکم دەپچڕێم.

ل.ر: (**دەستی هەر لەنێوگەڵیدایە**) چۆن بووین بەپەنگ!

ل.د: (**گرمۆڵەبووە**) بۆ دەبین بەپەنگ!؟ من وەختە میزەڵدانم بتەقێ و گوێیشی نادەمێ.. دیارە هەر ئێمە ئەمەمان بەسەر نەهاتووە.. بەر لە ئێمەیش هەرکەسێك بۆ دیداری بەڕێز سەرۆك کۆمار هاتبێت" حاڵی لە ئێمە باشتر نەبوە, ئیدی وایە.. هەموو کارێکی گەورە بەئاسانیو بەبێ عەزێت مەیسەرنابێت!

ی.سکر: واز لەو قسە قۆڕانە بێنە! کاری گەورەو عەزێت و تەڕەماشی چی؟! من وا تەقیم.. چارەیێك بدۆزنەوە!

ل.د: من تەنیا چارەیێك شکدەبەم.

سکر.گ: (**بەپەلە**) بڵێ!... بڵێ دەی! زوو..

ی.سکر: دەی!... خێراکە! فەرموو.. بیڵێ!

ل.د: دەڵێم.. با هەر یێکەمان بچینە بەردەم کامێرایێك و بەئیشارەت.. ئا بەئیشارەت! (**دەست بۆ نێوگەڵی دەبات**) تێیانگەیێنین! تا بێن بەدەنگمانەوە.

سکر.گ: ئاخر زۆر عەیبە! چۆن بەئیشارەت؟! لەوانەیە زۆر بەخراپی لێکیبدەنەوە.. ئەی بۆ هەر بەدەم هاوار نەکەین؟! هێشتا ئەمەیان ئەهوەنترە.

ی.سکر: هەڤاڵی بەڕێز! قابیلە خۆیان نەزانن حاڵمان چەند پەرێشانەو, جێ بەخۆمان ناگرین!؟ من گوماندەکەم.. ئەمە هەر وا بەخۆڕاییی نییە!

ل.د: منیش! بێگومانم مەبەستی تایبەتییان لەمەدا هەیە.. ئەمە نەخشەیە.. نەخشە! ئێستە لە هەر کامێرایێکەوە یێکێکیان لەسەرەوە سەیرماندەکات و بەئارەزووی خۆی پێمان پێدەکەنێت و.. هەموویشی تۆماردەکەن.

ی.سکر: ئەی دەڵێن چی داوای لێبوردن بکەین و, دیدارەکە رەتکەینەوە؟!

سکر.گ: ئەوەیان هەر نەو.. ئێمە دە پانزە رۆژە چاوەڕوانین و.. تازە دەستیشمان بەهیچ شوێنێکدا ناگات.

چایچی: (**سینیێك چاو ئاو دێنێت و دایاندەنێت.. بەتاڵەکان هەڵدەگرێتەوەو.. دەیەوێت بڕوات**)

سکر.گ: (**لکی چاکەتەکەی دەگرێت**) وەرە! ئەمانەیش بەرەوە! ئەم هەموو چایەو ئاوە بکەینە کوێمانەوە؟! وەرە.. کاکی برا! بێزەحمەت.. تکایە.. پیاوی چاکبە! پێمانبڵێ.. ئاودەست.. مەڕافیق.. میرحاز.. لەکوێدایە؟

چایچی: (**ئاوڕی لێدەداتەوە.. بەدەست و سەر ئێماژەی " نییە "ی بۆدەکات**)

سکر.گ:(**وازی لێناهێنێت**) دەستشۆر! مەرافیق! دەبلیووسی! توالێت! ئاودەست! وا کردمان بەخۆماندا.. دوایی هۆڵەکە پیسدەبێت.. هەر لە ئێستەوە بۆچرووکی میزمان لێدێت! دوایی چۆن دیداری بەڕێز سەرۆك بکەبن!؟

چایچی: (بێ بایێخپێدان) مەمنووووع! (دەڕوات)

سکر.گ: (**دەگەڕێتەوەو دەست بەدەستدا دەدات**) ئێستە چار چییە؟

ی.سکر: هیچ! هیچ! (**دەستی هەر لەنێوگەڵیدایە**) دەبوایێ هەر لەسەرەتاوەئەم هەموو چا و ئاوەمان نەخواردایێتەوە.

ل.ر: من پێشنیارێکی باشترم هەیە....

سکر.گ: (**بەپەلە**) چییە؟! خێرا...

**ی.سکر:** بڵێ! خێر!

**ل.د:** دەی ماڵم بەقوڕگرتی! هەتا تۆ دەیڵێیت من دەیکەم بەخۆما..

**ل.ر:** من وای بەباشدەزانم دانیشین بەئیسراحەت ئەو ئاوو چایانە بخۆینەوە...

**سکر.گ:** **(توورەیەو بەمۆڕەوە)** بەئیسراحەت و.. دانیشین و...بیانخۆینەوە..!! وانا؟! ئاخر چۆن هەی...

**ی.سکر:** **(چاوی لێدەردەپەڕێنێت)** ئەوانەش!؟ **(ئێمارژە بۆ پەرداخ و پیاڵەکان دەکات)** ئاخر چۆن پیاو دەهری نابێت؟ هەموویان بخۆینەوە؟!

**ل.ر:** **(بەهێمنییەوە)** بەڵێ! بیانخۆینەوەو قەترەیان لێبڕین.

**ل.د:** سەڵا لەو مێشکە پووتەت.! توخوا کەریش بەکەرییەتی خۆییەوە پێشنیاری وا قۆڕ دەکات!؟ بەم عەقڵ وماریفەتەوە چارەمان بۆ دەدۆزیتەوە!؟

**ل.ر:** بەڵێ! عەقڵ ئیشدەکات و چارەسەری عیلمی دەدۆزێتەوە.

**ی.سکر:** توخوا بەسە! تۆ دەتەوێت هێندەی دی قوڕەکەمان بۆ خەستبکەیتەوە؟!

**سکر.گ:** **(پەلاماریدەدات و بەدەستێك یێخەی دەگرێت و.. دەستەکەی دی لەنێوگەڵیدایە)** بەشەرەفم وازت لێناهێنم هەتا پێمنەڵێیت چۆن ئەوانە بخۆینەوە؟! پێمبڵێ دەی! هەی نارەسەن! هەر ئێستە! پێمبڵێ ئەوانە بکەینە کوێوە!؟ من لە هەموو شتێك خۆشبم, لەم قەشمەرییپێکردنەی ئەمجارەت خۆشنابم!

**ل.د:** منیش لەمە خۆشنابم!

**ی.سکر:** **(پەلامایدەدات)** تۆ.. تۆ هیچت تیانەهێشتۆتەوە.. دەزانی قەشمەری بەخۆشت دەکەیت! هەر ئێستە لەسەر ئەم پێشنیارەی خۆت.. چی چایی‌و ئاو لێرەدا هەیە هەموویت بەگەرووداەکەم.

**ل.ر:** **(بەهێمنییەوە)** ببوورن! بەداخەوە! ئێوە نەتانهێشت قسەو پێشنیارەکەم تەواوبکەم.. تا بزانن پەسەندە یان نا؟! ئێوە جارێ بەرمدەن!

**سکر.گ:** **(یێخەی رادەوەشێنێت)** بەرتنادەم! دەی.. قسەکەت تەواوبکە!

**ی.سکر:** **(یێخەی رادەوەشێنێت)** دەی بەپەلە! من لەمە زێتر بەرگەناگرم.

**ل.ر:** هەڤاڵان! منیش حاڵم لەئێوە باشترنییە.. بەڵام تا یێخەم بەرنەدەن.. قسەناکەم.

**سکر.گ:** **(لەگەڵ "ی.سکر"دا یێخەی بەردەدەن)** فەرموو دەی! وا یێخەمان بەردایت.. خێراکە! شەقمبرد.

**ل.ر:** **(یێخەی رێکدەخاتەوەو دادەنیشێت)** کاتێ ئەوانەمان هەمووی خواردەوە.. ئەوجا پەرداخ و پیاڵەو ژێرپیاڵەکان بەتاڵدەبنەوە.. وا نییە!؟

**سکر.گ:** گەوجە! ئێمە دەمانەوێت ئەمە **(دەست بۆ بەرمووسەڵدانی دەبات)** بەتاڵکەینەوە, نەك پەرداخ و پیاڵە!

**ی.سکر:** قوربان لێیگەڕێ! با بزانین دوای ئەوەی بەتاڵمانکردەوە.. چیبکەین!؟

**ل.د:** باشە! وایدانێ ئەوا هەموویانمان هەڵقوڕاند.. دوای ئەوەچی؟

**ل.ر:** **(بۆ ل.د)** ئاففەرم بۆ تۆ! ئەمەیان گرینگە.. دوای ئەوە بەئیسراحەت هەر یێکەمان پەرداخ و پیاڵەو ژێرپیاڵەی خۆی هەڵدەگرێت و بەدزییێوە لەپەنا قەنەفەکەدا پڕیاندەکەین لە میزو.. ئیللەڵڵاو بڕاییێوە!

**هەرسێکیان:** **(بەسەرسڕمانەوە بۆ یێکدی دەڕوانن)**

ی.سکر: پێشنیارێکی خراپ نییە !

ل.د: زۆر پەسەندە.....

سکر.گ: پێمنالێن چی پەسەندە ! یەعنی لێرەوە.. **(دەست بۆ دەمی دەبات)** تێیکەین و لێرەیشەوە **(دەست بۆ بەرمووسەڵدانی دەبات)** بیکەینە پەرداخ و پیاڵەو ژێرپیاڵەکانەوە ! ! **(دەستدەداتە پیاڵەیێك)** ئاخر پێمنالێن ئەمە جێگەی چی تیادەبێتەوە ! ؟ من هەر ئێستەو.. پێشئەوەی قومێك لەوانە بخۆمەوە کوندەیێك میزم پێیە.

ل.د: وەڵڵا من نەك بیکەمە پەرداخێکەوە.. بەڵکو بیکەمە بەرمیلێکەوە ئەوجا لەسەری دەڕژێ.

ی.سکر: **(بۆ سکر.گ)** قوربان ! هەر باشە... لە هیچ باشترە.. هیچ نەبێ بەوجۆرە پشوویێکدەدەین.

سکر.گ: پشووی چی ! **(زۆر تەنگەتاوە)** بەحسابەکەی ئەو کەرە.. ئەوەندەی تێیدەکەین.. هەر ئەوەندەی لێ بەتاڵدەکەینەوە.. واتا کەرێکمان دا بە کەرێ !

ی.سکر: **(هەر خۆی لوولدەدات)** نا... قوربان وا نییە ! ئەوەی تێیدەکەین... ئۆف ! ! ئەوە یێکسەر ناچێتە میزەڵدانەوە.. هەزار پەناو پەستێوی دی لە لەشماندا هەیە.

سکر.گ: وەڵڵاهی هەڤاڵ ! من بێگومانم هیچ پەناو پەستێوێك لە سەرتاپای لەشمی مندا نەماوە لیپاولیپ نەبووبێ‌و.. کەچی بۆ نەگبەتیش زۆرم تینووە.

ی.سکر: وا نییە.. جێگە ماوە.. وا من دەیانخۆمەوە **(پەرداخەکە هەڵدەگرێت)** ئیدی چی دەبێت بابێت.

سکر.گ: یەعنی باشە ؟ چار چییە ؟ ! **(پەرداخەکە بەسەرەوە دەنێت)** ئای باوکەڕۆ دڕام ! **(چاییێکە دەشێوێنێت و پاڵی لێدەداتەوەو سەیری پیاڵەکەی دەستی دەکات)** پیاڵەکەیش گەورەیە.. چاکە !

ل.د: **(بەتاڵەکانی خۆی بەدەستەوەیە)** وەڵڵا راستە ! پەناو پەستێوی چاك لە لەشدا هەیە.. بەس لەم هۆڵەدا پەناو پەستێوێك نییە ! ئێستە چ بکەم ؟ !

ل.ر: **(پەرداخەکەی بە دەستەوەیە)** وەڵڵا تۆ ئازایانە خواردتنەوە.

هەرسێکیان: **(بەتاڵەکانیان بەدەستەوەن و تەنگەتاون, چاو بەملاوئەولادا دەگێڕن)**

سکر.گ: **(بۆ ل.ر)** دەی ! هەر تۆ ماویت.. خێرا هەڵیقوڕێنە !

ل.ر: **(دواچۆڕی لێدەبڕێ)** نۆش !

ل.د: قوززەڵقورت !

ی.سکر: باشە... لە... لەکوێدا ! !

سکر.گ: ئالێرەدا ! لەپەنا قەنەفەکەدا.**(خەریکی کردنەوەی زنجیری پانتۆڵەکەیێتی)** هەی بەلەعنەتبی ! تۆ بۆ عاسیبوویت ! دەڵێی گرێکوێرەی بەنەخوێنە.. ناکرێتەوە !

ی.سکر: **(پیاڵەکەی لە دەست بەردەبێتەوەو بەپەلە هەڵیدەگرێتەوە)**

س.س.کۆ: **(لەپڕ دێت)** ببوورن ! وادیارە زۆر بێتاقەتن.. قەینا.. تەواو.. فەرموون لەمبەرەوە دانیشن ! هەر ئێستە بەرێز سەرۆك کۆمار تەشریفدێنێت.

هەرچواریان: **(بەدزییەوە خۆیان توندەکەنەوەو پەرداخ و پیاڵەکان دادەنێنەوە)**

ی.سکر: (بەمۆنیو بێتاقەتیو لەبەرخۆییەوە) نەیهێشت.. فریای هیچ نەکەوتین.. ئەو هەموو ئاووچایەشمان بەسەراکرد! چاك قوڕەکەمان بۆ خۆماخەستکردەوە.

ل.د: (بەچرپە) خەستی چی؟! وەڵڵا ئەوەندە شلە.. وا لای منەوە لەخوارەوە دڵۆپەدەکات! (دەستی لەنێوگەڵیدایە)

سکر.گ: (لەگەڵ س.س.کۆ دا مشیومرپێتی) ئاخر قوربان! چۆن؟ ئێمە.. وا خەریکە..

س.س.کۆ: دەزانم... دەزانم... نابێت... تازە نابێت و هیچ مەجالێکیش نەماوە... ددان بەخۆتاندابگرن.. هەمووی پێنج دەقیقەی دیکەتان ماوەو .. تەواو!

سکر.گ: (هەر لەگەڵیدا خەریکە)

ی.سکر: (بەچرپە) دە لێیگەڕێ!.. بابڕوات و فریای خۆمانکەوین. (بەدزییەوە پەرداخەکە هەڵدەگرێتەوەو هەوڵدەدات دەرفەتێك بدۆزێتەوە..)

ل.ر: (پەرداخەکە هەڵدەگرێت) بەخوا فەرقی نییە.. ئەمە جێی چی تێدادەبێتەوە!؟ دوای پڕبوونی.. ئیدی بۆمان ناگیرێتەوەو.. لافاو هەڵدەستێت.

س.س.کۆ: (بەپەلە بۆ سکر.گ) مەشغوولم مەکەن! هاکا تەشریفیهێنا.. (فرتەی بۆدەکات)

سکر.گ: (دادەنیشێتەوەو پەرداخەکە هەڵدەگرێت و چاو بەملاوئەولادا دەگێڕێت) سوودی نییە.. نەوەڵڵا...

ل.د: (سەیری پەنجەکانی دەستی دەکات) ئەوە چییە!؟ خۆ هەر لەخۆیانەوە تەڕبوون!

سکر.گ: (بۆ نێوگەڵی دەڕوانێت) ئەرێوەڵڵا.. من تەواو! (هەڵدەستێت وسەیری قەنەفەکە دەکات) ئەرێوەڵڵا! (دەسرەکەی دەردێنێت و دەیەوێت بیسڕێت) خۆ دایداوەتە خواریشەوە.

ی.سکر: (وەك ئەو هەر خەریکە سەر هەڵدەبڕێت و بۆ"سکر.گ") نا.. خەمت نەبێت.. دایناداتە خوارەوە.. ئەسفنجەکەی هەمووی هەڵدەمژێت.. تەنیا بەرگەکەی دیارە تەڕبووە.. ئەها منیش!

س.س.کۆ: (لەوسەری هۆڵەکەوە.. لە دەرگەیێکی دیکەوە بەپەلە دێت) ئەوا تەشریفیهێنا.. ئامادەبن!

هەموو: (بەپێوە وەك بت دەوەستن و.. بە لەپی دەستیان نێوگەڵیان دادەپۆشن)

س.س.کۆ: ئەوە چییە؟ وا نابێت.. دەستان لابەن! ڕێك بوەستن!

هەموو: (دەستیان لادەبەن.. تەڕایی نێوگەڵیان دیارە) **

(دوو وێنەگری تەلەڤزیۆنی بەکامێراکانی سەرشانیانەوە.. پشتاوپشت دێن و ئەوجا یێکێکیان بادەداتەوەو.. وێنەی هەر چواریاندەگرێت.. س.س.کۆ.. دەچێتە بەر دەرگەکەی ئەوسەر .. دوو گاردی تەشت و دەبەی ئاو بەدەست دێن.. لەملاو ئەولای کورسیە بەرزەکەوە دەوەستن.. کامێراکان لە هەردوو قوژبنەکانی پشتی ئەمانەوە وێنەی سەرۆك کۆمار دەگرن.. کاتێ سەرۆك دێت.. دوو خانمی خاولی و شامپۆو کۆلۆنیا بەدەست بەدوای سەرۆکەوەن.. سەرۆك لەسەر کورسیێکەی دادەنیشێت و خانمەکان لەملاوئەولای خوارەوەی دەوەستن.)

ی.سکر: (بەچرپە بۆ سکر.گ.) ئەوانە ژنەکانمان نین؟!

سکر.گ: (لەژێر چاویلکەوە دیقەتدەدات) نە بابە! کەی ژنەکانمان وابوون؟! ئەها سەیری سەرو قژی ئەمانە بکە.. بەخوا ئەگەر ئێستە ئەوەی خۆم بێتە بەردەمیشم نایناسمەوە.

ی.سکر: خوا بکات ئەوان نەبن.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET

سکر.گ: ئەوانبن یان نەبن گرینگ نییە.. ئێمە موشکیلەیێکی لەوە خراپترمان هەیە.. ئەها.. سەیری گەڵ و گیپاڵمان!! چەندیشی لێ رۆیشتووە هێشتا دە هێندەی تێداماوە.

**هەردوو خانم: (هەرییێکەیان خەریکی کردنەوەی قەیتانی تاکێ لە پۆستاڵەکانی سەرۆکن.. ئەمجا گۆرەوییێکانی دادەکەنن.. لەسەر تەشتەکە.. دەستدەکەنە شتنی قاچی.. بە ئاوو شامپۆ.. دوایی بە خاولی بۆی وشکدەکەنەوە.. ئەمجا کۆلۆنیای پێدا دەرێژن.. دوای کەمێك گۆرەوی نوێی لەپێدەکەن و, قەیتانی پۆستاڵەکانی گرێدەدەنەوە)**

**سەرۆك کۆمار: (لەم کاتانەدا.. جارجار دەستێك بە سەرو قژیاندا دەهێنێت و .. سەر بەرزدەکاتەوە .. بۆ هەرچواریان)** ئەوە هەر بەپێوەن! فەرموون دانیشن! **(بۆ خانمەکان)** سوپاس! ئەزییێتتان کێشا.

**ژ.ی: (بەزەردەخەنەوە)** سوپاس بۆ بەرێزتان.. کە ئەم شەرەفە گەورەیەتان پێرەوا بینین!

**ژ.سکر.: (بەپێکەنینەوە)** خۆشترین و بەختەوەرترین شەوو رۆژی ژیانمانبوو.

**سەرۆك کۆمار: (سەیری سەعاتەکەی دەکات و.. بۆ خانمەکان)** ببوورن! من کاری زۆر گرینگم لەپێشە.. دەبێ برۆم.. **(هەڵدەستێت و دەست دەخاتە سەر شانی هەردوکیان)**

**هەر چواریان: (هەڵدەسنەوەو رەپ دەوەستن)**

**سەرۆك کۆمار: (لەگەڵ خانمەکاندا تا نزیك دەرگە دەڕوات..)** جارێکی دی سوپاس! ئیدی ئاگاداری مێردو هەڤاڵەکانتان بن! **(دەڕوات)**

**هەردووخانم:** خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت.. مایەی سەربەرزی و شانازیمانیت.. خوات لەگەڵ.. **(بە شادی و پێکەنینەوە بەرەو ئەمان دێن)**

**س.س.کۆ: (چوار قات بەرگی نوێ.. بەدەرپێ و فانیلەو پێڵاوەوە دەداتە دەست خانمەکان)** ئەمانە دیاری سەرۆك کۆمارن.. لەگەڵیاندا بچن! با گەرماوی خۆیان بکەن و.. خۆیان خاوێنبکەنەوە.

**ی.سکر: (شپرزەیە)** ببوورە! واتا.. دوای گەرماوو خۆگۆڕین ئەوجا لەگەڵ بەرێز سەرۆك کۆماردا کۆدەبینەوە؟

**س.س.کۆ:** کۆبوونەوەی چی!؟ نا.. نا.. دوای گەرماوو خۆگۆڕین ئیدی کاتی نانخواردنە.. بێگومانم زۆریشتان برسیە.. نان ئامادەیەو.. دوایی پێکەوە نانده‌خۆین.

**سکر.گ:** یەعنی لەگەڵ بەرێز سەرۆك کۆماردا ناندەخۆین.. وانا؟

**س.س.کۆ:** نا.. نا.. هەرخۆتان.. بەئیسراحەت ناندەخۆن .

**سکر.گ:** ئەی دوایی؟!

**س.س.کۆ:** دوایی بە کەیفی خۆتان.. کەی پێتان خۆشبوو دەتوانن بچنەوە بۆ ئوتێل.

**سکر.گ:** ئاخر ئێمە ویستمان بەرێزی ببینین.

**س.س.کۆ:** ئەی نەتانبینی؟! پێنج دەقیقە زێتر ئەو شەرەفە گەورەیێتان پێبڕاو.. بێگومانیشم گەلێ بەدیدەنی شادبوون.

**سکر.گ:** ئاخر ئێمە دەمانویست لەگەڵ بەرێزیدا بدوێین.

س.س.کۆ: نا... نا... ئێوە داواتانکرد ببینن.. بەزیادەوە بینیتان و براییێوە! ئێستە فەرموون خەریکی کاری خۆتانبن! خانمەکان رێنماییتان دەکەن

**هەرچواریان: (سەیری یێکدی دەکەن و بۆ نێوگەڵی یێکدی دەڕوانن.. تەڕایی تا نێو پێڵاوەکانیان چووە)**

هەردوو خانم: (بەسەرسامییێوە بۆیان دەڕوانن.. بەرگە نوێکان بەسەریاندا دابەشدەکەن)

ژ.سکر.: ناوەکانتان لەسەریان نوسراون. ها ئەمەیان هی تۆیە !

ژ.ی: هەرییێکەو قیاسی خۆی.. ها ئەمەیان ... ئەوەش پێڵاوی تۆیە.

سکر.گ: (شپرزەیەو لەبەرخۆییێوە) وایە ! ئەرێوەڵڵا وایە... بینینی سەرۆك وایە.. ئێمە داوای بینینیمانکرد..ئەی وانەبوو؟

ئەشهەدو بیللا بینینی سەرۆك كۆمار هەر وادەبێ!

ل.د: ئەشهەدوئەکبەر بینین و دیداربوو قوربان! با تا زووە خۆمان بگەیێنینە توالێت.

ل.ر: وەڵڵا من تازە پێویستم بە توالێت و میرحاز نەماوە.. تەنیا پێویستم بەگەرماوە.. ئۆخەی حومام کە خۆشی! ؟ یاڵڵا بۆ گەرماو!

سکر.گ: بۆ دەبلیوو سی !

ل.د: بۆ مەڕافیق!

ی.سکر: ئاودەستخانەو هیچی دی!

* لە کاتی نمایشدا دەتوانرێت ئەم لاساییکردنەوەیەی سەرۆك بە زمانێکی بێگانەبێت.. وەك عەرەبی, فارسی, تورکی..

** کاراکتەرەکان دەتوانن بەدزییێوە ئاوی پەرداخەکان بۆ تەڕکردنی نێوگەڵیان بەکاربێنن

ئەنکەرە– تورکیا

. 2..

# Reuf Hesen

# DiDARi SEREK KOMAR

## Şeş Şanoname

### بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

1– گەردوون / بابەتێکی زانستییە (The Universe-1967)

2– چەکەرە / کۆمەڵە چیرۆك (لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکەدا) (The Bud-1973)

3– سبەینێ باوکت دێتەوە/ کۆمەڵە چیرۆك (Your Father Will Come Back Tomorrow-1979)

4– کرێکارو چیرۆکی کوردی / رەخنەو تۆژینەوە (The Workers And The Kurdish Stories-1982)

5– دەرزیئاژنی خەمەکان (پێشەکیو لێکۆڵینەوە) –لەگەڵ سێ نووسەری دیکەدا– (Frieking The Hurts – 1988)

6– تیۆری نیسبی / بابەتێکی زانستییانەی وەرگێڕراوە

(The Relativity Theory-1984)

6- ئەلفاوبێتای ڕۆژنامەگەری The (Journalism’s Alphabet-1999)

7- وێنەکەی خوشکت / کۆمەڵە چیرۆك (Your Sister’s Photo-1999)

8- خۆری تار (کۆچی سوور) / ڕۆمان (The Obscure Sun-1999)